# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵلا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - زریان محەمەد


2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# جیل دۆلۆز

بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 41 )

# کۆچەرێک لە دوو بەندەردا

## خوێندنەوەی دۆلۆز بۆ کانت و نیتچە

ئا: هاوار محەمەد

ڕەنگە حوکمێکی قورس نەبێت، ئەگەر بڵێین جگە لـەوەی دۆلۆز فەیلەسوفە، فەیلەسوفێکی ناوازەیشە، ئەو کە سەر بە پۆست مۆدێرنەکانە، کەچی فەیلەسوفانی پێش خۆیشی زۆر باش ناسیوە و تێیانگەیشتووە، بە تایبەت ئەوانەی کە بۆ دۆلۆز جێی بایەخ بوون. وێڕای گرنگیدانی پۆستەکان (بۆ نموونە لیوتار، فۆکۆ) بە فەیلەسوفانی پێشخۆیان لەوانە کانت و نیتچە و هایدیگەر، کەچی وا پێدەچێت دۆلۆز حاڵەتێکی جیاواز، یان دیاردەیەکی ناوازە بنوێنێنەوە. دۆلۆز لەڕێگەی کتێب و توێژینەوەکانییەوە لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدا بووە لە مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە، بەو مانایەی ئەو هەوڵانەی زەقکردوەتەوە کە بناغەڕێژ یان کۆڵەکەی مۆدێرنە و زەمینەسازی پۆست مۆدێرنە بوون. دۆلۆز ئەم مێژووەی فەلسەفە وەک ڕووداو دەبینێت. توێژینەوەکانی ئەو لەبارەی فەیلەسوفانی پێشخۆی و سەردەمی خۆی ناکرێت چاوپۆشییان لێ بکرێت و ئاماژەیان پێ نەکرێت. بۆ نموونە ئەو لەبارەی (هیوم)ەوە دوو کتێبی نووسیوە، لەبارەی (سپینۆزا) وە دوو کتێبی نووسیوە، لەبارەی کانتەوە (فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت)و، لەبارەی برگسۆنەوە (برگسۆنیزم) و لەبارەی نیتچەشەوە (نیتچە و فەلسەفە) ی نووسیوە. ئەم هەوڵانە دەرخەری ئەوەن کە دۆلۆز لەسەر هەوڵە پەرش و بڵاوەکان و لەبەردەم فەرادەت و ناوازەییەکانی مێژووی فەلسەفەدا وەستاوە، ئەمەش بە مەبەستی زەقکردنەوەی ئەم تاکایەتی و ناوازەییانە و دەرخستنی

ئەوەی کە هزر ڕوویداوە، لە ساتێکدا ڕوودەدات و لەجیاتی ئەڵقە بێت درزە لەنێو زەمەندا، هزر یەکێتییەکی بەردەوام و هێڵی لێکنەپچڕاوی پەرەسەندن نییە، بەڵکو ڕووداوی پەرتەوازەیە، گەڕان نییە بەدوای نموونەگەلی نوێی هزریدا، بەڵکو گەشت و گەڕۆکی و بزۆزی و کۆچەرێتییە لە مێژووی ناجێگیر و ئاڵۆزی ماوەی زەمەنی جیاوازدا.

لای دۆلۆز فەلسەفە هەڵسەنگاندنە، ئەمەش واتە کایەیەکی ناکەسیی (impersonal)، تەنیا کۆمەڵێک ڕووداو دەنوێنێت کە دەکرێت پۆتێنشیالەتی بوونە چەمکیان هەبێت و وەک چەمک شیاو بن، ئەم تێگەیشتنەش هێڵە وەهمییەکان و یەکێتییە ساختەکەی مێژووی فەلسەفە تێدەپەڕێنێت و لەمەشەوە فەلسەفە بریتییە لە «داهێنانی چەمکەکان».

### 1. خوێندنەوەی دۆلۆز بۆ کانت

دۆلۆز لەبارەی کتێبی «فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت»ـەوە دەڵێت: «ئەو کتێبەیانم کە لەبارەی کانتەوەیە لە کتێبەکانی تر جیاوازە، چونکە وا پێوەی سەرقاڵ بووم، وەک ئەوەی بە دوژمنەکەمەوە سەرقاڵ بووبم، تاکو بزانم چۆن خۆی و ئامێرەکانی ئیش دەکەن». ئەم کتێبە پێکهاتووە لە (دەروازەیەک و سێ بەش و کۆتاییەک). لە دەروازەکەدا دۆلۆز خەریکی پێشزەمینەسازییە بۆ ڕوونکردنەوەی چەند بیرۆکەیەک، کە لە سێ بەشەکەی تردا تاوتوێیان دەکات، ئەویش بە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدانەی کە کانت لە فەلسەفەکاریدا بەکاری هێناون و پەیڕەوی لێکردوون. ئەم دەروازەیە درووستکردنی وێنەیەکی گشتییە لەسەر فەلسەفەی کانت و خودی کتێبەکەی دۆلۆز و بەشەکانی تر باسکردنی ئەم دەروازەیە بە درێژیی و وردەکاریی.

لای دۆلۆز، ئەو میتۆد و ڕێگەیەی کانت بۆ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی

فەلسەفی بەکاری هێناوە میتۆدی ترانسێندنتالییە. سەرەتا دۆلۆز پێناسەی عەقڵ لای کانت دەکات بەوەی «زانستی پەیوەندیی نێوان هەموو زانیاریی و مەبەستە جەوهەرییەکانی عەقڵی مرۆییە»، (فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت، ل5). بۆیە دۆلۆز پێیوایە کانت هەم لەگەڵ ئەزموونگەراکان، هەم لەگەڵ عەقڵگەرا دۆگماتیکییەکاندا کەوتوەتە ململانێ و کێشمەکێش و کێشەوە، لەبری ئەمانە فەلسەفەی کانت ڕەخنەییە.

ئەزموونگەراکان پێیانوایە عەقڵ فاکەڵتی مەبەستەکان نییە و بگرە عەقڵ ئامانج نییە، بەڵکو تەنیا ئامرازێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ کۆکردنەوەی و گونجاندنی پێدراوەکان (معطيات). عەقڵانییەتی دۆگماتیکیش، ئەگەرچی بڕوایەکی سەرسەختانەی بە عەقڵ هەیە، کەچی مەبەستەکانی بوون و بوونی مرۆیی و شارستانێتیان بردوەتە دەرەوەی ئەم فەزایە و بەستوویانەتەوە بە بوونەوەر، یان جیهانێکی دەرەکی و باڵاوە. لەم ڕوانگەیەشەوە جیاوازییەک لەنێوان ئەزموونگەرایی و عەقڵانیەتی دۆگماتیکیدا نییە، چونکە هەردوولایان ئامانجەکان دەبەنە دەرەوەی عەقڵ یان بوونەوەری عەقڵانی. گرنگی پرۆژە ڕەخنەییەکەی کانتیش هەر لێرەدایە، بەوەی کانت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئامانجەکانی کولتوور و شارستانێتی ئامانجی تایبەت بە عەقڵن و بگرە بە ڕەهایی دوا ئامانجن.

### ١. مانای فاکەڵتییەکانی عەقڵ

لای کانت عەقڵ بریتییە لە فاکەڵتییەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا، دۆلۆز دوو مانای چەمکی (فاکەڵتی) دیاری دەکات. یەکەمیان: هەر تێگەیەک (Notion) لە پەیوەندیدایە لەگەڵ شتێکی تردا، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی واتە پەیوەندی خودی و بابەت. لەمەشدا دوو ئاستی

پەیوەندی خودی و بابەت هەیە، لە ئاستی یەکەمدا گونجان و تەبابوونی فاکەڵتییەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئەم پەیوەندییەش فاکەڵتیی زانین دەستنیشانی دەکات، یان ڕێکی دەخات و دایدەڕێژێت. لە ئاستی دووەمیشدا تێگە دەکەوێتە پەیوەندییەکی هۆکارەکییەوە لەگەڵ بابەتەکەیدا، ئەمەش فاکەڵتی ئارەزوو (ڕەغبەت) دایدەڕێژێت و دەستنیشانی دەکات، بەڵام لە هەستکردن بە چێژ و ئازار کە فاکەڵتی حوکمدانە، فاکەڵتییەکانی دەکەونە پەیوەندییەکی هەڕەمەکییانەی ئازادەوە، نەک لەگەڵ بابەتەکەدا، بەڵکو لەنێوان خۆیاندا و لەنێو خودی سوبێکتدا.

پرسیاری دۆلۆز ئەوەیە ئایا ئەم فاکەڵتییانە شێوەی باڵایان هەیە؟ دۆلۆز وای بۆ دەچێت کانت لە تەواوی سێ ڕەخنەکەیدا «ڕەخنەی عەقڵی پەتی» و «ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکی» و «ڕەخنەی فاکەڵتی حوکمدان» بەم کارەوە سەرقاڵە. ڕەخنەی یەکەمیان ڕامانە لە پەیوەندی فاکەڵتییەکان بە پێشەنگیی فاکەڵتی باڵای زانین. ڕەخنەی دووەمیان ڕامانە لەپەیوەندی ئەم فاکەڵتییانە بە پێشەنگی فاکەڵتی ئارەزوو، بەڵام ڕەخنەی سێیەمیان لەو دوو حاڵەتە بەدەرە و جێگای ئیشکالییەتێکی سەختی هزری و پراکتیکییە، چونکە پرۆسەکە لەنێو سوبێکتدا ڕوودەدات و فاکەڵتی حوکمدان ناکەوێتە پەیوەندی ستوونی و پێشەنگبوون لەگەڵ فاکەڵتییەکانی تردا، (فاکەڵتی مەعریفە و فاکەڵتی ڕەغبەت)، بەڵکو دەکەوێتە پەیوەندییەکی ئازادانەی هەڕەمەکییەوە.

کەواتە مانای یەکەمی فاکەڵتی بریتییە لە پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی تێگە و وێناکردن (زانین، ئارەزوو، حوکمدان). وەلێ دۆلۆز مانای دووەمی ئەم چەمکە بەمجۆرە لێکدەداتەوە: «سەرچاوەیەکی جۆریی تایبەت بە تێگە و وێناکردنەکانە» (فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت، ل15). ئەمەش لەجیاتی فاکەڵتییەکانی (زانین، ئارەزوو، هەستکردن بە چێژ و ئازار) لە

حاڵەتی یەکەمدا، لە حاڵەتی دووەمدا (ئیدراک و عەقڵ و خەیاڵدان) دەبنە سەرچاوەی ئێگە و وێناکردنەکان. بە هەمان شێوەی مانای یەکەم لە مانای دووەمیشدا ئەم فاکەڵتییانە دەکەونە نێو پەیوەندییەوە.

دۆلـۆز پەیوەندی ئـەم دوو مانایەی چەمکی فاکەڵتی بەمجۆرە ڕووندەکاتەوە: «لە مانای یەکەمدا فاکەڵتی برینیە لە شێوە باڵاکەی، کە لە ڕووی خودییەوە سەربەخۆ و یاسادارێژە، واتە یاساکان دەرهەق بە بابەتەکانی خۆی دادەڕێژێت و ملکەچیان دەکات، ئەمەش واتا لە هەر حاڵەتێکی پەیوەندی فاکەڵتییەکاندا بە پێی دۆخەکان و بەرژەوەندییەکانی عەقڵ یەکێک لە فاکەڵتییەکان زاڵ دەبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا و پەیوەندییەکان ڕێکدەخات و یاساڕێژیی دەکات بۆ ئەو بابەتانەی، کە ملکەچی دەبن، ئەم فاکەڵتییە زاڵ بووەیش، واتا شێوەی باڵای ئەو فاکەڵتییە، بۆیە پرسیار لە مانای یەکەمدا برینیە لەوەی ئەم شێوە باڵایانە چین؟ و ئەو بەرژەوەندییانەی عەقڵ کامانەن؟». بەڵام پرسیار لە مانای دووەمدا ئەوەیە چی دەستەبەری ملکەچبوونی بابەتەکان دەکات و چۆن بەرژەوەندییەکانی عەقڵ وەدیدەهێنرێن؟. لە مانای یەکەمدا بەرژەوەندییەکانی عەقڵ لەگەڵ فاکەڵتییەکاندا دەسازێن و لە مانای دووەمیشدا ئەم بەرژەوەندییەیان وەدی دێنێت. لە حاڵەتی ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا، کە فاکەڵتی زانین پێشەنگە، فاکەڵتی باڵای زانین بەرژەوەندی بیرکردنەوەی عەقڵییانەی هەیە و لە حاڵەتی ڕەخنەی عەقڵی کردەییدا، کە فاکەڵتی ئارەزوو پێشەنگە، فاکەڵتی باڵای ئارەزوو بەرژەوەندیی کردەییانەی عەقڵی هەیە.

دۆلۆز ئەم تۆڕە ئاڵۆز و بەیەکدا چووە، بەم نموونەیە ڕووندەکاتەوە: «لە دۆخی عەقڵی پەتیدا کەشفی فاکەڵتی باڵای مەعریفە دەکرێت، واتا بەرژەوەندی بیرکردنەوەی عەقڵییانە. ئەم بەرژەوەندییە دەپەرژێنە سەر

دیاردەکان، جا لەبەرئەوەی دیاردەکان نۆمین نین، کەواتە بۆ ئەوەی بوونی مەعریفە لە تواناڤا بێت ئەکرێت (یان ئەبێت) ملکەچی فاکەڵتی زانین بن، بەڵام دوای ئەمە دەپرسین ئەی ئەو فاکەڵتییە کامەیە، کە وەک سەرچاوەی تێگەکان (مانای دووەم)». ئەم ملکەچبوونە مسۆگەر دەکات و ئەم بەرژەوەندییە وەدیدێنێت؟ واتا فاکەڵتی یاساداڕێژ و ڕێکخەر لە مەعریفەدا کامەیە؟ وەڵامی کانت (ئیدراک)ـە، بەڵام باڵادەستی ئیدراک ڕێگری ناکات لە کاری فاکەڵتییەکانی تر، بەڵکو کۆمەکیان لێ وەردەگرێت و لەگەڵ ئەرک و ئامانجەکانی خۆیدا دەیانگونجێنێت. لە حاڵەتی عەقڵی پراکتیکیدا، فاکەڵتی عەقڵ یاساڕێژیی و ڕێکخستن ئەنجامدەدات و بەرژەوەندی کردەیی عەقڵ بەدی دێنێت.

**ب. پەیوەندی فاکەڵتییەکان لە عەقڵی پەتیدا:**

بەشی یەکەمی کتێبی (فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت) تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوان فاکەڵتییەکان لە ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا و هەر لە سەرەتایشەوە پەیوەندی نێوان پێشووەکی (apriori) و ترانسێندنتالی دیاریدەکات. پێشووەکی زەروری و گشتگیرە و سەربەخۆیە لە ئەزموون، چونکە ئەزموون هەرگیز شتێکی زەروری و گشتگیرمان پێنادات (فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت، ل21). وەلێ دەبێت ئەزموون هەلی مومارەسەکردنی ئەم بنەما پێشووەکیانەمان بۆ بڕەخسێنێت، ئەگەرنا پووچەڵ دەبنەوە، کەواتە بنەما پێشووەکیەکان بنەمای سوبێکتین، بەڵام سوبێکتێکی ئەزموونگەرا یان سایکۆلۆژی نا، بەڵکو سوبێکتێکی ترانسێندنتالی. بنەمای ترانسێندنتالی، واتە ئەو پرەنسیپەی کە بەهۆیەوە ئەزموون ملکەچی تێگە پێشووەکییەکانمان دەبێت. لێرەوە دۆلۆز پێیوایە کانت بیرۆکە کلاسیکییەکەی پەیوەندیی

گونجاوی و تەبایی سوبێکت و ئۆبێکتی گۆڕیوە بە بنەمایەک بە ناچاری ئۆبێکت ملکەچی سوبێکت دەکات، هەر لەمەشەوە دۆلۆز وەزیفەی فاکەڵتییەکان لە ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا دیاریدەکات. (ئیدراک) دەبێتە فاکەڵتی ڕێکخەر و دارێژەر بۆ سەنتێز (تالیف)ی دیاردەکان لە تێگەدا، بەم جۆرەش دەبێتە شێوەی باڵای فاکەڵتی زانین، بەڵام ئەمە بێ میانجیگەری (خەیاڵدان) سەرناگرێت. دیاردەکان ملکەچی خودی تەبابوون بە خەیاڵدان نابن، بەڵکو بەهۆی ئەم تەبابوونەوە ملکەچ دەبن بۆ (ئیدراک). هەرچی فاکەڵتی عەقڵیشە بەرپرسە لە بەڵگەگیریی و بەهێماکردنی ماددەی بابەتە هەستییەکییەکان بۆ ئیدراک و خەیاڵدان. وەزیفەی ئەم سێ فاکەڵتییە پێکەوە و بە سەرپەرشتی ئیدراک هەستی هاوبەشی تێهزرین پێکدەهێنێت. هەستی هاوبەش نەک وەک ئەزموونێکی پاشەکی شتە بەرهەستەکان، بەڵکو وەک ڕێکەوتنێکی پێشوەکییانەی فاکەڵتییەکان لەگەڵ یەکتردا.

**ت. پەیوەندی فاکەڵتییەکان لە عەقڵی پراکتیکیدا:**

دیسان لە ڕەخنەی عەقڵی کردەییشدا ئەم فاکەڵتییانە دەچنەوە نێو پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لەم کایەیاندا عەقڵ پێشڕەوی فاکەڵتییەکانی تر دەکات و ڕێکیان دەخات و ڕێساکان دەربارەی بابەتەکانی خۆی دادەڕێژێت، ئەمەش بە گوێرەی بەرژەوەندی کردەییانەی عەقڵ، بە مانایەکی تر دارشتنی یاسای ئەخلاقی. دۆلۆز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لە ڕوانگەی کانتەوە تەنیا فاکەڵتی عەقڵ بەرپرسە لە شێوەی دارشتنی یاسای ئەخلاقیی ئەوتۆ کە بشێت ببنە یاسای گەردوونی، ئەمەش واتا شێوەی باڵای فاکەڵتی ئارەزوو (ڕەغبەت). بابەت و فەزای ئەم یاساڕێژییە عەقڵییە ئەخلاقیە بوونەوەری زەیندووە، بوونەوەری زەیندووی عەقڵانی، چونکە

ئەمە بەندە لەسەر ئازادیی لەبەرئەوەی تەنیا بوونەوەرە ئازادەکان دەتوانن ملکەچی عەقڵی کردەیی بن. ئازادیی بەو مانایەی یاسای ئاکاریی دەبێتە ئیرادە (ئارەزوو) و ئیرادەش لە دەرەوەی هەر هەلومەرجێکی سروشتیی هەستەکی و هۆکارەکییە، و سەربەست و ڕەهایە لە هەر دۆخێک کە یاسای هۆکارەکی تێیدا زاڵە. لێرەدا «هیچ شتێک نییە کە پێشوەختە ئیرادە دیار و دەستنیشان بکات». بەم مانایە عەقڵ بە چەمکی ئازادیی یاسای ئاکارەکی دادەڕێژێت و ئەم چەمکەیش لە فاکەڵتی ئارەزوودا دیاری دەکات، واتا لە بەرژەوەندیی کردەیی تایبەت بە خۆیدا، بوارەکەیشی بوونەوەری زەیندووی سەربەست و سەربەخۆیە وەک نۆمین و وەک سروشتێکی سەروو هەستەکی، واتا وەک بوونەوەرانێکی عەقڵانی. عەقڵ بەرمەبنای چەمکی ئازادی یاساکان دادەڕێژێت، بەڵام ئەم یاسایانە بۆ بوونەوەرانی بەرهەست و دەرەوەی سوبێکت نین، وەک ئەوەی لە فاکەڵتی زانیندا هەیە، بەڵکو بابەتە ملکەچبووەکانی ئەم یاسا ئەخلاقییانە خودی سوبێکتن و سوبێکت وا لە یاساکان ناڕوانێت، کە لە دەرەوەی بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵکو وەک ئەوەی خۆی داڕێژەریانە، بۆیە پێرەویشیان لێدەکات.

لەمەوە دەردەکەوێت بابەتی ئەم فاکەڵتییەش نۆمینە (شت لە خۆیدا)، واتا سروشتی سەروو هەستەکی، بەڵام ئەم سروشتی سەروو هەستەکییە شتێک نییە لە دەرەوەی عەقڵ، بوونەوەری عەقڵانی ڕاستە نۆمینە، بەڵام لە فینۆمینیش دانەبڕاوە، چونکە ئەم بوونەوەرە سەروو سروشتییە دواجار یاساکانی بەهۆی سروشتی هەستەکییەوە پێوانە دەکرێن، بەو مانایەی ئایا تا چەندە ئەو یاسا ئاکارەکیانەی لە دەرەوەی زنجیرەی هۆکارەکی سروشتی بەرهەمهێنراون، ئەگەر و شیاوێتی پراکتیزەکردنیان هەیە لە جیهانی هەستەکیدا، بەڵام ئەم بەرهەمهێنراوانەی عەقڵی پراکتیکی ئەگەرچی

بەرمەبنای ئازادی بەرهەم هاتوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بێ هۆکارن، بەڵکو لەم دۆخەدا یاسای هۆکارەکی و ئازادی یەکدەگرن و ئازادی دەبێتە هۆکاری هەڵبژاردنی یاساکان، ئەمەش واتا «بوونەوەری زەیندوو وەک هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان»ی بەرژەوەندی عەقڵی پراکتیکی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدراک هەمان ڕۆڵی هۆکارەکی خۆی دەگێڕێت کە لە حاڵەتی عەقڵی پەتیدا دەیگێڕا و دەرکی بە یاسای هۆکارەکی سروشتی کردووە، بەڵام لێرەدا باڵادەستی خۆی لەدەستداوە و بەرژەوەندی عەقڵی پراکتیکی بۆ خۆی بەکاری دێنێت، بەڵام تەبا بە ئازادی و لەنێو سروشتی عەقڵیدا. هەر ئەمەشە ڕۆڵی فاکەڵتی ئیدراک لەنێو شێوەی باڵای ئارەزوودا، هەر ئەمەیشە پەیوەندییەکەی لەگەڵ عەقڵی کردەییدا.

ئەی ڕۆڵی خەیاڵدان چییە؟ وەک وتمان سروشتی هەستەکی و سروشتی سەروو هەستەکی لێکدابڕاو نین و کەلێنی نێوانیان بەردەوام پڕ دەکرێنەوە، بەوەی کە لەلایەکەوە بوونەوەری عەقڵانی ڕاستە لە عەقڵی کردەییدا شتە لەخۆیدا و یاسا ئاکارەکییەکان دادەڕێژێت کە ئەم پرۆسەیە بە مەعریفە دەرک ناکرێت، بەڵام دیاردەیشە، چونکە لەنێو سروشتدایە و ئەزموون دەکرێت و جێکەوتی هەستەکییانەی هەیە، لەلایەکی دیکەیشەوە پێویستە بەرهەمهێنراوەکانی هۆکارەکی ئازادی لە سروشتی سەروو هەستەکیدا بهێنرێنە نێو هۆکارەکیی سروشتی هەستەکییەوە تا شیاوی تاقیکردنەوە و پێرەوکردن بن، واتا لە سروشتی هەستەکیدا بەدی بهێنرێن. بە مانایەکی تر ئەزموون هەلی ممارەسەکردنیانمان بۆ بڕەخسێنێت: «یاسای ئەخلاقی هیچ نییە، ئەگەر لە بەرەنجامە هەستەکییەکانی خۆی داببڕێنرێت» (ل. 67)، هەروەها: «ئەگەر یاسای ئەخلاقی وەدی نەیەت، ئەوا خود بەخود هەرەس دێنێت» (ل. 68).

ئەم وەدیهاتنە پێویستی بە سازانی بەختەوەری و فەزیلەتە و، لەمەشەوە (چاکەی گشتی) دەکەوێتەوە. ئەستەمە بوترێت ئـارەزووی بەختەوەری پاڵنەری فەزیلەتە، و بە پێچەوانەیشەوە، بەڵام لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە کانت کێشەکەی بەمجۆرە چارە کردووە. ئەگەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم دووانە ئەستەم بێت، ئەوا ئەشێت ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پێشکەوتنەوە بێت بەرەو چاکەی باڵا، یاخود «هۆکارەکی ئەخلاقی بۆ جیهان» ئەمەش واتە (خودا). ڕاستە لەڕووی مەعریفییەوە خودا دیاری کراو نییە و سەلماندنی ئەستەمە، بەڵام کە لەژێر سایەی یاسای ئاکاریدا دەروون و خودا بەیەک دەگەن، ئیدی خوداش دەکەوێتە ژێرباری ئەم یاسا ئەخلاقییەوە و بڕوابوون بە خودا بڕوایە بە بوونەوەرێکی باڵای ئەخلاقیی، خودا دەبێتە بابەتی «بڕوایەکی کردەییانەی پەتی». خودا بێ شێوەیە لەمەشەوە دەبێتە بابەتی «شکۆ». بابەتی «شکۆ» و «جوانیش» لە پەیوەندیدان لەگەڵ فاکەڵتی خەیاڵدا. خەیاڵ خودا دێنێتە نێو سروشتەوە و بە کۆد و هێما سروشت ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی کاریگەری سەروو هەستەکی لەسەر سروشتی هەستەکی.

**ج. پەیوەندی فاکەڵتییەکان لە ڕەخنەی فاکەڵتی حوکمدا:**

پرسیاری دۆلۆز ئەمەیە: ئایا ئێگەی ئەوتۆ هەن کە پێشووەکیانە دۆخی چێژ و ئازاری تاک دیاری بکەن؟ بە دەربڕینێکی تر: ئایا هەستکردن بە چێژ و ئـازار شێوەی باڵای هەیە یان نا؟ وەک بینیمان هەر یەکە لە فاکەڵتیی زانین و فاکەڵتیی ئـارەزوو شێوەی باڵایان هەبوو، یەکێک لە فاکەڵتییەکان دەبووە باڵادەست بەسەر فاکەڵتییەکانی تردا و دەرهەق بە بابەتەکانی خۆی یاساڕێژیی دەکرد، بەڵام لە تەواوی بەشی سێیەمی کتێبەی دۆلۆز لەبارەی کانتەوە بوونی شێوەی باڵای هەستکردن بە چێژ و ئازار

(فاکەڵتی حوکم) ڕەتدەکرێنەوە، چونکە ئەم دۆخانە ڕاستەوخۆ ئەزموونیانە هەستیان پێدەکەین و بەریان دەکەوین، بەڵام وەڵامەکە لەمە ئاڵۆزترە. لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە هەردوو ڕەخنەکەی پێشتری کانت ڕێخۆشکردن و زەمینەساز بوون بۆ گەیشتن بە ڕەخنەی حوکم، بۆیە ئەم ڕەخنەیەیان هەڵگری ئاڵۆزی و دژوارییەکی تایبەتیشە. کێشەکە پەیوەستە بە بەرژەوەندی دوو دۆخەکەی پێشترەوە: «ڕێزگرتن لە یاسا ئاکارییەکانی فاکەڵتی عەقڵی کردەیی دۆخی باڵای ئازارە، خۆشی لێهزرینیش دۆخی باڵای چێژە» (ل. 77). ڕوونکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە لەم وتارەدا سەختە و دەرفەتی ئەوەمان نییە، بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین دۆلۆز پێیوایە ڕێزگرتن و خۆشیی نە بەرەنجامێکی هەستپێکراون و نە عاتیفەیەکی تایبەت، بەڵکو «هاوشێوە»ی هزرییانەی عاتیفەن، هەر بۆیە دەبێت پەیوەست نەبن بە هیچ لایەنێکی هەستەکییەوە، لەمەشەوە خاوەنی بەرژەوەندی ئەزموونگەریی بوونی بابەتی هەستکردن نین و خاوەنی هیچ مەیلێکی هزریش نین، واتە لە دەرەوەی هەر بەرژەوەندییەکی کردەیی بوونی بابەتی ئارەزوون، بۆیە فاکەڵتی هەستکردن بە چێژ و ئازار، ئەو کاتە دەبێتە فاکەڵتییەکی باڵا کە لە هەر بەرژەوەندییەک خۆی داماڵیبێت، بۆیە ئەم فاکەڵتییە توانای دارشتنی بابەتی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو سەرچاوەی هەلومەرجی خودییە بۆ چالاکیی فاکەڵتییەکانی دیکە و کاریگەرییەکی کاڵ و کەمڕەنگی تێگەیەکە لەسەر ئەم فاکەڵتییە تا بتوانێت حوکم بدات، لە حوکمداندا فاکەڵتییەکان دەکەونە نێو پەیوەندییەکی هەڕەمەکی و ئازادانەوە لەگەڵ یەکتریدا بێئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا باڵادەست ببێت. ئەم پرۆسەیەش یەکەمجار لە حوکمی ئیستاتیکیدا دەردەکەوێت (ئەوە جوانە). لەم دۆخەدا فاکەڵتی (ئیدراک) لەگەڵ خەیاڵدانی بێگەردا دەکەوێنە هارمۆنیا و تەباییەوە، بێئەوەی هیچیان

بەسەر ئەوی دیکەیاندا بەرز ببێتەوە. ئیدراک شت و کاریگەریی و جێکەوتە مادییەکان ئامادە دەکات، بەڵام شتە مادییەکان لەخۆیاندا جوان نین، بۆیە خەیاڵدان ناتوانێت وەکخۆیان وەریان بگرێت و حوکمیان لەسەر بدات، بەڵکو تەنیا شێوە پەتییەکەیان وەردەگرێت. فاکەڵتی هەستکردن بە چێژ و جوانی ڕەخسێنەری هەلومەرجێکی خودییە بۆ مومارەسەی فاکەڵتییەکان لەگەڵ یەکتری، ئیدراک شتە مادییەکان دەگەیەنێت بە سنوورەکانی خەیاڵدان، ئەویش لایخۆیەوە شێوەی بابەتێکی نـاوازەی جوان لە خۆیدا ئاوەژوو دەکاتەوە. ماوەتەوە دیاریکردنی ڕۆڵی فاکەڵتی عەقڵ لە حوکمی جوانیدا.

عەقڵ کاتێک لەگەڵ خەیاڵداندا دەکەوێتەوە پەیوەندییەوە کە لە جیاتی ئەوەی بڵێین (ئەمە جوانە) دەڵێین (ئەمە شکۆمەندە). گەر خەیاڵدان لە حوکمی ئیستاتیکیدا شێوەی بابەتەکانی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە و ئینجا حوکم لەبارەی ئەم شێوانەوە بدات، ئەوا چرکەساتی (شکۆ) لەبێ شێوەیی دەدوێت، بەم جۆرەش خەیاڵدان لە کاری یەکەمی پاشەکشە دەکات و لەجیاتی ئەوەی (شێوە) بگوازێتەوە بێ شێوەیی وەردەگرێت و دەکەوێتە نێو ناسنووردارییەوە، حوکمی شکۆیش هەر لەبارەی ئەم بێ شێوەییەوە، یان ڕاستتر بڵێیین ئەم بێ شێوەییە (شکۆ) درووست ئەکات. لەم دۆخەدا کە خەیاڵ لەبەردەم سام و بیمی بابەتێکدا دەکەوێتە بەردەم بێ توانایی و حەپەسان ئەوا عەقڵ پرۆسەکە دەگەیەنێتە کۆتایی و خەیاڵ بە دوا سنوورەکانی خۆی دەگەیەنێت، کەواتە شکۆ دەمانخاتە بەردەم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی خودی خەیاڵدان و عەقڵ، بەڵام پەیوەندی و تەبایی و کۆکی نا، بەڵکو ناکۆکی. پەیوەندیی ئازاد و هەرەمەکی فاکەڵتیەکان کارێک دەکات کە لەنێو یەک پرۆسەدا لەگەڵ یەکتر ئیش بکەن بۆ گەیشتن بە حوکم، بەڵام هیچیان ناچنە خزمەتی یەکترەوە، بەڵکو کاتێک خەیاڵ بێتوانا دەبێت عەقڵ

دەزانێت خەیاڵ  لەبەردەم بیرۆکەکانیدا شتێکی ئەوتۆ نییە، بۆیە ئارەزوو بۆ بابەتی حوکمەکە دەجووڵێنێت.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین دۆلـۆز لە کۆتایی کتێبەکەی باس لە ئامانجەکانی عەقڵ دەکـات و پێیوایە «ئامانجی کۆتایی»ی بـوون لە بوونەوەرێکدایە کە ئامانجەکەی وا لە بوونی خۆیدا. «دوا ئامانج» هەم تواناکانی تێبینیکردنی سروشتی تێدەپەڕێنێت و هەمیش کەرەستەکانی بیرکردنەوە و مەعریفە، چونکە ئەم ئامانجە نابێتە هیچ، ئەگەر بێتوو بوونی ئەوەی کە دەیەوێت بزانێت خۆی نەبووبێتە ئامانج، واتە بوونەوەری عەقڵانی، لێرەوە «دوا ئامانج هیچ نییە جگە لە چەمکێک بۆ عەقڵی کردەییمان»، ئەمەش واتا یاسای ئاکاریی کە تایبەتە بە مرۆڤ، مرۆڤ وەک بوونەوەری ئاکاریی. ئەم دوا ئامانجە بریتیە لە ڕێکخستنی بوونەوەرە عەقڵمەندەکان لەژێر باڵادەستی یاسای ئاکاریدا، یان ئازادی وەک بوونێکی لەخۆگیراو لە بوونەوەری عەقڵانیدا.

**2. خوێندنەوەی دۆڵۆز بۆ نیتچە:**

دۆڵۆز کۆچەرە و فەلسەفەکەیشی کۆچەرییە. دۆڵۆز و نیتچە وەک موسافیر و سێبەرەکەی وەهان، بێئەوەی لەم کۆنتێکستەدا، سێبەر مانای پاشکۆیەتی هەبێت، بەڵکو سێبەر هاوڕێیە و دەتوانین کەشوهەوای نیتچەیی لە نوسینەکانی ئەودا ببینینەوە. بەشێک لە توێژەران ڕیشەکانی پۆست مۆدێرنە و فەلسەفەی جیاوازی دەبەنەوە سەر نیتچە، لەم ڕووەوە چاوپۆشی کردنی پۆستەکان، بەتایبەت دۆڵۆز، لە نیتچە کاری نەکردەیە.

**ا. کتێبی (نیتچە) و زەمینەسازیی بۆ (نیتچە و فەلسەفە):**

بایەخدانی زۆری دۆڵۆز بە نیتچە لەو ڕووەوە دەردەکەوێت، کە دوو

کتێبی بۆ تەرخانکردووە. کتێبی یەکەمیان (نیتچە) کتێبێکی قەبارە بچووکە و هەر بابەتێکی جیاواز ناونیشانێکی تایبەتی لەخۆگرتووە. بە ژیانی نیتچە دەستپێدەکات و بە بیبلیۆگرافیای بەشێک لەو کتێبانەی بە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی لەبارەی نیتچەوە نووسراون دوایی دێت. بە بڕوای دۆلۆز، کتێبی یەکەمی زەردەشت کە باس لە سێ گۆڕانەکەی ڕوح دەکات «چۆن ڕوح دەبێتە وشتر و وشتر چۆن دەبێتە شێر و شێریش چۆن دەبێتە منداڵ»، هەمان مانای قۆناغەکانی ژیانی خودی نیتچەی هەیە، بەرهەم و قۆناغەکانی ژیان و تەندروستی نیتچە تەریبی ئەم سێ گۆڕانکارییەن. وشتر ئەو ئاژەڵەیە کە لە بیاباندا باری بەها باوەکان و قورسایی پەروەردە و ئەخلاق و نەریت و کولتوور هەڵدەگرێت، وشتر دەگۆڕێت بۆ شێر، شێر بتەکان دەشکێنێت و بارە قورسەکان لەت و پەت دەکات و ڕەخنەی هەموو بەها باوەکان دەکات. دواجاریش شێر دەبێتە منداڵ، منداڵیش واتە گەمە و سەرەتایەکی نوێ، ئافرێنەری بەهای نوێ و دروستکەری بەهای نوێی هەڵسەنگاندن. خەسڵەتی منداڵ گەمە و پێکەنینە. گەمەکردن بە هەموو بەها باوەکان، ئینجا خۆشی بینین لە ژیان و پێکەنین بەو کەسانەی بەهای باوییان هەڵگرتووە، ئینجا خۆشحاڵی بەرامبەر ژیان، یان وەک نەشئەو سەرەتایەکی نوێ.

لەمەوە دۆلۆز باس لە ژیاننامە و بەرهەم و تەندروستی و دۆخە کەسییەکانی نیتچە دەکات: هەر لە ناسینی ڤاگنەر و کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)وە، هەتا ساڵی (1988) کە دۆلۆز پێیدەڵێت «ساڵە مەزنەکە». بەهۆی نوسینی هەرسێ کتێبی ئاوابوونی بتەکان، کێشەی ڤاگنەر، دژە مەسیح، ئینجا لەویشەوە هەتا نەخۆشی و مەرگی نیتچە و خیانەتی ئیلیزابێسی خوشکی لە دوا بەرهەمی نیتچەدا.

دۆڵۆز لە ڕوانگەی نیتچەوە باس لە فەلسەفە دەکاث و بەوە دەستپێدەکاث، کە نیتچە دوو ئامرازی گوزارشکردن تێهەڵکیش بە فەلسەفە دەکاث: وشەی کۆکار و قەسیدە. ئەمەش هەمان سەرەتایە کە کتێبی (نیتچە و فەلسەفە) ی پێ دەستپێدەکاث.

بە بڕوای دۆڵۆز، نیتچە لەجیاتی ئایدیای زانین ڕاڤە و هەڵسەنگاندن دەردەخـاث. ئەم دوو چەمکەش موورادیفی وشەی کۆکار و قەسیدەن. یەکەمیان (مانا) دیاریدەکاث، دووەمیشیان (بەها). فەیلەسوفیش فەیلەسوفی ئایندەیە، فەیلەسوفی دەهێنەر و پزیشک و ڕەخنەگری سەرسەختی هەموو بەهاکان و قڵپکردنەوەی ئەم بەهایانە، ئینجا داهێنانی بەهای نوێ. بە بڕوای نیتچە داڕمانی فەلسەفە بە ڕوونی لەگەڵ سوکراتدا دەستپێدەکاث، (ئەمەیە مرۆڤ، ل. 81)، بەهۆی ئەوەی لە سوکراتەوە هاوکێشەی ژیان فیکر هەڵدەگەڕێنەوە بۆ فیکر ژیان، لەجیاتی ئەوەی (ژیان) بڕیار لەسەر هەموو شتێک و فیکریش بداث، فیکر بڕیار لەسەر ژیان دەداث، لەمەشەوە دەیخاتە خانەی نۆمەتەوە. لەمەوە دۆڵۆز شرۆڤەی هێزەکان و ئیرادەی هێز لای نیتچە دەکاث و بە هێزی (چالاک) و (دژە چالاک) «ارتکاسی» ناوییان دەباث و پەیوەندی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکتردا ڕوون دەکاتەوە.

لەژێر ناونیشانی «فەرهەنگی کەسایەتییە نیتچەییەکان»ـدا دۆڵۆز باس لەو کەسایەتی و ڕەمزانە دەکاث، کە نیتچە لە تەواوی فەلسەفەکەی، بە تایبەتیش لە «زەردەشت وەهای گوث»دا دایهێناون.

-هەڵۆ و ئەدیها: هێمای گەڕانەوەی ئەبەدی.

-(گوێدرێژ و وشتر): ئاژەڵی بیابان، عەدەمییەث، (نا)ی قەڵپ و (بەڵی) ی قەڵپ.

-جاڵجاڵۆکە، ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و کینەسازیی.

-لیبۆک (و مەیمونی زەردەشت)، کاریکاتۆری زەردەشت.

-ئاریان، ئازادەیەک جاڵجاڵۆکە و بوونەوەری کینەسازیی ساردوسڕ، بەڵام کە بە دیۆنیزۆس ئاشنا دەبێت و لێی نزیک دەبێتەوە (بەڵێ)ی ڕاستەقینە فێر دەبێت و هەردووکیان گەڕانەوەی ئەبەدیی دروستدەکەن و مرۆڤی باڵایان دەبێت.

-دیۆنیزۆس: پەیوەندی لەگەڵ ئەپۆلۆن، دژایەتی سوکرات، ناکۆکی لەگەڵ مەسیح، تەواوکاریی لەگەڵ ئاریان.

ئیدی هەر بەمجۆرە کەسایەتی و هێما نیتچەییەکانی تر دیارییدەکات. دۆلۆز دەیەوێت ئەوە نیشانبدات کە فەلسەفەی نیتچە هێما و ڕەمزەکانە، بەبێ ناسینی وردی وەزیفەی ئەم ڕەمزانە ئەستەمە لە هزری نیتچە تێبگەین.

-دواجار دۆلۆز نووسین و بەرهەمەکانی نیتچە ڕیز دەکات، ئینجا گوڵبژێرێک لەم بەرهەمانە دەخاتە ڕوو، ئەوەش وەک کرۆکی ئەو پرس و باسە سەرەکییانەی لە فەلسەفەی نیتچەدا تاوتوێکراون. کۆتایی کتێبەکەیش تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەبارەی شێتییەوە و سەرەتاکەیشی بەو وتەیەی نیتچە دەستپێدەکات کە: «هەندێک کات شێتی ئەو ماسکەیە زانینێکی حەتمی و تا ئەوپەڕی دڵنیا لە پشت خۆیەوە حەشار دەدات».

کتێبی گرنگی دۆلۆز لەبارەی نیتچەوە کتێبی (نیتچە و فەلسەفە)یە. لەم کتێبەیاندا دۆلۆز زۆر بە قووڵی و وردی لەبارەی چەمک و هزر و مانا و کێشە نیتچەییەکان دەدوێت و شرۆڤەیەکی سیستماتیکییانەی فەلسەفەی نیتچە دەکات، ئەگەرچی نیتچە هەرگیز نەیویستووە فەلسەفەکەی سیستماتیک بێت، بەڵام ناکرێت زیرەکی دۆلۆز فەرامۆش بکرێت لە لێکبەستنەوەی هزرەکانی نیتچە. (نیتچە و فەلسەفە) یەکێکە لە کتێبە ناوازەکان لەبارەی ئەو فەیلەسوفەوە و ئەستەمە توێژینەوە لە نیتچە بکرێت و ناوی دۆلۆز

نەهێنرێت. لێرەدا چەند سەرنجێکی کورت لەبارەی شرۆڤەکانی دۆڵۆز بۆ نیتچە دەردەبڕین، دواجاریش خاڵی جیاوازی نێوان کانت و نیتچە لە ڕوانگەی دۆڵۆزەوە باس دەکەین.

**ب. فەلسەفە و میتۆدی نیتچە:**

تەواوی کتێبەکە خوێندنەوە و شرۆڤەی فەلسەفەی نیتچەیە، بەڵام بە جۆرێکی وا دەچێتە پێش ئەسنەمە باز بەسەر هیچ بەشێکیدا بدەین، مەگەر توێژەری زۆر شارەزای هزری نیتچە. کتێبەکە پێکهاتووە لە پێنج بەش و کۆتاییەک. بەشی یەکەم باس لە (هونەری تراژیدی)ی دەکات و دەتوانین بڵێین سەرەتای گەڵاڵەبوون و دەرکەوتنێکی کاڵڕەنگی هزر و بیرۆکەکانە لای نیتچە. لێرەدا خاڵی گرنگ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانە بەرمەبنای میتۆدی جینالۆژی: «ڕەچەڵەکی هەر شتێک و هەر بنچینەیەک خاوەنی هەندێک بەهایە بۆ بەهاکان، وەلێ ڕەچەڵەکی ئەم بەهایانەش بۆ شتەکە بنچینەیەکەیەتی و بڕیار لەسەر بەهاکەی دەدات» (نیتچە و فەلسەفە، ل6). جینالۆژی واتا: بەهای بنچینە و هاوکاتیش بنچینەی بەها. جینالۆژی ڕەگەزی باڵاهاتن (تفاضل)ی بەهایە، واتا هەسنکردن بە جیاوازی و مەودا لەنێوان بەهاکاندا (خانەدان/ عەوام)، (شکۆمەند/ ڕسوا)، (سەروەر/ کۆیلە)... هتد، هەروەها ڕەگەزی بەدوایەکدا هاتن (تعاقب)ی بەهاکانیشە (چالاک/ ناچالاک).

مانای هەر شتێک لە ئیرادەی ئەو هێزەدایە کە دەست بەسەر ئەو شتەدا دەگرێت، بەم مانایە جینالۆژی تەنیا هەڵسەنگاندن ناکات، بەڵکو ڕاڤەیش دەکات. لای نیتچە زیاد لە هێزێک بوونیان هەیە و بگرە هێزەکان زۆرن، بەڵام لەژێر دوو جۆری سەرەکیدا کۆدەبنەوە: «هێزی چالاک» و «هێزی دژە

چالاک». مەودای نێوان ئەم هێزانە ڕەگەزی باڵاهاتنی نێوان هەر هێزێکە. چەمکی هێز لای نیتچە بریتیە لە پەیوەندی نێوان هێزەکان و هەر هێزێک لە پەیوەندی و بەرکەوتندایە لەگەڵ هێزێکی تردا. لێرەیشەوە «ویستی هێز» دەبێتە ویستی هێزێک لەسەر ویستی هێزێکی تر. ویستێک خاوەنی فەرمانە و ویستێک گوێ فەرمان و ملکەچ، بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نییە، چونکە لەسەر بنەمای (نەفیکردن) دانەمەزراوە، بەڵکو بەرمەبنای ئەرێکردن و جیاوازبوون و چێژبینینە لەم جیاوازییە، بۆیە بە بڕوای دۆلۆز ئەوەی ویست دەیەوێت بریتیە لە سەلماندن و ئەرێکردنی جیاوازی خۆی. دۆلۆز دەگاتە ئەو بەرەنجامەی، کە لە ڕوانگەی نیتچەدا تراژیدیا بریتیە لە خۆشحاڵییەکی چالاکانەی ئەرێکردنی قورسترین و سەختترین و دڵڕەقانەترین دۆخی ئازاراوی و بەڵێکردن بۆ ژیان، نەک وەک ملکەچی و چوونە ژێربار و بەزەیی، بەڵکو وەک چێژوەرگرتن لە جیاوازیبوون، ئەمەش وەک ئەرێکردنی لە یەک باردا نا، بەڵکو وەک ئەرێکردنێکی فرە لەلایەن هێزە جیاوازەکانەوە لە حاڵەتی خۆیاندا. لێرەوە هزری تراژیدی ڕزگارکردنی ژیانە لە نەهیلیزم و هاوشێوەکانی.

دۆلۆز سێ شێوەی ڕەتکردنەوەی ژیان دەستنیشان دەکات، کە پێیدەڵێت (عەدەمییەت). عەدەمییەت واتا ڕەتکردنەوەی ژیان، روحی تۆڵەسەندنەوە، هەستکردن بە تاوان، ئایدیای باڵای زوهدی. سەرجەمیشیان لەڕێگەی ئایین و ئەخلاق و فەلسەفەی ساختەوە ئیش ئەکەن.

**ب. تایپۆلۆژیای هێزەکان:**

بەشی دووەمی کتێبەکە باس لە «تایپۆلۆژیای هێزەکان» دەکات، (چالاک/ دژە چالاک). هێزی بەرز و نزم، ئەرێکار و نەرێکار، خانەدان و عەوام،

سەروەر و کۆیلە..هتد. گەرچی هێزەکانی خوارەوە ناچالاک و نەرێکاریش بن، بەڵام هێشتا لە هێزبوون ناکەون و بگرە ئەشێت هاوپەیمانی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن و هێزێکی گەورەتر لە هێزی چالاک دروست بکەن، بەڵام خەسڵەتیان هەر ناچالاک و نەرێکار دەمێنێتەوە.

ئەوەی هێزێک دەکاتە هێزی چالاک کەڵکەڵەی هێزو ویستی ئەو هێزەیە بۆ خاوەندارێتی و دەستبەسەرداگرتن و سەرکوتکردن و باڵادەستی، ئەمەش بە مانای دروستکردن و سەپاندنی شێوەی ژیان و بەهای نوێ. لەمەش زیاتر هێزەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لێکجیاوازن. چۆنییەتی هێزەکان لێکەوتەی چەندێتی هێزەکانە، لەمەشەوە کێشەی پێوانەی هێزەکان سەرهەڵدەدات. لەم پێوانەکردنەدا پێویستە هەر دوو بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی لەبەرچاو بگیرێن. جیاوازی لە چەندێتی جەوهەری هێز و پەیوەندی هێزێکە لەگەڵ هێزێکی دیکەدا، بەڵام ئەم بنەما ئەبستراکتە بەس نییە، بەڵکو جیاوازی لە چۆنیەتیشدا شێوەکانی دیاریدەکات. هەر هێزێکیش کە بە ڕێکەوت دەچێتە نێو پەیوەندی لەگەڵ هێزێکی تردا بە زەرورەت ئەو چۆنییەتیە وەردەگرێت کە شیاویەتی. ئەمەش واتە ڕەگەزی بەدواداهاتن (تعاقبی).

ئیرادەی هێز بریتیە لە باڵاهاتن (تفاضل) و بەدوایەکداهاتن (تعاقب). بە مانایەکی تر ئیرادەی هێز بریتیە لە ڕەگەزی بەرهەمهێنانی جیاوازیی چەندێتی و ڕەگەزی بەرهەمهێنانی جیاوازیی چۆنییەتی. بەپێی ئەمەش بە هێزێک دەوترێت باڵادەست و بەوی تر ژێردەست، یەکێکیان چالاک و ئەویتر ناچالاک، بەڵام هیچیان خاڵی نین لە ویستی هێز، بەڵکو تەنیا بەپێی خەسڵەتی ویستی هێزەکانیان (ئەرێکار و نەرێکار) چوونەتە نێو پەیوەندییەوە.

دواتر دۆڵۆز بە وردی باس لە گۆڕانی پەیوەندی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکتردا دەکات و باس لەو پرۆسانەیش دەکات کە هێزێک دەکاتە چالاک و ئەوی دی دەکاتە ناچالاک.

**ج. ڕەخنە:** هەڵگێڕانەوەی هەموو بەهاکان و دامەزراندنی بەهای نوێ:

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا دۆڵۆز باس لە ڕەخنە دەکات. سەرەتا دۆڵۆز لەبارەی گۆڕان لە زانستە مرۆییەکان دەدوێت، پاشان ڕادەبورێت بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی پرسیار لای نیتچە. میتافیزیک پرسیاری (چی) دەکات، عەدالەت چییە؟ جوانی چییە؟ چاکە چییە؟..هتد، بەڵام دۆڵۆز ئەوە ڕوون دەکاتەوە پرسیاری جەوهەری لای نیتچە پرسیاری (کێ)یە؟ ئەمەش واتا: ئەو هێزە کێیە (کامەیە) باڵادەست دەبێت و خاوەنی کامە ویستە؟ پرسیاری (کێ) پرسیارکردنە لە (بکەر)، واتە هێز و ئیرادەی هێز.

نیتچە بڕوای بەو ڕەخنانە نییە کە دواجار بە هیچ ناگەن، چونکە لە ویستی چالاکەوە نەکراون، بەڵکو بڕوای بە ڕەخنەیەکە تەواوی بەهاکان قڵپ بکاتەوە، واتا ڕەخنەگرتن بە چەکوش و کۆتاییهێنان بە هەموو حەقیقەتە کۆنەکان (ئەمەیە مرۆڤ، ل137)، بۆیە بۆ دیاریکردنی مانای ئیرادەی هێز و ڕەخنە دژی سوکرات و شۆپنهاوەر و کانت و هیگڵ دەوەستێتەوە.

ڕەخنەی ئەو لە میتافیزیک و ئاکار و دیالێکتیکە وەک هزرگەلی دژە ژیان و پاراستنی هەلومەرجی باو و درێژەپێدەری ئاکار، ڕەخنە لای ئەو بۆ دەرخستن و داهێنانی توانای نوێیە بۆ ژیان. ئایین و ئاکار و میتافیزیک ڕەتکەرەوەی ژیانن و ڕەخنەی نیتچەییش ئەم بتانە بەرەو ئاوابوون دەبات.

**خ. نهیلیزم، سێ شێوەی ڕەتکردنەوەی ژیان:**

دۆڵۆز باس لە سێ شێوەی ڕەتکردنەوەی ژیان دەکات. کینەسازیی، هەستکردن بە تاوان، ئایدیای باڵای زوهدی. ئەم سێ شێوەیە نهیلیزم

درووســت دەکــەن و هەمیشەش لەگەڵ هێزی دژە چالاکدا دەچنە هاوپەیمانییەوە، یان باشتر بڵێین یەک شتن. ئەمان هێزی چالاک لە (کردە)، بکەر لە (کردارەکەی) دادەبڕن، یان دوای دەخەن.

دۆلۆز لە سەرەتاوە خوێندنەوەیەکی دەروونشیکارییانەی فرۆیدیی بۆ کینەسازیی دەکات و بنەماکەی دەردەخـات. ئەویش بەرزبوونەوەی یادەوەرییە بۆ ئاگایی بەهۆی شتێکەوە کە لەجیاتی ئەوەی روروژانـدن دروستبکات شوێنەوار و کاریگەریی یادەوەری دەنوێنێتەوە (بۆ نموونە بەردەوام شتێک دەبێتە هۆی روژاندنەوەی کۆنە ڕقێک). کینەسازی روحی تۆڵەکردنەوەیە. مرۆڤی کینەساز هەست بە هەر بوونەوەر و هەر بابەتێک دەکات وەک سوکایەتی پێکردن لێکی دەداتەوە، تەنانەت ئەگەر جوانی و چاکەیش بن «چونکە یادەوەری شوێنەوارەکانی لە خۆیدا و بەهۆی خۆیەوە کینە ئامێز بووە». مرۆڤی کینەساز هەمیشە دەڵێت: «هەڵەی تۆ بوو»، «تۆ پیسیت من پاکم»- (کاهینی یەهودی).

هەستکردن بە تاوانیش هێزێکی چالاک بووە کە بەهۆی هێزی ناچالاک و کینەسازەوە لە تواناکانی خۆی دوورخراوەتەوە و لە مەرجەکانی توانای نواندنی کردارەکانی دابڕێنراوە، بۆیە ئەم هێزە بەسەر خۆیدا هەڵگەڕاوەتەوە و دژی ناوەوەی خۆی وەستاوەتەوە (ئەمە ڕێگەیەکە لەو ڕێگایانەی کە بەهۆیەوە هێزی چالاک ئەبێتە هێزی ناچالاک). هێزێکی چالاک دابڕێنراوە لە تواناکانی و لەمەشەوە تووشی ئازاری ویژدانی هاتووە و ئەو ئازارەش لە ناوەوە دەگۆڕێت بۆ خۆ-ئازاردان و سەرکۆنە و خۆ-سزادان و سەرزەنشتکردن. هەستکردن بە تاوان ناڵێت «هەڵەی تۆ» بوو، بەڵکو دەڵێت «هەڵەی من بوو»، «من تاوانبارم» -(کاهینی مەسیحی).

ماوەتەوە ئایدیای باڵای زوهدی. بە گوێرەی خوێندنەوەی دۆلۆز، لای

نیتچە ئایدیای باڵای زهدی ( ئایین) لەڕووی جەوهەرییەوە پەیوەستە بە کینەسازی و هەستکردن بە تاوانەوە، «گوزاشتە لەو ویستەی کەوا لە هێزی ناچالاک دەکات سەر بکەوێت»– (نیتچە و فەلسەفە، ل185)، چونکە ئەم هێزە سەرناکەوێت بێ بوونی ویستێک بۆ ڕێکخستنی وەهمی پێویست و فریودان ئەمەیش بە خوڵقاندنی جیهانێکی ئاسمانی و هێنانە خوارەوەی بەهای ئەم جیهانە، کەواتە ئایدیای باڵای زوهدی واتا: دەرخستنی نزیکایەتی هێزە ناچالاکەکان لەگەڵ نەهیلیزمدا و گوزاشتکردن لە نەهیلیزم وەک «بزوێنەر»ی هێزی ناچالاک. نەهیلیزم (عەدەمییەت) بە مانای نابوون نا، بەڵکو بەمانای نرخاندنی خودی بەهای عەدەم. چەندە لە بەهای ژیان کەم بکرێتەوە و نەفی بکرێتەوە ئەوەندەش ژیان بەهای عەدەم وەردەگرێت، ئەم کارەیش وەهم دەیکات. ئەمەش سەرەتای بەشی پێنجەمی کتێبەکەی دۆلۆزە.

**ح. مرۆڤی باڵا دژی دیالێکتیک:**

دیالێکتیک هەم دیالێکتیکی سوکراتییە و هەم دیالێکتیکی هیگڵی و سەرچاوەی کێشەکەیش جەهلە لە بەرامبەر پرسیاری (کێ)دا. دیالێکتیک (نەفیکردن) وەک سیفەتی ئیرادەی هێز تێدەگات، ئەمەش واتا «ئیرادەی عەدەم» و لە بەها باوو باڵاکاندا (خودا، حەقیقەت، فەزیلەت) گوزاشت لەخۆی دەکات، ئەو بەهایانەی نیتچە دەیەوێت قڵپیان بکاتەوە. ئاین و ئەخلاق و دیالێکتیک یەک کار دەکەن ڕەتکردنەوە و نەفیکردنەوەی ژیان و حوکمدان لەسەر ژیان. دیالێکتیک خودا نەفی دەکاتەوە، بەڵام نایکوژێت، چونکە دواجار لە سەنتێزێکدا لەگەڵ مرۆڤدا دەیانگەیەنێتە یەکتر.

له ئایندا خودا له بەزەییدا دەمرێت، مەسیحییەت پێمان دەڵێت خودا بۆیە مردووە تا کەفارەتی گوناهی خەڵکەکەی هەڵبگرێت، واتا بۆ ئەوەی ئەوانیتر بژین، ژیانێک لە پلەی سفردا، ئەم ژیانەش لە پلەی سفردا جیاوازییەکی لەگەڵ عەدەمدا نییە، چونکە ژیانێکی تەواو ناچالاکە. بەزەیی واتە خۆشەویستی ژیان، بەڵام ژیانێکی لاواز و نەخۆش و گرنگن و کلۆڵ و تەمبەڵانە. بەزەیی سەنتێنزی دیالێکتیکی ئیرادەی عەدەم و هێزی دژە چالاکە (نیتچە و فەلسەفە، ل192). تەنانەت خودا و مەرگی خوداش هەمیشە دەچنە سەنتێنزەوە لەگەڵ ئەو هێزەی دەستیان بەسەردا دەگرێت. لای نیتچە خودا واتە ویستی عەدەم و هێنانەخوارەوەی بەهای ژیان.

مەرگی خودا لە سەردەمی مۆدێرنەیشدا واتە کوشتنی خودا و جێگرتنەوەی بە مرۆڤ. خودا دەمرێت و عەرشەکەی بەتاڵ دەمێنێتەوە، هەر کەس لەسەری دابنیشێت دەبێتە خودا، مرۆڤ ئەم کارە دەکات، بەڵام مرۆڤی دژە چالاک و مرۆڤی مۆدێرن. لێرەشەوە مەرگی خودا لە دیالێکتیکدا دەبێتە گواستنەوەی خوایەتی لە ئایدیایەکی سەروو سروشتییەوە بۆ مرۆڤ. لە ڕوانگەی هیگڵەوە مەرگی خودا واتە لێکدژییەکی تێپەڕێنراو، ئاشتەوااییەکی کۆتایی و ناکۆتایی، یەکگرتنی خودا و تاک. جەوهەری دیالێکتیک ناکۆکی و لێکدژییە و تێپەڕاندنی ئەم ناکۆکی و لێکدژییانەیە، بەم جۆرەش تەنیا لەسەر (نەفی) وەستاوە و تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ئیش بکات، کە شتێک هەبێت بۆ ڕەتکردنەوە. لە ڕوانگەی دۆلۆزەوە ئەمە جیاوازییەکان یەکدەخات و ڕەگەزی کردەیی و چالاکی هێز فەرامۆش دەکات، بە کورتی نەفی جیاوازبوون دەکاتەوە.

مرۆڤی باڵای نیتچەیی دژی سەرجەم ئەم دۆخ و مێتۆدانەیە و بە دیاریکراویش دژی هەموو جۆرەکانی دیالێکتیکە. مرۆڤی باڵا نایەوێت

مرۆڤگەرایی و هیومانیزم و بە خودابوونی مرۆڤ درێژە پێبداث، بەڵکو غەمی ئەو تێپەڕاندنی خودی مرۆڤە، تێپەڕاندنی مرۆڤی ئاسایی و عەوام و دەیەوێث شتەکان و بەهاکان لەسەر بنەمای دیکە و جیاواز هەڵبسەنگێنێث. مرۆڤی باڵا تەنیا بەهاکان ناگۆڕێث، بەڵکو ئەو ڕەگەزەیش دەگۆڕێث، کە ئەم بەهایانە لێوەی پەیدا دەبێث (ڕەگەزی نەفیکردن و نەرێکار).

### 3. کانت و نیتچە

دۆلۆز لە چەند شوێنێکدا نیتچە لە بەرامبەر کانث دادەنێث، نیتچە فەیلەسوفێکی دیۆنیزی دەنوێنێث و کانتیش لە روحی ئەپۆلۆنەوە نزیکە. خۆ ئەگەر کانث بانگەشەی زەرورەتی وەدیهێنانی میتافیزیکی وەک کۆمەڵێک بەها بۆ وەدیهێنانی ئاکار کردبێث، کەچی نیتچە پێیوایە ڕەخنەی ڕیشەیی و ڕاستەقینە لە هزری میتافیزیکی تەنیا بە دەرخستنی ئەو ڕاستییە دەبێث کە میتافیزیک لە ئاکاردا خۆی حەشارداوە و هەموو قسەکردنێکیش بەناوی ئاکارەوە میتافیزیکە، بۆیە نیتچە خۆی بە یەکەم نائاکاری و دژە ئاکار دادەنێث (ئەمەیە مرۆڤ، ل. 92).

دۆلۆز لە بەشی سێیەمی کتێبی (نیتچە و فەلسەفە)دا هەڵوێستی نیتچە بەرامبەر کانث ڕووندەکاتەوە و ئەم دووانە لە ڕوانگەی پرەنسیپەکانی ڕەخنە و وەدیهێنانی ڕەخنە و بەرەنجامەکانەوە هەڵدەسەنگێنێث.

ئەگەرچی نیتچە خوێنەری کانتیش بووبێث و دانی بە گرنگییەکەیدا نابێث، وەلێ لەگەڵیشی کەوتوەتە دژایەتییەوە. بەپێی خوێندنەوەی دۆلۆز نیتچە وای بۆ چووە کانث خیانەتی لە ڕەخنە کردووە و ڕەخنەی ڕیشەیی نەگرتووە و ئەم پرۆسەیەی نەگەیاندوەتە دوا ڕادەی خۆی، بەڵام کانث تەنیا لەبەرەنجامەکاندا هەڵەی نەکردووە، بەڵکو لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی بنەماکانیشدا هەڵەی

کردووە. ئەرکی نیتچە ئەوەیە لەڕێگەی گەڕانەوەی سەرمەدیی و ویستی هێزەوە «ڕەخنە بخاتە سەرپێی خۆی». ڕاستە کانت ڕەخنەی نەبەستوەتەوە بە هیچ سەرچاوەیەکی دەرە عەقڵەوە وەک ئەزموون و هەستکردن، بەڵکو ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراو هەردووکیان عەقڵن، بەڵام کێشەکەی کانتیش هەر لێرەدایە کە عەقڵی کردۆتەوە هەم دادوەر و هەم تۆمەتبار. کانت لە عەقڵی پەتی و عەقڵی کردەییشدا ڕەخنە وەک هێزێک دەبینێت کە هەموو خولیاکانی زانین و ئاکار لەخۆ دەگرێت. لەمەشەوە کانت نەیتوانیوە لە چوارچێوەی مەعریفە و حەقیقەت و ئەخلاق دەربچێت. بە بڕوای دۆڵۆز ڕەخنە هیچ نییە، ئەگەر ئاراستەی خودی حەقیقەت و خودی ئەخلاق و خودی مەعریفە و خودی دین نەکرێت. لە ڕوانگەی دۆڵۆزەوە، نیتچە وەک ئەوەی کانت کردی دژی حەقیقەتی ساختە و مەعریفە ساختە و ئاینی ساختە و ئەخلاقی ساختە نییە، بەڵکو دژی خودی حەقیقەت و مەعریفە و ئایین و ئەخلاقە «مەعریفەی وەهمی لە ئارادا نییە، بەڵکو خودی مەعریفە وەهمە و بگرە تەزویرە».

کانت بە عەقڵ ڕەخنەی عەقڵ دەکات، ئەمەش لە ڕوانگەی دۆڵۆزەوە لێکدژییە. کانت لە سازدانی هەلومەرجی ڕەخنەدا پۆتێنشیالەتی و توانای بوونی ڕەخنە دەبینێت، بەو مانایەی کانت لە غەمی سازانی ئەو هەلومەرجانەدایە کە بەهۆیەوە مەعریفەی درووست خۆی مانیفێست دەکات، پرسیاری نیتچەش لەودیوی هەلومەرجەکانە و دەڵێت هێزی عەقڵ و ئیدراک چییە؟ ئەو ویستە کامەیە لە عەقڵدا خۆی حەشارداوە و گوزارشت لە خۆی دەکات، کێ لە پشتی عەقڵەوەیە، لەمەیشەوە ئیرادەی هێز لای نیتچە جێی بنەمای ترانسێندنتالی لای کانت دەگرێتەوە.

لای کانت هەمیشە یەکێک لە تواناکانی عەقڵ (فاکەڵتی ئیدراک، فاکەڵتی عەقڵ) دەبنە باڵادەست و داڕێژەر، ئەگەر ئەم توانایانە باش بەکاربهێنرێن،

ئێمەش دەبینە داڕێژەری باش و هەر خۆیشمان پەیڕەوی لەم یاسایانە دەکەین کە ئەم فاکەڵتییانە دایان دەڕێژن، بەڵام لای نیتچە فەیلەسوف - یاسادانەر جێی فاکەڵتیی یاساداڕێژیی کانت دەگرێتەوە، فەیلەسوف - یاسادانەر وەک فەیلوسوفی ئایندە، وەک داهێنەری بەهای نوێ. فەیلەسوفی ڕاستەقینە ئەوەیە کە یاساکان دادەنێت و پەیڕەویشیان لێدەکات.

لای کانت ڕەخنە واتا یەکگرتنی سروشتی هەستەکی (سروشتی ماددی) و سروشتی سەروو هەستەکی (بوونەوەری عەقڵانی) بەهۆی یاسای ئاکارییەوە. لەم دۆخەدا سوبێکت خۆی دەبێتە یاساداڕێژ و پیڕەوکار، خودی و بابەت، نۆمین و فینۆمین، کاهین و باوەڕدار. لای نیتچە ئەمە تەنیا (سەرکەوتنێکی لاهوتییە)، بۆیە دۆلۆز دەپەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کانت و نیتچە لە ڕوانگەی بەرەنجامەکانەوە.

دۆلۆز بە کورتی دژیەکی تێگەی کانتی و تێگەی نیتچەیی بۆ ڕەخنە لە چەند خاڵێکدا دەخاتە ڕوو، گرنگترینیان ئەوەیە:

-بنەما ترانسێندنتالییەکان و عەقڵی یاساڕێژی کانتی ڕەخنەی ڕاستەقینە نین، بەڵکو فەیلەسوف- یاسادانەری نیتچەیی، واتا جینالۆژیست.

-عەقڵ بەسەرخۆییەوە دەبێتە دادوەری دادگا، بەڵام ئەم کارە ساختەیە، ئەوەی ڕاستەقینەیە زانای جینالۆژییە (فەیلەسوفی ئایندە).

-شەرعییەتی هزر لەوەدا نییە کە پەیڕەوی عەقڵ بکات، بەڵکو لەوەدایە کە دژی عەقڵ بێت. ناعەقڵانییەتی نیتچەیی خاڵی نییە لە فیکر، بەڵکو خاڵییە لە عەقڵ. لای نیتچە فیکر لە جەستە و ویستی هێز دەکەوێتەوە، بەمەش بەها کۆنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەهای نوێ دادەنێت، بەڵام عەقڵ پارێزگاری لە بەها کۆنەکان دەکات.

-ڕەخنە ئیرادەی هێزو پێرسپەکتیڤی ئیرادەی هێزە، بۆیە ئامانجی ڕەخنە مرۆڤ یان عەقڵ نییە، بەڵکو مرۆڤی باڵایە.

-ئەوەی لە ڕەخنەدا گرنگە پاساودانەوە و ئەستۆپاککرنەوەی خۆی نییە (وەک ئەوەی عەقڵ دەیکات)، بەڵکو گرنگ شعورە، وێنەیەکی جیاواز و هەستەوەرییەکی جیاواز. گرنگ ملکەچی و پەیڕەوکردنمان نییە لە عەقڵ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بەڵکو تاوتوێکردنی بەهای خودی عەقڵ و حەقیقەتە لە ڕوانگەی ویستی هێزەوە.

**سەرچاوەکان:**


1-جيل دولوز: فلسفة كانط النقدية، تعريب: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، بيروت، 1997.

2-جيل دولوز: نيتشه، تعريب: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، بيروت،1998.

3-جيل دولوز: نيتشه و الفلسفة، تعريب: اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، بيروت، 2001.

4-جيل دولوز- سياسات الرغبة، تحرير: د. احمد عبد الحليم عطية، الفكر المعاصر، سلسلة اوراق فلسفية، دار الفارابي، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان، 2011.

5-فريدريش نيتشه: هذا هو الإنسان، ترجمة: علي مصباح، منشورات الجمل، كولونيا (المانيا)، بغداد، الطبعة الثانية، 2006.

# جیل دۆلۆز: سارتەر مامۆستام بوو

**بۆ عەرەبی: فتحی المسکین**

**لە عەرەبییەوە: دیاری عەبدوڵڵا**

هەر نەوەیەک مامۆستای نەبێت، شایستەی ئەوەیە خەمی لێبخورێت، مامۆستاکانی ئێمە مامۆستا گشتییەکان نەبوون، لە کاتێکدا کە پێویستیمان بە مامۆستا هەبووە، چونکە هەر ئەوەندەی دەگەیشتنە تەمەنی پیاوێتی، ئیدی مامۆستاکانمان ئەوانە بوون نوێگەرییەکی گەوهەرییان بەسەردا سەپاندین، ئەو مامۆستایانەی دەیانزانی چۆن تەکنیکی هونەری و ئەدەبی دابهێنن و رێگەی بیرکردنەوەی گونجاویان بۆ ئەم نوێگەرییەی سەردەمەمان دەدۆزییەوە، مەبەستم رێگەی نوێی بیرکردنەوەیە بۆ زەحمەتی و پەرۆشییە بە هەڵاکانمان. ئێمە دەزانین تەنها یەک بەهای هونەری، بگرە یەک بەهای راستەقینەی راستەقینە هەیە: «دەستی یەکەم»، نوێگەریی رەسەن بۆ ئەوەی دەیڵێین، ئەو «کۆپلە میوزیکەی هەقیقەتەکەی پێدەڵێین». سارتەی بۆ ئێمە ئەو میوزیکە، ئەو دەستی یەکەمە بوو (واتە بۆ نەوەی سەدەی بیستەم). دواتر، کێبوو زانیی شتێکی نوێ بڵێت، ئەگەر سارتەر نەبوویێت؟ کێ رێگەی نوێی بیرکردنەوەی فێرکردین؟ کارەکانی «مێرلۆبۆنتی»، چەندە قووڵ و پرشنگدار بن، بێگومان مۆرکی مامۆستای پێوەدیارە و لە زۆر رووەوە سەر بە کارەکانی سارتەرن. (سارتەر بوون و قەوارەی مرۆڤی بە نەبوون «لاوجود»ی تایبەت بە دەلاقەیەک دەچواند لە جیهاندا، دەریاچەی بچوک بچوک لە نەبوون، وەک ئەو دەڵێت).

لە کاتێکدا مێرلۆبۆنتی بە چرچ و لۆچیی ئاسایی دادەنـان، بۆیە

بوونگەرایییەکی توندو بیروردانەی جیاواز لە بوونگەرایییەکی نەرمتر، پارێزکارتر هاتەئارا، بەڵام کامۆ، مەخابن، دەمێک خواستێکی گەورەی بۆ چاکەکاری «فەزیلەت» و دەمێکیش پووچگەرایەکی پلە دوو بوو: کامۆ سەر بە بیرمەندە نەفرەت لێکراوەکان بوو، بەڵام فەلسەفەکەی دەیگەڕاندینەوە بۆ « لالاند و مایرسۆن»، واتا بۆ ئەو نوسەرانەی دواتر لای هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆر بە باشی ناسرابوون. لە کاتێکدا ئەوەی لە سارتەرەوە دەهات بابەتی نوێ، شتێک لە شێوازی نوێ، ڕێگەیەکی رکابەریی توند و نوێ بوو لە خستنەڕووی کێشەکان و قسەلێکردنیان. لە ئاپۆرای نووسین و هیواکاندا بە نووسین، جارێکی تر پەردەمان لەسەر هەموو شتەکان هەڵدایەوە: کافکا، رۆمانی ئەمریکی، هۆسرێل، هایدیگەر، ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵوێستانەی لە هزری مارکسیدا کۆتاییان نییە، تەکاندان بەرەو رۆمانێکی نوێ، بەڵام هەموو ئەمانە بە سارتەردا تێپەڕین، لەبەرئەوە نا کە سارتەر، وەک فەیلەسوف، خاوەنی «بلیمەتیی کۆکەرەوە، تۆتالیزەیشن»بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیزانی چۆن شتی نوێ دابهێنێت. یەکەمین نمایشەکانی شانۆیی «مێش» و دەرکەوتنی بوون و نەبوون، وانەی بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆیی، هەموو ئەمانە ڕووداوی گەورە بوون، دواتر لە میانەی چەندین شەونخوونییەوە فێربووین لە بیرکردنەوەی بەردەوامدا بین لە نێوان بیرکردنەوە و ئازادیدا.

بیرمەندانی ئازادیخواز، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە دژی بوونی «مامۆستایان گشتین»، تەنانەت سۆربۆنیش پێویستیی بە دژە سۆربۆنێک هەیە، خوێندکارانیش بە باشی گوێ بۆ مامۆستاکانیان ڕاناگرن، ئەگەر مامۆستای تریان نەبێت. لە کاتی خۆیدا نیتچە لەوە گەڕا تەنها بۆ ئەوەی ببێتە بیرمەندێکی ئازاد دەبێ مامۆستایش بێت: سارتەریش لە دەرچە و

سیستمێکی تردا بە هەمان شێوە بوو. بیرمەندانی ئازادیخواز دوو خەسڵەتیان هەیە: جۆرێک لە یەکبوون لە هەموو حاڵەتێکدا، لەگەڵ کەمێک شپرزەیی، جۆرێک لە ئەنارشیزمیی جیهان کە لەوێدا هەڵدەقوڵێن و دەدوێن، بۆیە ئەوان تەنها بەناوی تایبەتی خۆیانەوە قسەدەکەن، بێئەوەی نوێنەری شتێک بن و لە نێو جیهاندا، جۆرەها فۆرم لە ئامادەگیی بنچینەیی و هێز دەجووڵێنن کە هیچیان «نوێنەرایەتی» ناکرێن. سارتەر لە میانەی پرسیاری «ئەدەب چیە»وە نموونەی باڵای نوسەری داڕشتووە.

نوسەر جیهان وەک خۆی چۆنە دەهێنێتەوە مەیدان، کاڵ، شەلاڵی ئارەقە، بۆگەن، رۆژانە، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەی ئازادی بیداتەوە بە ئازادییەکان، بەوەوە ناوەستێت ئازادی بە نوسەر بدەین تا بتوانێت هەموو شتێک بڵێت! بەڵکو نوسەر دەبێت بۆ جەماوەرێک بنووسێت ئازادیی گۆڕینی هەموو شتێکیان هەبێت، ئەمەش وێڕای هەڵوەشاندنەوەی چینایەتی و چینەکان، هاوکات مانای نەهێشتنی هەموو دیکتاتۆریەتێک، نوێگەریی بەردەوامی چوارچێوەکان، گۆڕینی بەردەوامی سیستمەکان دەگەیەنێت، تا نەگەیشتوون بە چەقبەستن و بە بەردبوون. بە یەک وشە: ئەدەب، لە چییەتی و خودێتییدا رەگەزێکە وا دەکات کۆمەڵگە بتوانێت لە شۆڕشی بەردەوامدا بێت. سارتەر، هەر لە سەرەتاوە، وێنای نوسەری لە شێوەی مرۆڤێکدا کردووە وەک هەموو مرۆڤەکان، تەنها لە گۆشەنیگای ئازادییانەوە رووەدەکاتە مرۆڤەکان.

هەموو فەلسەفەکەی لە جووڵەیەکی رامانگەریی نکولیکەردا بووە لە بیرۆکەی نوێنەرایەتی، خودی سیستمی نوێنەرایەتیش: فەلسەفە هەمیشە پێگەی خۆی دەگۆڕێت، لە بازنەی حوکمدان دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی لە جیهانێکی پڕ ڕەنگتردا جێگیر بێت کە بە «جیهانی پێش حوکمدان»و

«پێش نوێنەرایەتی» ناودەبرێت. سارتەر دواجار وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ڕەتـکـردەوە، ئەم کارەیشی بەردەوامیی کرداریی بوو لەسەر هەمان هەڵوێست، ئەو لەوە دەترسا کە ببێتە نوێنەری هەر شتێک، تەنانەت گەر بەها ڕۆحییەکانیش بێت، یان وەک خۆی دەڵێت: «سەر بە دامەزراوەیەک بێت».

بیرمەندی ئـازاد پێویستی بە جیهانێک هەیە کەمترین ئاشووب و ئەناریشستیی تێدا بێت، تەنانەت گەر هیوایەکی شۆڕشگێڕانە و تۆوی شۆڕشێکی بەردەوامیش بێت، لای سارتەر جۆرێک لە پەیوەستبوونی تایبەت هەبووە.

بە نووسین، بە هیوا نائومێدکەرەکانی ئەم ساتەوەختە، ئیدی شەڕی جەزائیر پێویست بوو بۆ ئەوەی جۆرێک لە خەباتی سیاسی، یان گرژی و ئاڵۆزیی ئازادکەر بدۆزێتەوە، ئەوکات لەو بارودۆخە ئاڵۆزانەدا، کە ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە ئیدی ئێمە کەسانێکی سەرکوتکراو نین و ئەو کەسانەین دەبێت لە دژی خۆمان بووەستینەوە.ئاخ گەنجان، تەنها کوبا و پیاوانی بەرگریکاری فەنزوێلا ماون!

بەڵام شتێکی گەورەتر لە یەکبوونی بیرمەندانی ئـازاد لە ئارادایە کە یەکبوونی ئەوانەن لە سۆراخی مامۆستایەکدان، ئەوانەی مامۆستایان دەویست و تەنها لە جیهانێکی ئاڵۆزی پڕ ئاشووبدا نەبوایە، نەیاندەتوانی بەو مامۆستایە بگەن.

سیستمی ئاکاریی، سیستمی نوێنەرایەتی بەسەرماندا داخراوە، تەنانەت ترسیش لە ئەتۆم لە شێوەی ترسێکی بۆرژوازیدا دەبینین. وا دەکات «تیلهاردی شاردان» وەک مامۆستای بیرکردنەوە بۆ تازەپێگەیشتوان پێشنیار بکەین. ئەوەمان چەشت کە شایستەی بووین. دوای سارتەریش، نەک تەنها سیمۆن

فاریل، بەڵکو فایلی مەیمون. نەک هەر ئەوەیش وێڕای هەموو شتەکان، چونکە لە ئەدەبی ئێستادا شتی نوێ بە قووڵی بوونیان نییە، با سەرباری تێکەڵکردنی دۆ و دۆشاو باس لە رۆمانی نوێ بکەین، کتێبەکانی گۆمبرۆفیچ، گێڕانەوەکانی کلۆسۆفسکی، سۆسیۆلۆژیای لیڤی شتراوس، شانۆی جیناث و دی غانی، فەلسەفەی «شێتی»کە فۆکۆ ئیشی لەسەر کردووە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ نیمانە ئەوەیە کە سارتەر زانی چۆن کۆی دەکاتەوە و بۆ نەوەی پێشتر بەرجەستەی دەکات، واتە مەرجەکانی هەمەکیەکی کۆکەرەوە «une totalisatio»: ئەوەی کە تیایدا سیاسەت و ئەندێشە و رەگەز و ناهۆشیاری و ویست لە نێو مافەکانی مرۆڤایەتیدا وەک یەکەیەک کۆدەبنەوە. ئێمە ئەمڕۆ بوونی خۆمان دەکەینە خۆراکی رۆژانەمان، ئەندامەکان پەرتەوازەن. سارتەر لە بارەی کافکاوە دەڵێت: «ئیشەکانی کافکا پەرچەکرداری ئازاد و یەک قەوارەن بەسەر جیهانی جوولەکە - مەسیحیی ئەوروپای ناوەڕاست؛ رۆمانەکانیشی تێپەڕاندنی نووسینەکەی بارودۆخی خۆیەتی وەک مرۆڤ، جوولەکە، چیکی، وتاربێژێکی کێماسیدار، سیلاوی و ...هتد، بگرە سارتەر خۆی.

ئیشەکانی کافکا پەرچەکردران دەرهەق بە جیهانی بـۆرژوازی و لە لایەن کۆمۆنیستەکانیشەوە خرایە ژێر پرسیارەوە، تەعبیریشن لە تێپەڕاندنی بارودۆخی تایبەتی خۆی وەک رۆشنبیرێکی بۆرژوا و قوتابیەکی پێشووی خانەی مامۆستایان و وتاربێژێکی ئازاد و پیاوێکی ناشیرین و ( سارتەر زۆرجار خۆیشی بەوجۆرە باسکردووە)...هتد: هەموو ئەو شتانەی لە جووڵەی کتێبەکانیدا رەنگدانەوە و پێکادانیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

ئێمە وا باس لە سارتەر دەکەین، وەک ئەوەی بیرمەندی قۆناغێکی بەسەرچوو بێت، بە داخەوە وادیارە ئەوە ئێمەین لەنێو ئەم سیستمە ئاکاری

و فەرمانبەرداریەدا بەسەرچووین. سارتەر لایکەمی ڕێگەی پێداوین بەبێ ناونیشانێکی روون لە چاوەڕوانیی سانەوەختەکانی ئاینده و ئەو دەستپێکانەدا بین، کە تیایاندا هزر جارێکی تر خۆی پێکدەهێنێنەوە و پێکهاتە کۆکەرەوە «totalites»کانی وەک هێزێکی دەستەجەمعی و تایبەت درووستدەکاتەوە. هەر بەمهۆیەشەوە سارتەر بە مامۆستایی ئێمە دەمێنێتەوە. دوایین کتێبی سارتەر «رەخنە لە عەقڵی جەدەلی» یەکێک لە جوانترین و گرنگترین کتێبەکانی ساڵانی پێشووە، کە تیایدا تەواوکاریی پێویست بە بوون و نەبوون دەداتەوە، واتە داواکاریە دەستەجەمعییەکان بۆ تەواوکردنی خودێتی کەسەکان دێن. کاتێکیش سەرلەنوێ بیر لە بوون و نەبوون دەکەینەوە، بۆ ئەوەیە جارێکی تر ئەو سەرسوڕمانە بێنینەوە، کە لە ئاستی نوێکردنەوەی گەورە بۆ فەلسەفە دایگرتین. ئێمە ئەمڕۆ باشتر دەزانین کە پەیوەندیی سارتەر بە هایدیگەر و شوێنکەوتەیی گرفتی لاوازی بەرمەبنای بە هەڵە لە یەکتێگەیشتن بوو. ئەوەی لە بوون ونەبووندا جێی سەرنجمان بووە، تەنها سارتەریزم بووە و پشکی بەشدارییەکانی سارتەری بۆ دیاریدەکردین: وەک تیۆری نیازخراپی کە هۆشیاری لە نێوخودی خۆیدا هەڵدەسێت بە بەکارهێنانی هێزی زیادبووی لەوەدا کە نەبێتە ئەو وەک ئەوەی هەیە و ببێتە ئەوەی وەک ئەو نییە!

دیدی کەسانی تر، چونکە دیدی کەسانی تر بەسە بۆ ئەوەی جیهان لە ژێرمدا بلەرزێت و وابکات لەگەڵ تیۆری ئازادیدا «بدزرێت لێم». چونکە ئەمیان خۆی سنوورەکانی خۆی دادەنێت و لە میانەی هەڵوێستەکانییەوە خودی خۆی پێکدێنێتەوە، هاوکات لەگەڵ دەروونشیکاریدا، کە جارێکی تر بە ڕێبژاردە بنچینەییەکانی تاکێک لە ژیانی بەرجەستەیدا دەگاتەوە. لە هەموو جارێکیشدا، ماهیەت و نمونەی هێنراوە دچنە پەیوەندیی ئاوێتەوە

که شێوازێکی نوێی دەدایە فەلسەفە، شاگردی گازەینۆیەک، کچێکی ئاشق، پیاوێکی ناشیرین، بە تایبەتی بیار-ی هاوڕێم کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لێرەدا نەبووە، دەکرا ڕۆمانی ڕاستەقینە پێکبێنن لەنێوجەرگەی کاری فەلسەفی و ڕەوتی ماهیەتەکان بخاتە سەر ڕیتمی نموونە بوونگەرییەکان. لە هەموو شوێنێکیشدا پێکهاتەیەکی ڕێزمانی توند دەردەکەوت، کە لە پارچەو درێـژدادڕی درووستدەکرا و دوو پرسی بۆ ڕووندەکردینەوە کە سارتەر پێیانەوە خەریکبووە: «دەریاچەکانی نەبوون، لینجیی ماددە».

ڕەتکردنەوەی خەڵاتی نۆڵ هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، دواجار کەسێکیش هەیە نایەوێت ئەوەمان بۆ ڕاڤە بکات، کە قبووڵکردنی تەشریفات و نوێنەرایەتیکردنە گشتیەکان لەلایەن نوسەرێک، بیرمەندێکی ئازادەوە شتێکی سەیرە. دواتریش زۆرێک لە فێڵ و تەڵەکەبازان دەیانەوێت سارتەر بخەنە پارادۆکسەوە: خەڵکی هەستی تووڕەیی و ڕق و کینە بۆ ئەو دەگێڕانەوە، چونکە خەڵاتەکە دواکەوت و لەگەڵ ئەوەیشدا ناڕەزایی دەردەبڕن بەوەی هەرچۆنێک بێت شتێکە نابێ بە کەم دابنرێت، ئەوەیشی دێننەوە بیر کە سەرکەوتنی هەرچۆنێک بێت خۆی کەسێکی بۆرژوایە و هەر بە بۆرژواییش دەمێنێنەوە، ئاماژە بەوەیش دەدەن کە ڕەتکردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ کارێکی ژیرانە و حەکیمانە نەبوو. هاوکات پێشنیاری بۆ دەکەن، ئەویش وەک ئەوانە بکات کە قبووڵی دەکەن و لە بنچینەیشدا ڕەتی دەکەنەوە، ئەگەر ئەوەیش تەرخانکردنی داراییشی بوێت بۆ کاری خێرخوازی.

باش نییە زیاد لە پێویست لێی نزیک بینەوە، چونکە سارتەر مشتومڕکارێکی ترسناکە.. هیچ بلیمەتییەک لە ئـارادا نابێت بێ لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕییانە بە خۆی، بەڵام کام لە لاساییکردنەوەکان باشترن؟ پیرێکی خۆ گونجێنەر بێت لەگەڵ بارودۆخەکان، مەرجەعیەتێکی ڕۆحیی جوان

بێت؟ یان لەخۆی بویێت بە نوسەرێکی نوسین شێنانە بمێنێتەوە؟ خۆی بە ئەکادیمیستێک ببینێت یان خەون بەوەوە ببینێت، کە پێشمەرگەیەکی فەنزوێلیە؟. کێ جیاوازیی لە چۆنێتیدا، لە بلیمەتیدا نابینێت، جیاوازیی بنچینەیی نێوان ئەو دوو رێبژاردەیە، یان ئەودوو جۆرە لاسایکردنەوەیە، ئەوەیە سارتەر بۆچی کەسێکی بە ئەمەک بووە بۆ بیاری هاوڕێی کە هەرگیز لێرە نەبووە؟

ئەوە قەدەری ئەم نوسەرەیە کە لە کاتی قسەکردندا رێگە بداتً هەوای پاک تێپەڕێت، تەنانەت گەر ئەو هەوایە هەوای نائامادەییەکان بێت کە بە ئاسانی هەڵنامژرێت.

**ئەم وتارەی جیل دۆلۆز بۆ یەکەمجار لە ژمارە «28»ی نۆڤەمبەری گۆڤاری «arts»دا بڵاوکراوەتەوە و دوای مانگێک لە وەرنەگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لەلایەن سارتەرەوە نووسراوە.**

**سەرچاوە :**

**(المنارات) ژمارە 2724ی چوارشەمە «13»ی شوباتی 2013**

# جیل دۆلۆز:
# سینەما و شوناسی نەتەوەیی

دەیڤد مارتن جۆنز
لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

جیل دۆڵۆز فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسی، قوتابی و هاوکاری نوێژینەوەیی جاک لاکان بوو، کە زۆر لەژێر کاریگەریی فرۆید، نیتچە و مارکسدا بووە. بەڕای جیل دۆڵۆز فەلسەفە شتێک نییە بەدەر لە نەخشەکێشانی جوگرافی، بۆ دۆزەینەوەی مەبەست و ئامانج. لە نیوەی دەیەی هەشتادا دۆڵۆز دوو کتێبی لەبارەی تیۆریی فیلمەوە نووسی بەناوەکانی «سینەما» و «وێنە، جووڵە و وێنە ـ کات» لانیکەم لە دەقی فەرەنسیدا، ناکرێ بڵێی ئەم کتێبانە هەوێن و سەرچاوەی زۆر کاریگەری بوون، بەڵام دەقێکی جێگای سەرنجەو ئەویش لە بوارێکدا کە بە خاڵی کوێری فەلسەفە ناودێر کراوە. دەیڤید مارتن جۆنز لەم وتارەدا پڕژاوەتە سەر تاوتوێی سینەما و ناسنامە لە روانگەی فەلسەفەی سینەمای جیل دۆڵۆز:

مارتن جۆنز پرۆژەکەی خۆی بە باسکردنی روانگەیەک دەست پێدەکات: بە تێپەڕینی قۆناغێکی دە ساڵە، ژمارەی ئەو فیلمانەی کە خەریکی نواندنی کۆمەڵێک دیمەنی ئاگایانەن، کەم بوونەتەوە یان وەک یەک لە داڕشتن و گێڕانەوەی چیرۆکدا کاریان کردووە. لە حاڵێکدا لێکچوونی رواڵەتی لە نێوان کۆمەڵێک فیلمی وەک «هەڵی، لۆلا هەڵێ« (تام تایکور 1998) «مەمەنتو» (کریسنۆفێر نولان 2000) و «چوکلیتی نەعنایی» (چانگ ـ دونگ لی 2000) دەکرێت دەربڕی داڕشتن و نووسینەوەی جوانناسیی جیهانی بێت. مارتن جۆنز بە شێوەیەکی قەناعەت پێکراو لەم بارەوە باسدەکات کە لە هەر

بوارێکەوە، ئەو ئەزموونە بەدەستهاتووە لە گێڕانەوەکان، پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ ئەو پرسیارانە هەیە، کە لەبارەی ناسنامەی نەتەوەییەوەن.

فەلسەفەی جیل دۆلۆز لە پەیوەندی لەگەڵ تێپەڕین، بەتایبەت لەبارەی بەرهەمە سینەماییەکانی، بنەما و هەوێنی خوێندنەوەی مارتن جۆنز دادەڕێژێ. ئەم بەدواداچوون و گەڕانە چەندین ڕێگای ئاڵۆز و پێکناکۆک دەدۆزێتەوە، کە لەوێوە «کات، فەزا و بیرەوەریی مێژوویی» لەو فیلمانە پێکەوە هاوسەنگن و دەگونجێن. ئەم نزیکایەتییە دوولایەنە، کە فەلسەفەی دۆلۆز لەگەڵ شرۆڤەی بەرتەسکی مێژوویی فیلمە هاوچەرخەکان گرێدەدات، داهێنەرانە و بنیاتنەرانەیە.

مارتن جۆنز لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی خۆیدا دەگێڕێتەوە، کە ئارمانگەرایی وشک و برنگ، ڕواڵەتی و خێرا تێپەڕی سینەما، بە شێوەیەکی بەرین لە دووتوێ و پێکهاتەی پشێوییە مێژووییەکاندا دەردەکەوێ، کە بەرچاوترینیان، سەرهەڵدانی نیۆریالیزمی ئیتاڵی و چەندین «شەپۆلی نوێ»ی ئەوروپییە کەلە ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهانی هاتوونەتە ئاراوە. کتێبە سینەماییەکانی دۆلۆز جەخت لەسەر ئەم نموونە مێژووییە دەکەنەوە و ئاماژە بە گۆڕانێکی قووڵ لە نێوان فەزا و کات لە فیلمدا دەکەن، کە بەو هۆیەوە وێنە ـ جوڵە، گێڕانەوە و دیالۆگی کەسایەتییەکان لەو کات و فەزایەدا، کەلە ڕێگای پەیوەندییە لۆژیکی و بەرهەستەکانەوە سەپێنراوە، دبنە وێنە و جووڵەی سـەردەم. سـەرەڕای ئەوەی کە دۆلۆز سەردەمی پاش شەڕ بە هۆکاری سەرهەڵدان و بنیاتی سینەما دادەنێت، بەڵام ئاماژە بە وردەکاریی ڕێکوپێکی کەم لەبارەی ئەو سەرهەڵدانەوە لەناو چیرۆکە میلییەکاندا دەکات، بەڵام ڕێدۆز و قۆناغی سەرەتایی ئەو لەم بارەوە ستراتیژییە، ئەو ئاماژە بە بەریان و مەیلی هاوچەشن لە مەیدانێکی بەرین لە شێوازی جۆراوجۆری سینەما بۆ

داکۆکیکردن لەسەر پێکهاتە و کرۆکی فەلسەفەی سەرهەڵدانی وێنە ـ کات دەکات. وێنەیەک کە گرنگییەکەی دامەزرانی پەیوەندییەکی چالاکە لەگەڵ فام و بیرکردنەوەدا. مارتن جۆنز لە درێژەدا دەنووسێ کە کتێبەکانی سینەما لەبەرامبەر تۆمەتی نامێژوویی بووندا خەسارهەڵگرن، بەتایبەت کاتێک کە مەودای نێوان وێنە ـ جووڵە ـ کات وەک دژبەرێکی ساویلکانە دەکەوێتە نێوان سینەمای هۆڵیود و شێوازە ئەوروپی و سینەمای هونەرییەوە.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم مەسەلەیە بەو واتایە نییە، کە بەرنامەی فەلسەفیی دۆڵۆز پێچەوانەی ئامانجە مێژوویی یان سیاسییەکانی فیلمە، لەڕاستیدا روانگەی دۆڵـۆز بۆ فیلم وەک شوێنی سەرهەڵدانی توانایی و تێڕامان، بەرەو توێژینەوە لە هەلومەرج و ئاقاری مێژوویی و نەتەوەیی پەلکێش دەکات. یەک لەو تێگەیشتنە بەرچاوانەی مارتن جۆنز لەبارەی دۆڵۆز، جەختکردنیەتی لەسەر پەیوەندیی دۆڵۆز یان خوێندنەوە و رانانی فیلمی هاوچەرخ و خستنەڕووی تیۆرییەکانیەتی لەبورای سینەمادا، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژە بە کەموکوڕی گەلێک دەکات، کەلە بەرهەمەکانی دۆڵۆزدا بەچاو دەکەون. مارتن جۆنز دەڕوانێتە ئەو بەرهەم هاوچەرخانەی کە دەکەونە سنووری نێوان سینەمای سەربەخۆ و رەوتی سەرەکیی بارزگانییەوە.

لە هەر قۆناغێکدا، دۆڵۆز زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە دڵەڕاوکییەکان باسدەکات، کە بەرەنجامی پشێویی مێژوویی ناسەقامگیرن کە دەبنە هۆی بەرهەمهاتنی وێنەی سینەمایی. ئەم وێنانە لە پرۆسەیەکی ئاساییدا دەکەونە خزمەت بنەما و تۆخمی گەشەسەندنی سینەمای نەتەوەییەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە هیچکات کامڵ نییە، چونکە لەجیاتی ئەو شتەی کە ئێمە دەیبینین، وێنەی ئەو سەردەمانەن کەلە حاڵی ئێستادا بوونەتە چوارچێوەی وێنە و لەجووڵەدا

پیشان دەدرێنەوە. مارتن جۆنز لە بەشێکی دیکە لە بابەتەکەی خۆیدا لەمەڕ ئەو «فیلمە چەند ڕەهەندانە» وەک مەیدان و دەرەتانێک بۆ سەرهەڵدان، دوولایەنی و جوڵاو بە ئاراستەی چەندلایەنەی بەردەوامدا باسدەکات، کەلە بەرامبەردا روانگە و بۆچوونێکی تر بە ئاراستەی رێگەچارەیەکی راستەوخۆ و تەکنیکی لە گۆڕێدایە. لە درێژەی راپۆرت و نووسینەکەی مارتن جۆنز وەها هەڵدەهێنجرێ کە ئەم فیلمە چەند رەهەندانە، وەڵامی پرسیارە بەراوردکارییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامە کەسێتییەکان دەداتەوە.

یەکێک لە گرنگترین بابەتە باسکراوەکان لە راپۆرتەکەی مارتن جۆنزدا، هێنانەگۆڕی پەیوەندیی باس خولقێنی فەلسەفەی دۆلۆزە لەگەڵ تیۆریی «هۆمی بابا» لەبارەی «کاتی دوو هێندەی نەتەوە»یە کە لەم تیۆرییەدا، رابردوو بە مەبەستی پێکهێنانی وێنەیەکی زەیندووی بەردەوام و یەکپارچە، بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی لە رێگای «ئێستا»وە دەگێڕدرێنەوە. مارتن جۆنز لەو باوەڕە دایە تەنانەت لەو فیلمانەی کەلە پێگەی هەڵچنرا و کەڵەکە کراو لەسەر یەک سەرچاوەیان گرتووە، ئەگەری زۆرە کەلێنەکانی نێوان پێکهاتەی نەتەوە ئاشکرا بکەن. خوێنەوەکانی جیل دۆلۆز زیاتر لەسەر ئەو فیلمانەیە کە ئەو دوو رەهەندی و دوو لایەنییە وێنا دەکەن و کۆمەڵێک ڕێگە پیشان دەدەن، کە تێیایاندا گێڕانەوە و چیرۆکە سەرەکییەکان دەکەونە ژێر پرسیار و دیسانەوە دەگێڕدرێنەوە.

لە بەشی یەکەمی وتاری مارتن جۆنزدا بە شێوەی دیار و جیا باس لە بابەتە سەرەکییەکانی کتێبە سینەماییەکانی جیل دۆلۆز کراوە و بەشی دووەم هەڵگری شرۆڤەکانی فیلمە کەلە روانگەی ناوچەی جوگرافی، هەوێن و قۆناغ و سەردەمەوە دابەش کراون. مارتن جۆنز، لە روانگەی مێژووییەوە دەپرژێنە سەر جیاوازیی دۆلۆز لە نێوان وێنە ـ کات و وێنە ـ جوڵە و

دەنووسێ لە جێگای فەرمی بوون و باری زانستی، زیاتر ئاراستەی سیاسییان هەیە. بۆ وێنە تێگەیشتنی دۆلۆز لە فیلمی «هەشت و نیو» ( فێدریکۆ فلینی 1963)، وەڵامی رەخنەگرانە بە فیلم و تیۆریی نووسەر و سەرهەڵدانی قۆناغێکی ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ئیتاڵی پێکەوە گرێدەدات.

دەبێ لێرەدا جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەینەوە، کە سەرنجی مارتن جۆنز بۆ مەسەلەی جیاوازیی وێنە ـ جووڵە و ئەو بەرهەمە جۆراوجۆرە چەند رەهەندییانە، کە بە ئاراستەی وێنە لەکاتدا چوونەتە پێش، دەکرێ ئەم راستیە بسەلمێنن، کە ئەم بەرهەمانە لە خوێندنەوەی فیلمەکان و بە بەراوردێک لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە تەنیا کاتی خۆیان بۆ خولقاندنی یەک جۆر وێنە تەرخاندەکەن، زۆر بەسوود و دەبنە هۆی بەربڵاویی تێگەیشتنی ئێمە لە چەمکی نەتەوە و ناسنامە لە دووتوێی فیلمی سینەماییدا.

**جیل دۆلۆز پانتایی زمانی سینەما بۆ دوو ئاست دابەشدەکات:**

ئاستی یەکەم: زمانی وەکو پەیڕەوەی جوڵە و جووڵە ناساندووە و پێیوایە سینەما لە رێگای وێنەی جووڵەدار و بزوێنەرەوە کار دەکات. ئەم شێوازە وێنە و فۆرمی نەریتی و کلاسیکی سینەمایە و دۆلۆز، بۆ ئەمەش «سێرگیی ئیزنشتاین»ی وەک نموونە هێناوەتەوە. لەم شێوازەدا بەگشتی زەمەنی راستەقینە پشتگوێدەخرێ و هەوڵدەدرێ وێنە جووڵە ئاساکان لە خولقاندنی دیالێکتیکێکی جیهانیدا سەرکەوتوو بن. هەڵبژاردن و رێکوپێک کردن بە شێوازی «ئیزنشتاین»ی ئەم شێوەیە بۆ ڕێکخستنی وێنەکان زۆر پێویست و کاریگەرە. بۆ نموونە (سەرنج بدەنە بەشی «پلیکانی ئۆدیسا» لە فیلمی «رەزمناو پوتمکین ساڵی 1925» کە تێیدا زەمەنی راستەقینە لەبەرچاو نەگیراوە و لەرادەبەدەر لۆژیک لەگەڵ دونیای راستەقینەی لەم

فیلمەدا وێنا کراوە، بەڵام شێوازی هەڵپەرتاوتنی «ئیزنشتاین» کۆمەڵێک لە هێمای بزوێنەر و جیاواز بەدوای یەکدا ریز دەکاث، هەتا ئەم دیالێکنیکە (پارادۆکسەکان) بیێنە هۆی خولقاندنی واتایەکی نوێ لە زەینی بینەردا).

ئاستی دووەم، کەلوپەلەکانی سینەما ئەمجارەیان نەتەنیا جووڵە، بەڵکو گەوهەری کاث و زەمەنە و سینەما لەگەڵ خودی زەمان سەروکاری هەیە. جیل دۆلۆز بۆ ئەم ئاستە نموونەی فیلمی «ساڵی پێشوو لە مارین باد 1961» لە دەرهێنانی «ئالن رنە»ی هێناوەتەوە. رووداوەکانی فیلم لە کۆشکێکی گەورە کە کۆمەڵێکی بەرچاو میوانی تێدایە روو دەداث. ژن و پیاوێک یەکتری دەبینن، پیاوەکە بە ژنە دەڵێ ساڵی پێشوو ئەوی لە هەمان کۆشک بینیوە و پێکەوە قسەیان کردووە، بەڵام ژنەکە هیچی وەبیر نایەتەوە. رووداوەکانی فیلم بەردەوام لە گۆڕانیان بەسەردا دێ و لەباری کاتەوە پاش و پێش دەکەوێ و دیار نییە ئاخۆ پیاوەکە راسث دەکاث کە ساڵی پێشوو ئەو ژنەی لە «مارین باد» بینیوە یان نا؟ بابەتی سەرەکیی فیلمەکە «کاث و زەمەن»ە.

جیل دۆلۆز لەو باوەڕەدایە کە زەمان سەرەتا و کۆتایی نییە. بەڕای ئەو زەمەن مەرجی سەرەکیی هەموو کارێکە و هەموو بەشەکانیش بەوەوە بەستراونەتەوە. دۆلۆز رایدەگەیەنێ تەنیا و تەنیا هەلومەرجی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی دەتوانێ سینەما بگەیەنێتە ئاستی دووەمی خۆی و بە لێبڕاوییەوە دەڵێ کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەم هەلومەرجە بۆ سینەما دەستەبەر بووە. جەختکردنەوەی دۆلۆ لەسەر ئەم قۆناغەکە لە سینەما زیاتر چڕبوونەوەیە لەسەر کەسایەتی و کاراکتەرەکان. سینەمای نایابی دۆلۆز ئەوکاتە دێتەدی، کە زەمان ئیدی پەیڕەوی لە جوڵە نەکاث، بەڵکو خۆی سەربەسث و جیالە جوڵە لە دووتوێی فیلمدا هەستی پێ

بکرێت.

یەکێکی تر لە باوەڕەکانی جیل دۆلۆز لەبارەی سینەماوە ئەوەیە کە دەڵێ: «لە نێوان سینەما و سیاسەتدا سنوورێک نییە، مەگەر دەکرێ جیاوازی لە نێوان فیلمی سوسیالیزم و بەیاننامەیەکی سیاسیدا دابنێین؟

جیل دۆلۆز (Gilles Deleuze) فەیلەسووفی فەرەنسی ڕێکەوتی 1925/1/18 لە پاریس لەدایکبووە. بەر لە دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی چووەتە قوتابخانەی دەوڵەتی و کاتی داگیرکردنی پاریس لەلایەن ئەڵمانییەکان بۆ پشوودان ڕۆیشتبووە نۆرماندی. لەساڵی 1944ەوە هەتا 1948 لە «سۆربۆن» فەلسەفەی خوێند و لەوێ لەگەڵ «میشێل بورۆ، میشێل تورنیە و فرانسوا شاتلە» ئاشنایەتیی پەیدا کرد. دۆلۆز ساڵی 1956 لەگەڵ «دنیز پل گرانژوان» ژیانی هاوسەریی پێکهێنا. ساڵی 1957 لە سۆربۆن دەستی کرد بە وتنەوەی وانەی مێژووی فەلسەفە و لە ساڵی 1960 هەتا 1964 وەک توێژەر لە ناوەندی نەتەوەیی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کاریکردووە. بۆ ماوەی 10 ساڵ لە زانستگە وانەی وتوەتەوە. هەر لەو قۆناغەدا بوو کە لەگەڵ «میشێل فۆکۆ» دۆستایەتی دامەزرێنێ. ساڵی 1964 تا 1969 لە زانکۆی «لیۆن» وانەی وتۆتەوە و دواتر بەهۆی هاوکاریی فۆکۆ بۆتە مامۆستای زانکۆی «ونسن» و ساڵی 1968 جیل دۆلۆز نامەی دکتۆراکەی کە نامیلکەیەکی گەورە بوو لەژێر ناوی «جیاوازی و دووپات کردنەوە» و بەشێکی بچوکی دیکە بەناوی «سپینوزا و مەسەلەی دەربڕین» بڵاوکردەوە.

ساڵی 1968 نیشانەی نەخۆشیی پڕ مەترسیی سیپەلاک تێدا سەریهەڵدا، کە هەموو تەمەنی ئازاری دا. کاتێک میشێل فۆکۆ» لە ساڵی (1984) دا کۆچی دوایی کرد، جیل دۆلۆز بە نیشانەی ڕێز و حورمەت لەو دۆستە دێرینەی ساڵی (1986) کتێبێکی لەژێرناوی «فۆکۆ» بڵاوکردەوە، کە بەرهەمی خوێندنەوەی ئەو بوو لە بەرهەم و شاکارەکانی فۆکۆ.

**سەرچاوە:**

http://www.cinscreen.com/? id=1801

# دۆلۆز، مێژووناسی فەلسەفە

عبدالسلام بن عبدالعالی

لە عەرەبییەوە: هاوارمحەمەد

له کاتی قسەکردنماندا لەسەر ئەم بابەتە دەبێت دوو کێشە لە خۆمان دوور بخەینەوە: یەکەمیان ئەم بابەتە بە هیچ کلۆجێک پەیوەست نییە بە هیچ هەوڵێکی پێکهاتن و تەباکردنەوە (سەنتێنز)، جا شێوەکەی هەر چۆنێک بێت. دووەمیشیان: لێرەدا خۆمان بەدوور گرتووە لە «مۆدێل»ی باوی کۆتایی و مەرگی فەلسەفە، کەواتە دەبێت لەسەر دوو پرس قسە بکەین، کە بڕێک لە دژواری و سەختی هەڵدەگرن. پەیوەندی دۆڵۆز بە هیگڵەوە، و پەیوەندی دۆڵۆز بە هایدیگەرەوە. قسەکردن لەبارەی پرسی یەکەمیانەوە دوادەخەین بۆ ئەوەی لە میانەی هەڵوەستەکردن لەسەر پرسی ئەم «کۆتایی فەلسەفە»یەوە بە باسکردنی پەیوەندی دۆڵۆز بە هایدیگەرەوە دەست پێبکەین. مەبەستم لەمەش ئەو کۆتاییە نییە کە «چیرۆکی نێو کایەی ڕۆشنبیریی فەرەنسی» بانگەشەی بۆ دەکات و ناوی ناوە مەرگی فەلسەفە، بەڵکو پرسێکی فەلسەفییە کە هزریی هاوچەرخی لە سەرجەم لایەنەکانییەوە بەرەو خۆی کێش کردووە.

هەمووومان «لێدوان»ـە جیاوازەکانی دۆڵۆز لەبارەی ئەم بابەتەوە دەزانین. ئەو هێشتاش باس لەوە دەکات «هەرگیز خۆی بە پرسی کۆتایی فەلسەفەوە سەرقاڵ نەکردووە» کە بە بڕوای ئەو «فەلسەفە هەنوکەش وەزیفەیەکی زەیندووی هەیە، ئەو وەزیفەیەش داهێنانی تێگەکانە (تصورات)».

دژی ئەو تاک وێنەییەی کە مۆدێرنە بۆ قەدەری هزری دروستدەکات

و وا خەریکە بـەرەو ئاوابوون دادەگـەڕێ، دۆڵـۆز لە بری ئێپەڕاندنی هایدیگەرییانە، بوونەوە «صیرورە» پەرش و بڵاوە ناکۆتاکان دێنێنە پێش، ئەمەش بە شاراوەیی لەپشتی ئەو وێنەیەوە ئیش دەکات، کە وەک کانونی فەلسەفی خۆی دەخاتە ڕوو، لێرەدا لەجیاتی کۆتایی و مەرگی فەلسەفە باس باسی «دەرچوون»ـە لە مێژووی فەلسەفە «کە ئامانج وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نییە، بەڵکو دەرچوونە، دەرچوونە لێی».

دۆڵۆز بایەخی بە خاڵی کۆتایی، یان چرکەساتی کامڵبوون نەداوە، وەک ئەوەی بڵێین نیشانەکانی ئەم کامڵبوونە لای هیگڵ دەبینینەوە، یاخود بڵێین هیگڵ چرکەساتی کامڵبوونە، یاخود هەرایەکی بێ سوود بنێینەوە لەباری ئەوەی ئایا نیتچە سەر بە مێژووی میتافیزیکە یان نا، لەبەرئەوەی خاڵەکانی کۆتایی، یان کەلێنەکانی دەرچوون، نا کۆتان. دۆڵۆز دەبێژێت: «لە باشترینی ئەو نووسەرانە بووم کە پێدەچێ سەر بەمێژووی فەلسەفە بووبن، بەڵام لە یەکێک لە لایەنەکانییەوە لێی دەرباز بوون، ئینجا بە تەواوی لێی دەرچوون، وەکو لۆکریس و سپینۆزا و هیوم و نیتچە و بیرگسۆن».

لە کایەی هزردا بنەمایەکی هاوبەش بوونی نییە، وەلێ هزرمەندەکان هەمان پرسیار ناخەنەڕوو و ئیش بە هەمان جیهانبینیش ناکەن. هیچ شتێک نییە بیرمەندەکان کۆ بکاتەوە و بیانخاتە نێو یەک مێژووەوە. هەیە و نییە کۆمەڵێک جموجوڵی تاک و تەرا و هێلگەلێکی لێک پچڕاون، کەواتە بابەتەکە پەیوەست نییە بە ئێپەڕاندنی مێژووی فەلسەفەوە، بەڵکو پەیوەستە بە تێکشکاندنی یەکێتییە وەهمییەکەیەوە، بۆ ئەوەی بگەینەوە بەوەی کە تاک و دانسقەیە. بابەتەکە پەیوەستە بە زەیندوکردنەوەی ڕووداوەوە بە خۆی و تاکێتی و دەگمەنییەکەیەوە لەنێو ئەوەی پێیدەوترێت بزوتنەوەی گشتی، لەبەرئەوەی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی هزر دەبێت هزر وەک ڕووداو

زەقبکاتەوە. لێرەدا وەک فۆکۆ سەلماندوویەتی نە لەبەردەم یەکەکانداین، و نە لە بەردەم هەمەکییەکانداین، بەڵکو لە بەردەم دەگمەنەکانداین. زەقکردنەوەی ئەم دەگمەنانە برێتیە لە وەستان لەسەر ڕووداو لەنێو هزردا، دەبێ هەر بەم جۆرەش لەو هەڵکۆڵینانە تێبگەین، کە دۆلۆز لە هەگبەی فەرامۆشکراوەکانی مێژووی تەقلیدیی فەلسەفەدا مومارەسەی دەکات. کاتێک فەرەنسا قسە لەبارەی ئەزموونگەرایی ئینگلیزییەوەیە، ئەوا تەنیا وەک تەوقێک بۆ گەمارۆدانی هەندێک لە فەلسەفە ئەڵمانییەکان باس و خواسی لەبارەوە دەکرێت، لە کاتێکدا پێشڕەوەکانیش ڕازی نین قسە لەبارەی بیرگسۆنەوە بکرێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هەڵوێستی دژی لە بارەوە بنوێنرێت، کەچی دۆلۆز پێدادەگرێت لەسەر بایەخدان بەم بیرمەندانە، نەک بۆ گەڕان بەدوای نموونەگەلێکی نوێی هزرییدا، بەڵکو بۆ هەوڵدان لەودیوی «دیسپلینکردنی هزرەوە لە میانەی کارکردنی لەسەر بیرمەندەکە».

دۆلـۆز مێژووی فەلسەفە بە وێنەکێشانی ڕوخـسارەکـان لەلایەن وێنەکێشەکانەوە دەچووێنێت: «لە مێژووی فەلسەفەدا وێنەی ڕوخسارە وێناکراوە زەینییەکان کێشراوە، ئەم کارە هەر وەک هونەری ڕەنگکردن ئەنجامدراوە، بەڵام بە کەرەستەی لێکنەچوو، بە کەرەستەی جیاواز: دەبێت نیوە ڕوخسار درووستبکرێت و بەرهەمبهێنرێت و نابێت ئامرازی دووبارە بەرهەمهێنانەوەش لەبەردەستدا بێت، چونکە گەر وابێت، ئەوا پێت بە پێت ئەوە دووبارە دەکەینەوە، کە فەیلەسوفەکە گوتویەتی».

سەیر نییە دۆلۆز، «قوتابی» نیتچەی قلێکەرەوەی ئەفلاتۆن، مێژووی فەلسەفە بچووێنێت بە پـرۆسـەی کۆپیکردن کە تێیدا مێژوونووس وێنەکێشێکە نموونەکان دووبارەدەکاتەوە و لەبەریەکیان دەگرێتەوە، کەواتە هەموو کێشەکە پەیوەستە بە میکانیزمی لەبەرگرتنەوە (کۆپی) و

پرۆسەی دووبارەکردنەوەوە، کەواتە با بڵێین مێژووی فەلسەفە بریتیە لە تەقەلای لێکجیاکردنەوەی کۆڵنەدەرانەی ڕوخسارە هەمەجۆرەکان و هەوڵە بەردەوامەکان و هاتن و چوونێکی بێ بڕانەوە، نەک لەبەرئەوەی گەشتێکی درێژە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەنێوان گەشت و بیناکردندا، پەیوەندییەکی یەکتر کێشکردن هەیە، هاوشێوەی کێشکردنی نێوان دوو هێزی فیزیایی: «لایەنی کۆچەر بە ئامێرە جەنگییەکەیەوە دژی ستەمکار و ئامێرە کارگێڕییەکەی دەوەستێتەوە، فەیلەقی کۆچەرە دەرەکییەکانیش دژی فەیلەقی ستەمکارە ناوەکییەکان پێشڕەوی دەکەن، کەچی وێڕای ئەوە ئەو دوو هێزە لە بەیەکداچوون و پەیوەندیدان، بە جۆرێکی وا کە خەمی ستەمکاریی ئەبێتە بەدەستهێنانی ئامرازی کۆچەر و گەڕۆکی جەنگیی، بەڵام کێشەی لایەنی کۆچەریش ئەوەیە، ئامرازێکی کارگێڕیی بۆ ئیمپراتۆرییەتە درووستکراوەکەی دابهێنێت. ئەو دووانە تا ڕادەی تێهەڵکێشبوون پێکدژ دەبن».

پێویستە بەم شێوەیەی سەرەوە لە دەرچوون و جێهێشتن تێبگەین. دۆلۆز جارێکیان کە گوزارشتێکی نوێنبی سەرسامی کرد، بە ڕاشکاوی وتی: «کۆچەرەکان بیناکارەکانن. ئەوانە کۆچەرن، چونکە بەوە ڕازی نین دوور بڕۆن».

کەواتە دەرچوون و جیابوونەوە، نیشتەجێبوونێکی بێبڕوانەوەیە، گەشتێکە بە مێژووی فەلسەفە و هەوڵە بێکۆتاییەکاندا بۆ لەڕێدەرکردنی و «دەرچوون» لە لۆژیکەکەی، یەکەمجار بە قڵپکردنەوەی بونیادە ئەفلاتونییەکەی، وەلێ بونیادە دیالێکتیکیە مارکسییەکە، ئینجا شیکاریی و باوەکەی نە تەواو بووە و نە تەواویش دەبێت.

هەڵبەت لێرەدا، ئەفلاتونیزم، ڕێبازێکی فەلسەفی نییە، کە پەیوەست بێت بە کەسێک یان کەسانێکەوە، بە شوێنێک یان شوێنانێکەوە. ئەفلاتۆنیزم

خودی بونیادی میتافیزیکییە، ئەو بونیادەی کە ئیتر کار ناکات، ئەو بونیادەی ڕایهێناوین لەسەر پەسەندکردنی جیاکردنەوەی نێوان عەقڵانی و بەرهەست، نێوان ئۆرژینالّ و کۆپی، بۆیە ئەوە بەس نییە قلّپی بکەینەوە تا سەربەرزی بۆ ڕواڵەتەکان دژی ماهییەتەکان بگەڕێنینەوە، بەڵکو ئەو قلّپکردنەوەیەی لێرەدا مەبەستمانە ئامانجی بەدرۆخستنەوەی هەمان جیهانی هاوشێوە و لۆژیکی هاوشێوەی ئەو دوالیزمەیە، کە تێیاندا ڕواڵەت لە میاهییەت جیا دەکرێتەوە و یەکێکیان لەوی دیکەیان بە باشتر دەبینرێت.

کەواتە قلّپکردنەوەکە دەبێتە وەستان لەسەر خودی کۆپیکردن، بەڵام ئەمجارەیان، بۆ بەباڵابردنی کۆپییە «خیانەتکارەکان». با لەم دوو گوزارشتە وردبینەوە: «تەنیا لێکچووەکان جیاوازن»، «تەنیا جیاوازییەکان لێکچوون» لێرەدا بابەتەکە پەیوەستە بە دوو خوێندنەوەی جیاوازی جیهانەوە، بەو پێیەی کە یەکەمیان بانگمان دەکات بۆ بینینی جیاوازییەکان بە تێڕوانین لە یەکەم لێکچوون، یان یەکەم پێکجوونەوە، لەکاتێکدا ئەوەی دیکەیان بانگمان دەکات بۆ بینینی شوناس وەک ئەوەی کە بەرهەمی یەکەم جیاوازی و یەکەم فرەڕەنگییە.

لە قلّپکردنەوەی ئەفلاتونیزمدا هاوشێوەیی لە جیاوازییەوە دەستپێدەکات، سوبێکتیش لە ئەوی دیکەوە. فەرق هەیە لەنێوان ئەوەی لە جیاوازی بڕوانین بە تێڕوانین لە گریمانەکردنی یەکەیەکی بەراییەوە، لەگەڵ ئەوەی کەوا دابنێین لێکچوون و یەکێتی لە جیاوازییەوە دەکەونەوە و ئەم جیاوازییەش بریتییە لە پێکهێنەری دینامیکیەتی ڕاستەقینەی بوونی شوناس، واتا دینامیکیەتی دووبارەبوونەوە، کە بە تەواوی لە دینامیکیەتی دیالێکتیکی جیاوازە، لەبەرئەوەی جیاوازیی هیگڵی کاتێک باز دەداتە نێو جووڵەی دیالێکتیکەوە تەنیا دەبێتە چرکەساتێک لە چرکەساتەکانی شوناس. ڕاستە

دیالێکتیک ڕێ بە کارکردن بە جیاوازییەکان دەدات، بەڵام بە مەرجی ملکەچبوونیانە بۆ یاسای نەرێکردن، لێرەشەوە ئەو ڕێگایەی پێکدژیی هیگڵی لەسەری دەڕوات ڕێگایەکە بەرەو جووتیەکبوونی دەبات، ئینجا وادەکات پێکجووتی بەس بێت بۆ دۆزەینـەوەی پێکدژییەکە و لێ تێگەیشتنی. تێگەیشتن لە ئەم پێکدژییە، تەنیا لە ئاسۆڕوانیی شوناسەوە دەبێت کە دیالێکتیک هەوڵدەدات بۆ چاکرکردنەوەی و پاراستنی.

واتای قڵپکردنەوەی هیگڵیزم و ئەم دۆخە، بریتیە لە ڕزگارکردنی نەرێکردن لە هەژموونی گشت و نەوەستاندنی کارەکەی بە هۆی هیچ سەنتێزێکەوە یان گیرپێدانی لە نێو لۆژیکی دژیەکیدا، کەواتە لەبەردەم یەکەیەکدا دەبین کە نیازی بە چرکەساتی سەنتێز نییە و جیاوازیش ناگەڕێنرێنەوە بۆ پێکدژی و شوناسیش بەرەو جووتیەکی ناڕوات. ئەی کەواتە چ مانایەک بۆ ئەم شوناس و دۆخە دەمێنێنەوە؟ دۆلۆز وەها وەڵام دەداتـەوە: «شوناس و لێکچوون وەهمگەلێکن کە گەڕانەوەی سەرمەدیی درووستیان دەکات». گەڕانەوەی سەرمەدیی گەڕانەوەی هەمان شت و بابەت و هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییەکان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە، واتە بەیەک بێگانەبوون، جیاوازیش لە گەڕانەوە و بەهۆی گەڕانەوەوە دەسەلمێنرێت و ئەرێدەکرێت، سوبێکت، سوبێکیی نییە تەنیا بەهۆی گەڕانەوەیەکەوە نەبێت، کە هێشتاش دەگەڕێنەوە. کاتێک نیتچە بڕوای بە گەڕانەوەی سەرمەدیی هەبوو مەبەستی هیچ نەبوو جگە لەمە: ئەوەی دووبارە دەبێتەوە ئەو لێکچوونانە نییە کە کۆپییەکان لەگەڵ یەکتر هەیانە، واتا ئەو لێکچوونانەی کە کۆپییەکان کۆدەکاتەوە، بەڵکو سیمولاکراتە پەراگەندەکانن، ئەو پەراگەندەییەی کە بێپایان جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، کەواتە بابەتەکە پەیوەستە بە چەمکی تایبەت بە زەمانی فەلسەفەوە و بگرە خودی زەمانەوە. باسەکەمان بە خاڵی

جیاوازی لەگەڵ هایدیگەردا دەستپێکرد و ڕەنگە لەسەرمان پێویست بێت، بۆ ئەوەی سوڕەکە تەواو بێت و بگەڕێنەوە، بە خاڵێکی لێکچوو لەگەڵ هایدیگەریشدا یان بە خاڵێک کە هایدیگەر و نیتچە تێیدا دەگەن بە یەک، کۆتایی پێبهێنین.

لەبەر ئەوەی دووبارەبوونەوەی ئەرێنییانەی جیاوازی «خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ زەمان» دەخوازێت کە لە دەردە کرۆنۆلۆژییەکەی ڕزگاری بکات، بۆیە لە لۆژیکی مانادا، دۆلۆز ئەیۆن (Aion) لە بەرامبەر کرۆنۆسدا دادەنێت، کاتێک یەکەمیان واتای ئەوەیە «زەمانێک بەردەوام دەڕوات و بەردەوامیش دەگەڕێتەوە؛ لە جیاتی ئێستا کە ڕابردوو و داهاتوو لەخۆ دەگرێت، کەچی ئەیۆن داهاتوو و ڕابردوویەک لەخۆ دەگرێت، کە لە هەموو چرکەساتێکدا درز دەخەنە ئێستاکە». (جێی خۆیەتی لەم بارەیەوە، لە چوارچێوەی تەواوکردنی بەیەکگەیاندنەوەی دلۆز و هایدیگەر و و گەڕانەوە بۆ هایدیگەر و سەلماندنی «نزیکایەتی» لە نێوانیاندا بڵێین کە ئەیۆن (Aion) کوڕی یادەوەری (Memoire)یە).

ئاشکرایە نیتچە لە ئێستاوە زەمان دەرک ناکات، وەک هایدیگەر دەڵێت: زەمان بریتیە لەوەی کە «چرکەسات (یان ئەم ساتە) بچووکترین بەش نییە لە ئێستادا، بەڵکو ئێستا ئاوەڵا دەکات یان درزی تێدەخات». ئێستا وەک چرکەسات کەلێنێک دروستدەکات لە دۆخی هەنووکەدا. چرکەسات بریتیە لەوەی کە دژی ئەم زەمانە (intempestif) درووست دەبێت، ئەوەیە کە دژی زەمانی ئێستا دروست دەبێت «چرکەسات بڕیاری ڕەخنەیی مێژووە کە بە چەکوشەکەیەوە دەکێشێت بە قورسایی ڕابردوو و قورسایی ئێستادا».

ئەمە ئەو شێوە پۆتێنشیالێتییەیە کە بۆ درووستکردنی مێژووی

فەلسەفی دەستدەداتْ. ئەو مێژووە، مێژوویەکی کرۆنۆلۆجی نییە، بەڵکو مێژوویەکی ئەیۆنییە. مێژوویەکە دژی ئەم زەمانەی ئێستا (inactuel) و دژی هەموو زەمانێکە.

**سەرچاوە:**

-عبدالسلام بن عبدالعالي، «دولوز مؤرخا للفلسفة»، مجموعة من المؤلفين، جيل دولوز و سياساث الرغبة، تحرير: د. احمد عبدالحليم عطية، الفكر المعاصر، سلسلة اوراق فلسفية، دار الفارابي، بيروث- لبنان، الطبعة الاولي، 2011.

# رۆشنبیر و دەسەڵات

# دیالۆگ لە نێوان میشێل فۆکۆ و جیل دۆلۆزدا

لە عەرەبییەوە: رامان مەحمود

**فۆکۆ: ماوییەک پێیوتم: « باش بزانە بۆچی سارتەر لەگەڵ ئێمەدا خەباتی دەکرد و بۆچی سیاسەتی دەکرد و بە چ مانایەک دەیکرد، تۆیش تا رادەیەک، کەمێک لەمە تێبگە، چونکە تۆ هەمیشە قسەت لە گرفتی دەستبەسەراگرتن کردووە، بەڵام من بە راستی لەوە تێناگەم، ئەم پرسیارە زۆر بە لامەوە کتووپڕی بوو، چونکە پرسەکە بەلای منەوە زۆر روونە.**

**دۆلۆز:** لەبەر ئەوەی رەنگە بە شێوەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان تیۆر و کردار»و مومارەسە»دا بین. پێمانوابووە، یان وەک بەرجەستەکردنی تیۆر دەمانڕوانییە کردار، یان وەک دەرەنجام و جارێکیشیان بە پێچەوانەوە وەک پێشەکیی تیۆرەکە دەمانڕوانیە کردار، یان وەک ئەوەی لە خودی خۆیدا داهێنەری فۆرمێک بێت لە تیۆر کە دواجار دێنەئاراوە. ئێمە بە مانایەک لە ماناکان بە شێوەیەکی گشتی لە جۆرێک فۆرمی کردەی هەمەکی یان بوونی فراوانگیردا لە پەیوەندیی نێوان تیۆر و کردار تێگەیشتبووین. رەنگە بەلای ئێمەوە، پرسەکە بە شێوەیەکی جیاواز و پێچەوانە هێنرابێتە ئاراوە، پەیوەندییەکانی نێوان تیۆر و کردار پەیوەندیی بەش بەش و زیاتر دابەشکراوە، لەو لایەنەوە کە تیۆر هەمیشە تیۆرێکی لۆکاڵیی پەیوەندە بە کایەیەکی دیاریکراوەوە و دەکرێت لە کایەیەکی تری بە ڕێژەیی دوور لە کایەکانی تریشدا بەرجەستەکاریی هەبێت. پەیوەندی لەگەڵ بەرجەستەکردندا بەردەوام پەیوەندیی هاوشێوەبوون نییە. لە لایەکی تریشەوە، هەر هێندەی

لە کایەی تایبەتی خۆیدا دەستبەکار دەبێت، دووچاری کۆمەڵێک بەبەرست دێت، بەربەستی وەک دیوار، وەک ئەو شۆکانەی وادەکەن بە ناچاری بکرێت بە جۆرو شێوەیەکی تر لە گوتار» ئەم جۆرەی تره کە دەبێنە هۆی گەیشتنمان بە کایەیەکی جیاواز و پێچەوانە». کردار کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەیە بۆ پرسێکی تیۆری یان هەر پرسێکی تر. تیۆریش بە هەمان شێوە جۆرێکە لە جێگرەوە لەنێوان کردار و کردارێکی تردا. هیچ تیۆرێک پەرەناسەنێت و پێناگات تاکو رووبەڕووی دیوار و لەمپەرەکان نەبێتەوە و دەبێت کردار دیوار و لەمپەرەکان تێپەڕێنێت. بۆ نموونە، تۆ شیکاری تیۆریت کردووە لە بارەی پەراوێزخستنەوە، وەک پەراوێزخستنی دەروونی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەدا، دواتر گەیشتینە دەرەنجام بەوەی دەبێت کەسانی پەراوێزخراو خۆیان قسە بکەن، نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن، یان بە پێچەوانەوە تۆ بووینە نوێنەری ئەوان، ئەو کەسانە لە زەینداندان، کاتێکیکش گرووپی پرسینەوەت لە بارەی زەیندانەکانەوە رێکخست، لەسەر رێسایەک بوو کە دەبێ هەلومەرج و بارودۆخێکیان بۆ دەستەبەر بکرێت، تا زەیندانییەکان خۆیان لە بارەی خۆیانەوە بدوێن، بێگومان هەڵە دەبێت وەک ماویەکە مەبەستێنی کە تۆ بۆ بەرجەستەکردنی تیۆرەکانت کەوتووینە کار، چونکە نە بەرجەستەکردن و نە پرۆژەی چاکسازی و نە توێژینەوەی زانستی لە ئارادایە، بە مانا تەقلیدیەکەی، بەڵکو شتێکی زۆر زۆر جیاواز لە ئارادیە: سیستمێک لە چەند بەش و لقێکی تیۆری و کرداریدا هەن. بە لایەنی ئێمەوە، دیمەنەکە لێگەڕا لەوەی ببێنە بابەت، یان هۆشیاریەکی نوێنەریی یان نواندن. ئەوانەیشی کە دەجووڵێن و ئیش و خەبات دەکەن نوێنەر نین، چونکە حزب و سەندیکا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نوێنەری هۆشیارییانە. کێ قسە و کردار دەکات و دەجووڵێت

و کێ ئیش دەکات؟ بێگومان هەمیشە کەسانێکی زۆرن تەنانەت لە نێو خودی ئەو کەسەدا کە قسە دەکات، لە کاردایە. ئێمە هەموومان گرووپی دەستوەردان، یان پێکدادان و پێکادەرین. هیچ نواندن و نوێنەرایەتیەک لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنها کردار، کرداری تیۆریەکە و پەیڕەوکردنی پەیوەندی و تۆڕەکاندا لە ئارادایە.

**فۆکۆ:** پێموایە پێکهێنانی رۆشنبیرو دامەزراندنی کارێکی تەقلیدی و بەرمەبنای دوو شت بوو: بارودۆخ و پێگەی لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی. لە سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لەو ئایدیۆلۆژیای بەرهەمی دێنێت یان دەیسەپێنێت «کە دەبێت رەتێنراو، رەتکراوە، نەفرەتلێکراو، داماو، ئاوانبار بە ئاژاوەگێڕی، بەدڕەوشت و...هتد بێت». ئەو گوتارەیشی کە هەندێک راستی دەردەخات و ئەو پەیوەندیە سیاسییانە دەخاتەڕوو کە دەرکیان پێنەکراوە، ئەم دوو جۆرە بە سیاسەتکردنە لە یەکتری نامۆ نین، بەڵام بەهێزیش بەیەک ناگەن. جۆرێک لە رۆشنبیری» نەفرەتی، رەتکراوە» و رۆشنبیری «سۆسیالیزم» هەبووە، ئەم دوو جۆرە لە هەندێک کات و ماوە و حاڵەتی پەرچەکرداری توندی دەسەڵاتەوە زۆر بە ئاسانی تێکەڵ و ئاوێتە بە یەک دەبوون، وەک ئەوەی لە ساڵی (1848)و دوای کۆمۆنەی پاریس و ساڵی (1940)روویاندا. ئەو کاتەی رۆشنبیر بووە، کەسێکی چەوساوە و رەتکراوە، لەو کاتەدا کە شتەکان لە حەقیقەتی خۆیاندا دەرکەوتن، لەو ساتەوەختەدا کە نەدەبوو بووترێت پاشا رووتە، رۆشنبیر راستیەکەی بەو کەسانە دەگەیاند، کە نەیاندەبینی و بەناوی ئەوانەیشەوە دەیوت کە نەیاندەتوانی قسە بکەن، ئەمەیە: هۆشیاری و رەوانبێژی.

بەڵێ، ئەوەی رۆشنبیر خستیەڕوو ئەوەیە کە جەماوەر ئیدی پێویستی پێیان نەماوە، چونکە جەماوەر لەوان زیاتر و رووتر دەزانن، بەڵام

سیستمێکی دەسەڵاتی هەیە، رێگرە لەو گوتارو مەعریفەیە. دەسەڵاتێک نەک تەنها لە دەستە باڵاکانی چاودێریدایە، بەڵکو بە قووڵی و ژیرانە چووەتە نێو تۆڕی کۆمەڵگەوە. رۆشنبیران خۆیشیان پێکهێنەری بەشێکی ئەو سیستمی دەسەڵاتەن. رۆڵی رۆشنبیریش ئەوە نییە لە پێناوی وتنی حەقیقەتی کەڕولاڵدا لەوێدا کەمێک بۆ پێشەوە یان بە لایەکدا بجووڵێت و پێگەی خۆی بگرێت، بەڵکو دەبێت لە دژی هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات خەبات و ململانێ بکات و هاوکات ببێتە بابەت و ئامرازیش: لە سیستمی «مەعریفە» و«حەقیقەت» و «هۆشیاری» و « گوتاریش»دا. بەو مانایەش بێت تیۆر گوزارشت لە شتێک ناکات و شتێکمان پێنادات و شتێکی دیاریکراو بەرجەستە ناکات و تەنها کردارە، بەڵام کردارێکی لۆکاڵییە کە لایەنێک دەیکات و وەک تۆ دەڵێیت: هەمەکی نییە.

ململانێ و خەبات لە دژی دەسەڵات، خەبات لە پێناوی دەرخستنیدا، لەوێدا کە نابینیت و ژیرتر و بە تەگبیرتر دەبیت، ململانێیەک نا لە پێناوی « گێڕانەوەی هۆشیاریدا». ماوەیەکی زۆرە هۆشیاری وەک مەعریفەیەکی وەرگیراو لەلایەن جەماوەر و وەک بابەتیش یەکێک نییە لەوشتانەی بۆرژوازیەت بایەخی پێدابێت. لەپێناوی رووخاندنی دەسەڵات و وەرگرتنیدا شانبەشانی هەموو ئەوانەی خەباتی بۆ دەکەن، تیۆر سیستمی لۆکاڵی، یان سیستمی لایەنەکانی ئەو ململانێیەیە.

**دۆلۆز:** ئەمە تیۆرە بە تەواوی، واتا وەک سندووقێکی شتومەک وایە، هیچ پەیوەندییەکی بە «دال»ەوە نییە. دەبێ بەکاربهێنرێت و بەگەڕبخرێت، نەک بۆ خودی خۆی. ئەگەر کەسێک بەکاری نەهێنێت، بەو کەسەیشەوە کە تیۆرەکەی داناوە، یان بەو کەسەوە کە چیدی نایەوێت ببێتە تیۆرسین، ئیتر تیۆرەکە بێبەها دەبێت، یان کاتی ئەوەی نەهاتووە بخرێتە کار. ئێمە

ناگەڕێینەوە بۆ تیۆرێک، بەڵکو تیۆری تر دادەنێین، تیۆری دیکەمان هەیە، یان تیۆری تر دادەنێین، شتێکی سەیرە نووسەرێکی وەک بڕۆست کە وەک رۆشنبیرێکی تەواو دەردەکەوێت، بە روونی دەڵێت: «چۆن دەڕواننە دەرەوە بەو شێوەیە بڕواننە کتێبەکانم، ئەگەر ئەو روانینە یارمەتیدەرتان نەبوو روانینی تر بەکاربێنن. دەبێت خۆتان ئامێرەکانتان بدۆزنەوە، کە بێگومان ئامێری بەهێزی جەنگە. تیۆر گشتگیر ناکرێت، بەڵکو فرە دەکرێت و بێگومان فرەیش کرا. دەسەڵات ئیش لەسەر گشتگیرکاری دەکات. تۆیش بە وردی و بە تەواوی دەڵێیت: تیۆر وەک پێویستی لە دژی دەسەڵاتە و (هەر هێندەی تیۆر لە بوارێک لە بوارەکاندا دەکەوێتە کار، بێگومان گۆڕانکاری دێنێتە ئارا و ئیدی بواری تر پێویستیی بە گۆڕین دەبێت)، بۆیە چەمکی چاکسازی چەمکێکی گەمژانە و بۆگەنە، چونکە لەلایەن کەسانێکەوە ئامادەکراوە، کە خۆیان بە نوێنەر دادەنێن و قسەکردنیان لە جیاتی خەڵک و بە ناوی ئەوانەوە کردووە بە پیشە، ئەمەیش کارێکە لە کارو تەگبیرەکانی دەسەڵات و جۆرێکە لە دابەشکردنی دەسەڵات، کە بە سەرکوتکردنێکی فراوان پشتگیری لێدەکرێت، یاخود چاکسازییەکی پێویستە و ئەوکاتیش بە چاکسازی دانانرێت، بەڵکو بزاڤێکی شۆڕشگێڕیە کە لە قووڵاییدا هەڵگری مۆرکێکی کاتیە و سووریش دەبێت لەسەر دووبارە روانینەوە بۆ دەسەڵات لە هەمەکی و پلەبەندیەکەیدا. دیارە شتێکی بەڵگەنەویستە کە لە زەینداندا کەمترین و سادەترین داواکاریی زەیندانیان بەس دەبێت بۆ رووخاندن و کۆتاییهێنان بە « چاکسازیی «درۆزنانەی بلۆڤان».

ئەگەر منداڵی بچووکیش لە دایەنگەکاندا بتوانن داواکاری و پێویستی و بگرە پرسیارەکانیشیان بگەیەنن، ئیدی ئەوە بەس دەبێت بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەیەک لە سیستمی پـەروەردە و فێرکردندا. لە راستییشدا ئەو

سیستمەی ئێمەی تێدا دەژیین، خۆی لەبەر هیچ شتێکدا راناگرێت و فشەڵیی تەواویشی لێرەوەیە لە هەموو خاڵ و هەموو ئاستێکیدا، لە هەمانکاتیشدا، سەرکوتکردنی تەواوی خۆی رووندەکاتەوە. پێموایە تۆ یەکەم کەس بوویت لە کتێبەکانتدا شتێکی بنچینەییت فێرکردین و لە بواری کرداریشدا قسەکردن بە ناوی خەڵکەوە بەدکرداریە. ئێمە گاڵتەمان بە نوێنەریکردن دێت و پێمانوایە نوێنەری کردن کۆتاییهات، بەڵام ناتوانین لەم لێدوانە تیۆرییەوە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە تیۆر بەسەر خەڵکانی پەیوەندیداریدا دەسەپێنێت، کە خۆیان بە کرداری بەناوی خۆیانەوە قسەبکەن.

**فۆکۆ:** کاتێکیش زەیندانییەکان کەوتنە قسە تیۆرێکیان لابوو لە بارەی زەیندانەکەیان و لە بارەی سزا و دادوەران و دادپەروەرییشەوە، ئەوجۆرە گوتارەی دژ بە دەسەڵات کە گوتاری زەیندانییانە و ئێمە بە لادەریان ناودەبەین، گرنگیی هەیە و دەبێت بەهەند بزانرێت، نەک تیۆرێک لە بارەی تاوانکردنەوە. ئەم گرفتی زەیندانە گرفتێکی ناوخۆیی و لاوەکیە، چونکە لە فەرەنسدا ساڵانە تەنها «100»هەزار کەسێک زەیندانی دەکرێت، بەڵام خەڵکی خستوەتە نیگەرانییەوە. بەلامەوە سەیربوو خەڵکانێکی زۆر بایەخ بە گرفتی زەیندان دەدەن و خۆیشیان زەیندانی نەکراون. هەروەک سەرسام بووم بەوەی خەڵکانێکی زۆریش بایەخیان بە گوێگرتن لەو گوتارانە نەداوە لە بارەی زەیندانەوە و چۆنیش دواجار هەرچۆنێک بێت گوێیان لێگرتووە و شیکاریان بۆ کردووە؟ ئایا، بە شێوەیەکی گشتی، سیستمی سزاکان نییە کە فۆرمی دەسەڵاتمان بە روونی بۆ دەردەخات، دانانی کەسێک لە زەینداندا، هێشتنەوەی بێ خۆراک، بێ گەرمی لە زستان و فێنکی لە هاویندا، رێگری لە چوونە دەرەوەی و بێبەریکردنی لە خۆشییەکان بە گشتی. لێرەدا مۆرکی وڕێنەکاریی دەسەڵات بە جوانی دەردەکەوێت. جارێکیان لەگەڵ ژنێکی

زەیندانیدا قسەم دەکرد وتی: «کاتێک منێکی تەمەن چل ساڵە بیر لەوە دەکەمەوە، کە ڕۆژانە بە نانە ڕەقێک سزا دەدرێم»، بێگومان ناوەڕۆکی بەسەرهاتی ئەم ژنە تەنها بێئەرزشی کردەوەکانی دەسەڵاتمان بۆ ناخاتەڕوو، بەڵکو شێوازی ناهەموار و منالانە و کۆنی کرداریمان بۆ دەردەخات، واتە بچوککردنەوەی مرۆڤێک و کردنی بە بخۆری نانی ڕەق و ئاوە، بێگومان لە منالییەوە ئەمەمان فێردەکەن. زەیندان ئەو شوێنەیە کە تیایدا دەسەڵات وەک خۆی چۆنە وەها دەردەکەوێت و وەک دەسەڵاتێکی بە ئاکاریش خۆیمان نیشاندەدات و پێماندەڵێت: «مافی خۆمە سزاتان بدەم، مادام دەزانن دزی و کوشتن کارێکی خراپە». لە زەیندان‌دا ئەم جوانییە دەبینین کە دەسەڵات ناتوانێت تیایدا خۆی بشارێتەوە، دەمامک بکات، بەڵکو لەسەر حەقیقەتی خۆی وردەکارترین ستەمکار دەردەکەوێت، ستەمکاریەکی زۆر بێئەرزشانە، بە تایبەتی کە ئەو ستەمکارییە ئاژەڵییانەی لە چوارچێوەیەکی ئاکاریدا پاساو دەدات و وەک دەسەڵاتی خێر بەسەر شەڕدا زۆر بە هێمنی بۆمانی ڕووندەکاتەوە».

**دۆڵۆز:** پێچەوانەکەیشی ڕاستە، هەر تەنها زەیندانییەکان نین، وەک منال مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵکو وەک زەیندانییش مامەڵە لەگەڵ منالاندا دەکرێت، منالان لە سایەی منالییەکدان هی خۆیان نییە، بەم مانایەش بێت خوێندنگە و کارگەکانیش وەک زەیندانن..هێندە بەسە بچینە نێو کارگەکانی رینۆ یان هەر کارگەیەک، کە کرێکاران لە ڕۆژێکدا تەنها سێ جار بۆیان هەیە بچنە سەر پێشاو. دەقێکی (جێرمی بنتام)م دییەوە کە لە سەدەی هەژدەیەمدا پێشنیاری چاکسازیی کردووە لە زەیندانەکاندا: بە ناوی ئەو زاراوە باڵایەوە سیستمێکی بازنەیی داناوە، ئەو زەیندانە نوێکراوەیە بووە نموونەیەک، بەجۆرێک کە بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو کردمان بە خوێندنگە

و بە کارگە و بە زەیندان و بە پێچەوانەیشەوە. ئەمە گەوهەری چاکسازگە و وێنەگرتنی چاکسازە. بە پێچەوانەوە، کاتێک خەڵکی بە ناوی خۆیانەوە کەوتنە قسە و کردار و جووڵە، بێگومان لە دژی نوێنەرایەتی کردنی ئاوەژووی نوێنەرایەتیەکی تر ناوەستنەوە، ئەوان لە بەرانبەر نوێنەرایەتییەکی هەڵەی دەسەڵاتدا لە دژی نوێنەرایەتی ناوەستنەوە. بۆ نموونە، لەبیرمە دەتووت: دادپەروەریی میللی لە دژی دادپەروەری لەئارادا نییە، بەڵکو ئەو دادپەروەریە لە ئاستێکی تردا دەبێت.

**فۆکۆ:** پێموایە لە دەرەنجامی رق و کینەدا دەبوو دادپـەروەری و دادوەران و زەیندانەکانیش بۆ گەل بێت، بیرۆکەی لەوە باشترمان لانییە بۆ دادپەروەرییەکی باشتر، یان دادپەروەرییەکی دادپەروەرانەتر، بەڵام پێش هەر شتێک دەبێت دەرک بە خاڵێکی تایبەت بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لە میانەی پەیوەندییەوە بە گەلەوە دەسەڵات دەتوانێت کاری خۆی بکات. ململانێ لە دژی دادپەروەری ململانێیە لە دژی دەسەڵات و پێموانییە ململانێ بێت لە دژی ستەم و نادادپەروەری، یان ستەمی دادپەروەری، یاخود باشتر بەڕێوەچوونی دادپەروەری. دەبێ ئاگادار بین کە هەر جارێک خۆپیشاندان و یاخیبوون ئەنجام دەدرێت، هاوکات لەگەڵ بە ئامانجکردنی فەرمانگەی باج، دادگا دەکرێنە ئامانج و دواتر سوپا و دواتریش شێوەکانی تری دەسەڵات. گریمانەکەی من کە تەنها گریمانەیەکە، ئەوەیە کە دادگا میللیەکان لە سەروبەندی شۆڕشدا، کرابوونە ئامرازی بۆرژوازی بچوکی هاوپەیمان لەگەڵ جەماوەردا بۆ ئامادەبوون و چوونە پاڵ بزاڤی خەباتکاری دژ بە دەسەڵات، بەڵام بۆ ئەوەی ئامادە بێت و بچێتە پاڵ ئەو بزاڤی خەباتە، پێشنیاری ئەو سیستمەی لە دادگا کردووە، تا پشت بەو دادپەروەریە ببەستێت کە دەکرێت دادپەروەرانە بێت، یان پشت بەو دادوەرە ببەستێت کە رەنگە

حوکمێکی دادپەروەرانە دەربکاتْ. هەمان شێوە دادگا سەر بە ئایدیۆلۆژیای دادپەروەریە کە بریتیە لە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازیەتْ.

**دۆڵۆز:** ئەگەر بارودۆخی ئێستا لەبەرچاو بگرین، دەسەڵاتْ دیدێکی هەمەکی و گشتگیری هەیە، دەمەوێتْ بڵێم هەموو جۆرەکانی سەرکوتکردن کە لە ئێستادا دەکرێن، لە گۆشەنیگای دەسەڵاتەوە زۆر بە ئاسانی گشتگیر دەکرێن: سەرکوتکردنی رەگەزپەرستانە لە دژی کۆچبەران، سەرکوتکردن و چەوساندنەوە لە کارگەکاندا، لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا، لە دژی گەنجان بە شێوەیەکی گشتی. نابێ لە پەرچەکرداری رووداوەکانی مانگی مایۆی (1968)دا بۆ هاوشێوەیی هەموو فۆرمەکان بگەڕێین، بەڵکو دەبێ لە ئامادەباشی و رێکخستنێکی پلان بۆ دانراو بۆ ئایندەیەکی نزیکماندا بۆی بگەڕێن. سەرمایەداریی فەرەنسی پێویستیەکی زۆری بە «یەدەک»ی بێکاری هەیە، بۆ ئەوەی دەستبەرداری دەمامکی لیبرالیزم و باوکایەتی کاری هەمەکی یان کار بۆ هەموان بێتْ. لەم گۆشەنیگا توندەوە لە ئەو هەوڵە بۆ کەمکردنەوەی کۆچبەری کاتێک دەوترێتْ دەبێتْ کاری قورس و ریسواکەر بدەین بە کۆچبەران، ئەوەش چەوساندنەوە و سەرکوتکردنە لە کارگەکاندا کە بویسترێتْ کارێک بدرێتْ بە فەرەنسیەکان تا جارێکی تر زەوق و سەلیقەیان بۆ بگێڕدرێتەوە بۆ کارێک تا بێتْ قورس و گرانتر دەبێتْ. خەباتْ لە دژی گەنجان و سەرکوتکردن لە پەروەردە و فێرکردن، چونکە سەرکوتکردنی پۆلیسی، کە لە زۆر کاتی رابردوودا پەیڕەوکراوە، هەمیشە سەرکوتکردنێکی چالاک و کارایە، لەبەرئەوەی لە ئاستی کاری بازاڕدا پێویستیەکی ئەوتۆمان بە گەنجان نییە، ئیدی هەموو پیشەکان زیاتر ئەرک و رۆڵی پۆلیسی بەجێدەگەیەنن: مامۆستاکان، دەروونشیکاران، پەروەردەکەران بە هەموو شێوەکانیانەوە. شتێک هەیە ماوەیەکی زۆر

ڕاگەیەنراوە، ئەویش بێتوانایيمانە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە: بەهێزکردن و تۆکمەکردنی هەموو بونیادەکانی پەراوێزخستن و گۆشەگیرکردن، کەواتە لە ئاستی سیاسەتێکی فراوان و گشتیی لەوجۆرەی دەسەڵاتدا، بە لەدژوەستانەوە، بەرەنگاربوونەوەی کارایانە، بەرەنگاربوونەوەی خۆپارێزانە دەکەوینە بەرگریکردن لە خۆمان، چونکە ئێمە شتێک گشتگیر ناکەین ئەگەر تەنها لە لایەنی دەسەڵاتەوە گشتیرنەکرێت، ئێمە ئەگەر هەموو فۆرمەکانی نوێنەرایەتی سەنتەریزمی و پلەبەندی هەموار نەکەینەوە ناتوانین هیچ شتێک گشتگیر بکەین. لە بەرانبەریشدا، ئەوەی دەبێ بیکەین گەیشتنمانە بە هاوبەندیی لاوەکی، واتە سیستمێکی تەواو لە تۆڕبەندەکان، بنکەی جەماوەری و میللی و ئەمەیش کارێکی گرانە. بەهەرحاڵ، واقیع بەلای ئێمەوە بەهیچ جۆرێک لە میانەی سیاسەتەوە گوزەرناکات بە مانا تەقلیدیەکە بۆ توانا و شایستەیی و دابەشکردنی دەسەڵات و ئەو دەستانەی بە دەستەی نوێنەرایەتیکردن ناوبراون لە شارەوانی و سەندیکاکاندا، واقیع ئەوەیە رۆژانە بە کردەیی لە کارگە و خوێندنگە و سەربازگە و بنکەکانی پۆلیس و زەیندانەکاندا دەگوزەرێت. کارێکی باشە ئەگەر بزاڤەکە هەڵگری جۆرێک لە زانیاریی پێچەوانە و جیاواز بێت لە زانیاریی رۆژنامەکان.

**فۆکۆ:** ئەم ئەستەمییە و سەرسامبوونمان لەدۆزەینەوەی فۆرمە هاوشێوەکانی خەبات ناگەڕێتەوە بۆ نەشارەزاییمان لە ماهیەتی دەسەڵات؟ پێش هەر شتێک دەبوو لە چاوەڕوانیی سەدەی نۆزدەدا بین تا بزانین رەتاندن مانای چیە، رەنگە هێشتایش نەزانین دەسەڵات چیە! پێدەچێت مارکس و فرۆیدیش بەس نەبن، بۆ ئەوەی ئێمە لەم شتە زۆر ئاڵۆزە تێبگەین، ئەم شتە بینراو و نەبینراوە، ئامادە و شاراوەیە لە یەک کاتدا کە لە هەموو شوێنێکدا وەبەردەهێنرێت و ئێمە بە دەسەڵاتی ناودەبەین.

تیۆری دەوڵەت و شیکاری تەقلیدییانە بۆ دامەزراوەکانی بێگومان بواری بەجێهێنانی ئەرکەکانی دەوڵەت تەواو ناکات، چونکە لە ئێستادا نادیاری گەورەی سەردەمە: کێ دەسەڵات پەیڕەو دەکات؟ لەکوێدا پەیڕەوی دەکات؟ ئێستا، تا رادەیەک دەزانین کێ خەڵکی دەڕەتێنێت، قازانج بۆ کێیەو بۆ کوێ دەڕوات، کێ بەکاری دەهێنێت و وەبەرهێنانی دەکاتەوە.. بەڵام دەسەڵات، دەزانین دەسەڵاتداران خاوەنی قازانجەکە نین و بەدەست ئەوانەوە نییە. چەمکی چینی دەسەڵاتدار ناڕوون و گرفت نییە یان لەسەر بونیادێکی باش دامەزرابێت. هەژموون، سەرکردایەتی، حوکم، کابینەی حوکم، دەوڵەت... هتد، گەمەیەک لە چەمک لە ئارادایە کە دەبێت شیکار و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

لە هەمانکات و بە هەمان مانایش، دەبێت سنووری دەسەڵاتداری بزانین و بە چ نوێنەرایەتیەک و بۆ چ دەستیەک دەکرێت، کە لە زۆرباردا پلەبەندیەکی کەم، چاودێر، پشکنەر، رێگر، بە فشارو سەپێنەرە. لە چ شوێنێکدا دەسەڵات پەیڕەوکەری دەسەڵاتە، کەس باسی ئەمەی نەکردووە، هەرچەندە بە ئاراستەیەکدا پەیڕەو دەکرێت، لەگەڵ هەندێک بە ئاراستەیەک و لەگەڵ هەندێکی تریش بە ئاراستەیەکی تردا. نازانین کێ خاوەنداری دەسەڵاتە، بەڵام دەزانین کێ خاوەنی نییە. بە خوێندنەوەی کتێبەکانت بێت «لە نیتچەوە»، تا ئەو دەمەی خۆم لە «سەرمایەداریی و دابڕان»وە هەستی پێدەکەم، بەلای منەوە جێی بایەخێکی زۆر بووە، چونکە پێموایە تۆ لە باسکردنی ئەم گرفتەدا زۆر دوور رۆیشتوویت. لەم بابەتە کۆنەی مانا و «دال و مەدلوول» و دواجاریش پرسی دەسەڵات، کە دەسەڵات و ململانێکەی وەکیەک نین. هەموو بەرەنگاریەک لە دەوری سەنتەرێکی تایبەتی دەسەڵاتدا گەشە دەکات یان پەرەدەسێنێت.

لەو سەنتەرە بچوکانەی کە لە ژماردن نایەن: پاسەوانی تەلارێک، بەڕێوەبەری گرتووخانەیەک، دادوەرێک، بەرپرسێکی سەندیکا، نووسەری رۆژنامەوانیی، بێگومان بە دانان و دەستنیشانکردن لەلایەن سەنتەرەوە، بەڵام بە باسنەکردن و رانەگەیاندنی لە شوێنە گشتییەکاندا، ئەمە بەرگریە، چونکە کەس ئاگاداری نییە، بەڵام لەبەرئەوەی وەرگرتنی وشە لەبارەی بابەتەکەوە یان قسەکردن لێی و ناچارکردنی میدیا بە ناونانی، بە گوتنی کردنی کارەکە، بە ناوبردنی ئەوەی کارەکەی کردووە و چی کردووە، بە دیاریکردنی ئامانجەکە، بە گەڕانەوە بۆ دەسەڵات، بە هەنگاوی یەکەمی بەرگری و خەباتەکانی تر لە دژی دەسەڵات. گوتاری وەک ئەوەی تایبەتکراوە بە زەیندانیان، یان پزیشکی گرتووخانەکان، بەرگری و خەباتە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ سانێکیش بێت رێگە بە قسەکردن لەسەر گرتووخانە ناداث و تەنها بۆ ئیدارە و یاریدەدانی چاکسازییەکان قۆرخکراوە. گوتاری بەرگری لەگەڵ نەستث و ناهۆشیاریدا دژ ناوەستێنەوە، بەڵکو لەگەڵ نادیار و نهێنیدا دژە. لێرەدا رەنگە لە کەمێک کەمتر و رەنگە لە زۆریش زۆرتر بێت، لەبارەی «نادیار»، «نهێنیکراو»، «چەپێنراو»، «نەوتراو»، ناڕوونی و ئاڵۆزیەکی زۆر هەیە، کە بە نرخێکی کەمتر لە بابەتی بەرگریەکە دەروونشیکاریی دەوێت. رەنگە خستنەڕووی «نهێنیکراو» لە خستنەڕووی ناهۆشیاری قورستر بێت، ئەو دوو بابەتەی بەردەوام لە رابردوودا پێیاندەگەین: «نووسین چەپێنراوە»، نووسینیش مافی تەواوی وێرانکردنی هەیە، پێموایە ناپاکی لەگەڵ هەندێ کردە و پرۆسەدا دەکەن کە دەبێ بە توندی رەتبکرێنەوە.

**دۆلۆز:** بۆ ئەم گرفتەی تۆ باسی دەکەیت، ئێمە دەزانین کێ خەڵکی دەڕەتێنێت و کێیش سوودمەندە و کێ حوکم دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین دەسەڵات زۆر بەربڵاوە، من گریمانەیەکم هەیە: ئەویش ئەوەیە

کە تەنانەت لە مارکسیزمیشدا ئەم گرفتەی بە چەمکی بەرژەوەندیەوە بەستوەتەوە،» دەسـەڵات لەلایەن چینێکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بە بەرژەوەندیەکانییەوە دیاریدەکرێت»، بەڵام لە ناکاوڕا بەر ئەم پرسیارە دەکەوین: ئەی چۆنە هەندێ خەڵکی هیچ بەرژەوەندیەکیان نییە و زۆر بە تۆکمەییش پەیوەندن بە دەسەڵاتەوە و لێیدەخۆن؟ ڕەنگە چەمکی وەبەرهێنان بە مانا ئابووریە نەستیەکەی بێت، بەڵام سوود و قازانج دواین وشە نییە، چونکە وەبەرهێنانی خواستیشمان هەیە کە پێمان دەڵێت ئێمە دەتوانین خواستەکانمان بەدیبێنین، بێئەوەی دژی بەرژەوەندیەکانیشمان بین، چونکە بەرژەوەندی هەمیشە شوێنکەوتەی خواستە..دەبێ هاوارەکەی «رایش» قبوڵ بکەین: نەخێر، جەماوەر فریونەدراوە، بەڵکو لە ساتەوەختێکدا خواستی لە فاشیزم بووە. وەبەرهێنانی خواستیشمان هەیە، کە دەسەڵات دەکاتە مۆدێلێک و بڵاویدەکاتەوە و وادەکات دەسەڵات لە شێوەی پۆلیسەکەوە هەبێت تا دەگاتە وەزیر، بێگومان جیاوازیەکی ڕەهایش نییە لەو دەسەڵاتەدا کە پۆلیس و وەزیر پەیڕەوی دەکەن. مۆرکی وەبەرهێنانەکانی خواستە لە جەستەی کۆمەڵایەتی کە بۆمان راڤەدەکات حیزب و سەندیکاکان بۆچی هاتوونەتە ئارا، کە دەبوو بە ناوی بەرژەوەندیەکانی چینەوە وەبەرهێنانی شۆڕشگێڕانەیان هەبوایە و دەکرا لەسەر ئاستی خواستدا وەبەرهێنانی چاکسازی، یان تەواو کۆنەپەرستانەیان هەبوایە.

**فۆکۆ:** وەک تۆ دەڵێیت، پەیوەندیی نێوان خواست و دەسـەڵات و بەرژەوەندی و قازانج زۆر لەوە ئاڵۆزترە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی وێنای دەکەین، بەڵام خۆ مەرج نییە ئەوانەی دەسەڵات پەیڕەو دەکەن بەرژەوەندییان لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکەدا هەبێت و ئەوانەش لە دەسەڵاتەوە دوورن بەرژەوەندییان لە دەسەڵاتدا نەبێت. خواست لە دەسەڵاتداری و دەسەڵات

لە نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندیدا گەمەیەک دەکات تا ئێستا زۆر تاییەتە.

وایش دەبێت کە جەماوەر، لە سەردەمی فاشیزمدا، خواستی لەوە بێت کەسێک دەسەڵات پەیڕەو بکات و بە تەواویش تێکەڵی نەبێت، مادامەکی تا مردن و لەناوبردن، تەنانەت بە قوربانیکردن و کوشتنیشیان دەسەڵاتیان بەسەردا پەیڕەو دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خواستیان لەو دەسەڵاتە هەر دەبێت. تا ئەم ساتەیش گەمەی خواست و دەسـەڵات و بەرژەوەندی نەناسراوە. دەبوو کاتی تەواو هەبوایە بۆ ناسینی ڕەتاندن، خواستیش بە هەمانشێوە پرسێکی درێژخایەنە. دەشێت ئەو خەباتانەی ئێستا هەن، هاوکات تیۆرە لۆکاڵییەکان، لایەنگەری، جوداخوازییش کە لەو خەباتانەدا بەپێی خواست پەیوەندن پێوەی و دەبێنە سەرەتای پەیبردن بەو ڕێگەی دەسەڵاتی پێ بەڕێوەدەبرێت.

**دۆلۆز:** کەواتە دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکە: بزاڤی شۆڕشگێڕیی ئێستا پێگەی زۆری هەیە و ئەمەش بە لاوازی و کەموکورتی دانانرێت، مادام گشتگیرکردن زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و پەرچەکردار. بۆ نموونە ڤێتنام، پەرچەکردار و بەرگرییەکی جوانی ناوخۆی هەبوو، بەڵام چۆن تۆڕە هاوبەندە ئاساییەکانی نێوان ئەم خاڵە کارا و لەیەک جیایانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لە هەمان وڵاتدا بناسینەوە؟

**فۆکۆ:** ئەم جوداخوازییە جوگرافییەی تۆ باسی دەکەیت ڕەنگە ئەمە بێت: لەو کاتەدا کە لە دژی ڕەتاندن خەبات دەکەین، پرۆلیتاریا تەنها خەبات ناکات، بەڵکو ئامانج و ڕێگە و شوێن و ئامرازەکانی گەیشتنیش بە ئامانجەکان دیاری دەکات، هاوپەیمانیش لەگەڵ پرۆلیتاریا، واتا هاوڕابوون لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستەکانی و وەبەرگرتنی هەمان هۆکارەکانی خەبات و پاساوەکانی ئەو خەباتەی، واتا توانەوە و ئاوێتەبوون تیایدا

بە تەواوی، بەڵام ئەگەر جەنگ لەگەڵ دەسەڵات بێت، هەموو ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەردا پەیڕەو دەکرێت و هەموو ئەوانەشی وەک شتێک دانی پێدا دەنێن، کە خۆی لەبەردا راناگیرێت، دەکرێت لە شوێنی خۆیان و بە دەسپێک لە چالاکی خۆیان، یان بەدەر لەو چالاکیە تایبەتەیان خەبات بکەن، هاوکات خەباتەکە رابگەیەنن کە خودی خەباتەکە و ئامانجەکانی دەناسن و دەتوانن رێگەکانی دیاری بکەن و بچنە نێو رەوتی شۆڕشگێڕییەوە، واتا وەک هاوپەیمانی پرۆلیتاریا بکەونە شۆڕشەوە، مادام لە پێناوی پاراستنی رەتاندنی سەرمایەداری چۆن بکرێت بەوجۆرە دەسەڵاتیان بەسەردا پەیڕەو دەکرێت.

لە کوێدا سەرکوتکردن پەیڕوکرا، بێگومان لە خزمەتی دۆزی شۆڕشی پرۆلیتاریدا دەبێت، ژنان، نەخۆشی نێونەخۆشخانەکان، زەیندانیان، سەربازی نێو سەربازگەکان، هاوڕەگەزخوازەکان، هەموو ئەمانە لە خەباتکردندان لە دژی فۆرمی تایبەتی دەسەڵاتی ستەمکاریی و زۆرەملێ و ئەو سیستمی چاودێریەی بەسەریاندا دەسەپێنرێت. ئەم خەباتانە بەشێکن لە شۆڕشگێڕیی بەو مەرجەی رادیکاڵ و گەوهەری و دووربن لە سازش و چاکسازی و گۆڕینی شێوەی دەسەڵات. ئەم شۆڕشانە پەیوەندن بەو بزاڤی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریاوە، کە ئەمیش لە دۆخی لە دژ وەستانەوەی هەموو فۆرمەکانی چاودێری و ستەم و زۆرەملێدایە کە دەسەڵات جێبەجێیان دەکات، واتا گشتگیری و فراوانی خەبات و ململانێ بەو هەمەکێنی و گشتیگیریە ناکرێت، کە کەمێک پێشتر باسکرد، واتا ئەو گشتگیرییە تیۆریەی لە فۆرمی راستی و حەقیقەتدایە. ئەوەی خەبات دەکاتە خەباتێکی فراوان و گشتگیر و هەمەکی هەمان سیستمی دەسەڵاتە بە هەموو فۆرمەکانی پەیڕەوکردن و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتەوە.

**دۆڵۆز:** بۆیە کاتێکیش ناتوانین هیچکام لەو خاڵانە بەدی بێنین بێئەوەی لە بەرەنگاریی هەموو ئەو کۆمەڵە بەربڵاوەدا بین، ئیدی لە پێناوی کەمترین و سادەترین داخوازیدا ناچار دەبین دەسەڵات بڕوخێنین. هەرجۆرە بەرگرییەک یان هێرشی شۆڕشگێڕانە بەم سیفەتەوە دەچێتە بازنەی خەباتی کرێکارییەوە.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی «المنارات» ژمارە 2724، (13)ی شوباتی 2013

# ئەزمونگەرایی باڵا

**لە فارسییەوە: جەمال رەحیمی**

«ئەزمونگەرایی باڵا» (Transcental empricism)، دەستەواژەیەکە دۆلۆز لە یەکێک لە کارە سەرتاییەکانیدا (جیاوازی و دووپاتبوونەوە)کە لەساڵی1958 لە فەرەنسا چاپکراوە)، بەکاریهێناوە و تا دوایین کاری لەگەڵ گاتاری، (فەلسەفە چییە)؟ کەڵکی لێوەرگرتووە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەزمونگەرایی باڵا بۆ دۆلۆز نەک تیۆریی، بەڵکو گرفتە. زۆربەی فەلەسەفە باڵاکان بنەمایەکی باڵایان هەیە، کە بە هاوکاری ئەو ئەزموون شرۆڤە دەکەن، بۆ نموونە شتێکی هاوشێوەی باوترین بوونەوەری وەکو «بکەر»، بەڵام دۆلۆز بە بەردەوامی بە دوای ئازادیدا دەگەڕێت لە زەمینە و کانگای تەنیاوە، چونکە هەوڵدەدات وەکو هەبوون بیر لە ژیان بکات نەک بوون. بەم پێیەش، ئەزمونگەرایی باڵا لە چەمکی «ئەزمونگەرایی» واتای ئەزموون یان پێشهات  بۆ تێفکرین سەبارەت بە ئەزموونێک، ژیان یان گۆڕان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بەکاردەهێنێت، کە زەمینە یان بنەمایەکی بەدەر لە خۆی نییە. لە بەشی پێشوودا بینیمان کە چۆن دۆلۆز هەوڵدەدات بە زمانی ئۆتۆمبێلەکان و کاریگەریەکانی ئەودیوی دیمەنەکانی بینەرە مرۆییەکان بیر بکاتەوە. وەهایە کە ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا دەربارەی ئەزمونگەرایی باڵا، هەوڵدەدات فەلسەفەی نامرۆیی بخولقێنێت.

## هونەر و فەلسەفە

فەلسەفە چەمکێک بۆ سەردەمی ئێمە پێکدەهێنێت، کە زەمەن ژێروڕوو دەکات. هەنەر، ئەزموون بە مەبەستی خولْقاندنی هەستەکان و کاریگەریەکانی دەهاڕێت، کە هێشتا ئاوێتەی هێڵەکانی زەمەن نەبوون. چەمکی دۆلۆزی وێنەی زەمەنی سینەمایی کردەیەکی فەلسەفیە لە کاردانەوە بەرامبەر بە پێشهاتێکی تایبەتی هونەری. ئەم چەمکە ڕێگەی ئەوە بە ئێمە دەدات، کە سینەما بە شێوازێکی جیاواز ببینین. ئێمە دەتوانین بچین بۆ سینەما و کارێکی فراوانتر لە بەدواداچوونی گێڕانەوە و هاوزاتی لەگەڵ کەسایەتییەکان ئەنجام بدەین. دەتوانین ڕێگای ئەوە بە سینەما بدەین، کە سەرقاڵمان بکات و بمانگۆڕێت . ئەمە وێنەی زەمەنە کە دەنگێکی ناپەیوەندیدار سواری وێنەیەکی نادیاری نەگونجاو دەکات و لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەچێت ئاسۆی تەنهایی زەمەن، کە لە ڕێگایەوە جیهان دەبینین، وێران دەکات و ئێمە زەمەن وەکو گشتیەتی ڕەوتەکان و کۆمەڵەی دوورەپەرێز دەبینین. ئەگەر فەلسەفە ڕێگای ئەوە بە ئێمە بدات کە سینەما بەم شێوازە ببینین، (بەمجۆرە ئەگەری گۆڕینی دەروونی زەمەن مەیسەر بکەین)، سینەماش کاریگەری دەکاتە سەر فەلسەفە. بۆ دۆلۆز، فەلسەفە تیۆری یان شرۆڤەی جیهان نییە، فەلسەفە وەکو هەموو جۆرەکانی ئەندێشە، «پرسێکی ناڕێکە» (دۆلۆز و گاتاری199: 1994). ئەمە تەنها بوون(رسکان) نییە، بەڵکو «ئەویتر بوونە» ئەو کارەش لە ڕێگای کاردانەوە بە ئەویتر دێتە ئاراوە «پشێوی». نە هونەر و نە فەلسەفە، هیچکامیان شێواو و ناڕێک نین، بەڵام ئەگەر بە دانەرانی پشێوی ڕێگای چوونە ناو ئەندێشە و گۆڕان و بزواندنی ئەو نەدرێت شتێک بەدەر لە بڕوایەکی ڕەها نابن» (هەمان سەرچاوە 204).تێکشکاندنی بڕوایەک لە

ڕێگەی پچڕانی هەماهەنگی یان یەکبوونی ئەزمونی سەپێنراو بەدەست نایەت. ئێمە پێویستیمان بە هونەرە وەکو ڕەوڕووبوونەوەیەکی تاکڕەهەندی هەستپێکراو بە فەلسەفە بۆ خولْقاندنی چەمک نەدۆزراو پێویستمان هەیە. وێنەی زەمەن، بە واتای چەمکێک، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە دەکارێت. لەلایەک ئەم چەمکە لە ئێمە دەخوازێت کە سینەمای «بڕگە بێ لۆژیکەکان» هەست دۆزەرەوەیەک کە بە بینەرانی دیاریکراوەوە گرێ نەدراوە، زیاد بکەین. ئاوەهایە کە سینەما دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی نوێ لە پرسی هەستەکان و تێگەشتنەکان لە گۆشەنیگا و داوەری رزگار دەکات. لەلایەکی تر، چەمکی وێنەی زەمەن ئاماژە بە هێزی پشتگوێخراو و وەگەڕنەکەوتوو جیاواز دەدات، کە لەو ڕێگایەوە تێگەیشتنی تەنها دەردەکەوێت. ( بۆ نموونە، تەنها ئەگەر جیاوازی شەپۆلەکانی تیشک و جیاوازی وەکو جیاوازی بوونی هەبێت تاکڕەهەندی بوونی وێنەی رەنگ دەتوانێت لەکاردا بێت. ئەو چەمکەیە کە بیر لەو هێزە وەگەڕ نەکەوتووە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی راستەوخۆ تاقی ناکاتەوە). چەمکی وێنەی زەمەن تەنها سینەما شرۆڤە ناکات، ئەم چەمکە ئەزموونی کاریگەر دەهێنێتە سینەماوە و ڕێگای ئەوە بە ئێمە دەدات، کە بە شێوازێکی جیاواز و لە جیهانێکی نوێدا و بیر لە خودی رەوتی زەمەن بکەینەوە. هونەر دۆخگۆڕێکی هەستیە کە ئێمە لە خۆمان دوور دەخاتەوە، بۆ ئەوەی بەدوای بابەتەکەدا بچین، لە کاتێکدا فەلسەفە دۆخگۆڕێکی چەمکیە کە ئێمە و ئەوەی کە شیاوی تێفکرینە دەخولْقێنێتەوە.

ئامانجی هونەر، بەهۆی بەرژەوەندییەک کە هەیەتی، باشتر دەرهێنانی هەستی دۆزەر لە دەستی تێگەیشتن ئامانجەکان و دۆخەکانی بکەری تێگەیەنەرو، هەروەها بە دەرهێنانی کارتێکەری لە کارتێکراوێکە، کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر تێدەپەڕەن، هەروەها هێنانەدەرەوەی کۆمەڵەی

هەستەکان یان وجودی رووتی هەستەکانە.

ئەرکی فەلسەفە، کاتێک کە چەمک و گەوهەرەکان دەخوڵقێنێت، هەمیشە هێنانە دەرەوەی رووداوێک لە شتەکان و بوونەوەران و بەخشینی رووداوێکی نوێ بەوانە: شوێن، زەمەن، مادە، ئەندێشە، پرسی مومکین وەکو رووداوەکان. (هەمان 33)

**باڵابوون**

میشێل فۆکۆ (1926–84)، یەکێک لە هاودەمانی جیل دۆلۆز و بابەتی یەکێک لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی ئەو، نەریتی فیکرەی خۆرئاوای شیکردوەتەوە، لەو رێگایەوە هەوڵیدەدا کە ئەو نەریتە لە «گوێڕایەڵی بە باڵابوون) ئازاد بکات(فۆکۆ203:1972). باڵایی( کە بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ بەرزبوون و پرسی بەرزی) ئەو شتەیە کە دەچێتە پێش یان بە شتێکی دەرەکیەوە گرێدەدرێ. بە وتەی فۆکۆ، بیرۆکە و دامەزراوەکانی ئێمە هەمیشە پشتیان بە درەوەیـی بوون بەستووە: شتێک کە هەستی پێدەکەین، دەتوانین بیناسین، ئاشکرای بکەین، یان شرۆڤەی بکەین، ئەوەی کە شێوازێکی بنچینەیی بە ئێمە دەبەخشێت. فۆکۆ بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئەو بابەتە «ئاکاری ناسین»ی لێدەکەوێتەوە، کە بەو پێیە وێنای ئەوە دەکەین، کە ئەگەر «راستیەکمان» لە جیهانی دەرەوە دەستبکەوێت، تێدەگەین ئەو جیهانە چۆن دەکارێت. دۆلۆز لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فۆکۆ، لە بەرهەمەسەرتاییەکانیدا دەربارەی فەلسەفە، لە دواین کاریشیدا کە لەگەڵ گاتاری بە ناوی «فەلسەفە چییە» کردیان، رێڕەوێک لەو دێوی باڵابوون دەستنیشان دەکات. لە بەرامبەر باڵابووندا وەکو ئەخلاقی ناسین، شوێنێک کە تێیدا بەدوای ملکەچی لە راستی کۆتایین، دۆلۆز فەلەسەفەکەی

وەکو ئەخلاقی amor fati وەسفدەکات. عەشق بەرامبەر بەوەی کە هەیە(نەک بە هەقیقەت، بەڵگەهێنانەوە یان بنەمایەکی دەرەکی لەوەی کە هەیە، بنەمایەک کە بەنیسبەت ئەوەی کە هەیە پێگەیەکی باڵاتریان هەبووە) دۆلۆز:1994)بەشێک لەو داخڵبوونە پشتڕاستکردنەوەی «ئەوەی کە هەیە» ئەو واتایە دەگەیەنێت کە فەلسەفە دەبێت شتێک زیاتر لە رەخنەگرێک بێت، نمایشکردنی خۆشباوەڕیە باڵاکان بەس نییە، بۆ نیشاندانی ئەم هەموو بنەما داهێنەرانەی ئێمە - وەکو خواوەند، بوون، هەقیقەت - کە زیاتر لەوەی کە بوونیان هەبێت، خولقێنراون . ئێمە پێویستیمان بەو هەیە کە لایەنی پۆزەتیڤی ئەم گەشەیەش ببینین. ئەوە چ ئەندێشەیەکە کە خۆی بە وێنەیەک لە پرسێکی دەرەکی گەورەتر بەرتەسک دەکاتەوە؟ ئایا ئەم بابەتە پێمان ناڵێت کە شتە، داهێنەر و پۆزەتیڤ و رزگارکەرەکان لە توانای ئەندێشەدایە؟

ئاشکراترین و گشتی ترین شکڵی پرسی باڵایی (کە فۆکۆ شرۆڤەی کردوە) حەقیقەتە. لە بری تێبینی ئەوەی ئێمە وەکو بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانی نێوان خۆمان لە جیهاندا دەیڵێین و ئەنجامی دەدەین، وێنای دەکەین کە مانا یان حەقیقەتێک بوونی هەیە، کە لە چاوەڕوانی شرۆڤەکردن، ئاشکرابوون یان لەقاوداندان. (ئەم نەخۆشیە لەلایەن دۆڵۆز و گاتاری لە 1987دا وەکو لێکدانەوەی ئەودیوی وشە وەسفیان کردووە). ئەم داهێنانی حەقیقەتە کە قەشەکانی پێکهێناوە (کەسانێک کە ئێمە بەرەو حەقیقەت رێبەری دەکەن) سکهەڵگوشین و پاکی درووست دەکەن، بەم هۆیەش نکۆڵی لە حەزەکانمان دەکەین و خۆمان بە کەماڵخوازی بە رواڵەتی سودمەندترەوە دەبەستیەنەوە. تێکڕای ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا بەرەو نەهیلیزم دەچێت. کاتێک کە جیهانێکی باڵاتر و حەقیقی تر لەو دیوی دەرکەوتەکانەوە تەسەور

دەکەین، بەدینەهاتوو دەبێت و دەبێتە مایەی بێهیوایی و نائۆمێدی. دۆلۆز و فۆکۆ جگە لە حەقیقەت خۆباوەڕیە تایبەتییەکانی و مێژووی باڵابوونیشیان وەسفکردووە. دۆلۆز و گاتاری، مێژووی فەلسەفەیان وەکو درووستکردنی «رووی باڵابوون» وەسفکردووە روویەک  کە لە رێگایەوە بنەما و زەمینەی فیکریمان دەخولقێنین(دۆلۆز و گاتاری 1994). دەتوانین ببینین کە چۆن دیمەنی خواوەندێکی دادگەری دەرەکی کە ئێمە تەنها دەبێت یاساکانی ئاشکرا بکەین، دەتوانێت بنەمایەک بۆ فیکر پێکبهێنێت، بەڵام خەیاڵگەلێکی کەمتر ئاشکرای وەکو هەستی، سروشت و فەرەهەنگیش دەتوانن وەها کارێک بکەن. ئەوانە ئاسێک فەراهەم دەکەن، کە تێیدا هەموو کردەکانی ئەندێشە و حەیات شیاوی شیکردنەوە بن. دۆلۆز تەنها قۆناغی نارۆشن، ئاڵۆز، کەمتر پەیوەندیداری باڵابوون بەیان دەکەن، کە رەنگە گرنگترین خەیاڵی «بکەر» بن. بە لەبەرچاوگرتنی نموونەی کۆتایی کە دەبینین ئەندێشە و بیرکردنەوە لەو دیوی باڵایی چەندە، ئەگەری دژواربوونی هەیە. هەڵبەت ئەم خاڵە یارمەتیدەری شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە دەبێت، کە بۆچی دۆلۆز ئەم پێویستیەی هەستپێکرد، کە هونەر و فەلسەفە بۆ تێکشکاندنی زەمینە یەکپارچە و سەپێنراوەکانی ئەزموون و گەیشتن بە کاریگەری و چەمکەکان، دەخاتە ژێر فشارەوە.

### بکەری تایبەتی subjective

بکەر، چەمکێکی مۆدێرنە لە فەلسەفەدا، کە لە ئەفسانەی «مردنی خواوەندەوە» هەڵێنجراوە. ئەگەر ئیتر گریمانەی ئەوە نەکەین کە دەسەڵاتێکی خواوەندی لە ئارادایە، کە مانا و دیسیپلین بە جیهان دەبەخشێت، دەبێت شیبکەینەوە کە جیهانی ئێمە چۆن خۆی وەکو یەکانگیریەکی یاسایی و

بەدیسیپلین ئاراستە دەکات. شیکردنەوەی ئەم پرسەم، لە فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەیەم، دیکارت(1650 – 1569) وەرگرتووە، بۆ ئەوەی رەوتی سـەدەی بیستەمی دیاردەناسی بەمجۆرە بووە کە ئەزموون لە رێگای «بکەروە» درووست دەبوو. دۆلۆز بە بەردەوامی ئەم بۆچوونە دەداتە بەر رەخنە. سۆبژکتیڤینە لەسەر بنەمای ئەم باسە دامەزراوە کە حەقیقەت، بوون و جیهانێک کە ئێمە دەیناسین، جیهانێکی ئەزموونکراوە لەبەردەم گومان و پرسیاردا و ئەوەی کە ناتوانرێت بکەوێتە بەر گومانەوە، لەو دیوی گومان و پرسیارەکانەوە دەمێنێتەوە بکەریە، واتا کەسێک کە خۆی دەست لە ئەزموون دەدات و گومان دەخولقێنێت. ئەم بابەتە لە کوگیتۆ(cogito) ی بەناوبانگی دیکارتدا بەیانکراوە. «بیردەکەینەوە، کەواتە هەین». لە گومانکردن بەرامبەر بە هەر شتێک، ئەوە منم کە بیردەکەمەوە ئەم پرسەش زەمینەیەک بۆ دڵنیایی درووست دەکات: واتا بکەریەک کە تێدەفکرێت. پێدەچێت ئەم بابەتە لەناوبردنی هەموو بنەما باڵاکان و سنوردارکردنی هەموو شتێک بێت جگە لە ئەزموون، بێگومان زۆربەی بۆچوونەکانی سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەم، بنەمای بکەر قبوڵ دەکەن، بنەمایەک کە بە وتەی دۆلۆز لە فەلسەفە سەرتر چووە و لە کولتوری گشتیە و ژیانی رۆژانەشدا پەرەیسەندووە. تەنانەت ئەگەر بیر لە بکەر بکەینەوە، لە حاڵەتێکدا کە کولتور و چین و رەگەز دیاریکردبێت، دیسان بەو جۆرەی کە بکەر چاودێر و جیاوازەکان ئەزموونی دەکەن سەیری جیهان دەکەین. بینینی جیهان ئەگەر بە شێوەی سۆبژکتیڤ درووستکرابێت و وابەستەی زمان و فەرهەنگی ئینسانیە، داگەڕانێکی لاواز و ئاسایی هەیە. بکەر لەلای دۆلۆز تەنها شکڵێکە لە پرسێکی باڵابوون (دۆلۆز 1990:106). لەوانەیە ئیتر ئێمە بنەما دەرەکییەکانی وەکو (خواوەند و حەقیقەت)مان

نەبێت، بەڵام «وێنەیەکی ئەندێشە»مان خولقاندووە (دۆلۆز:1994) کە وەکو بنەمایەکی کۆتایی قبووڵی دەکەین. ئەمە ئەو شتەیە کە باوەڕو تێگەیشتنی هاوبەش پێکدەهێنێت و «هەمووان لەو بڕوایەدان کە...» یان «هەمووی ئێمە دەزانین کە...»، یان «گەمژانە و بێمانا دەبێت کە پێمان وایە...»، پێکدەهێنێت (دۆلۆز 1994). بەم هۆکارەیە کە هونەرو فەلسەفە گرنگیان هەیە. ئەوان تەنها شێوازێک لە ئەزموون کە ئەزموونی بکەری ناسراوی گشتی نین داناهێنن، بەڵکو هەماهەنگی بکەر تەنهاکان وێراندەکەن و ئەو جۆرە لە ئەندێشە بۆ کاریگەریەکان، چەمکەکان و بینینەکان دەگۆڕن.

دۆلۆز لە شیکردنەوەی ئەوەدا کە چۆن وەکو «رووی باڵایی» درووست بووە، شکڵگرتنی کۆگیتۆ وەکو چەمکی فەلسەفی شرۆڤە دەکات.

کۆگیتۆ هاوتای لاتینی «من تێدەفکرم»ە. دیکارت لە بەڵگاندنێکدا دەڵێت: لە گومانکردن بە هەرشتێک لە کۆتاییدا ئەوە ئێمەین بیردەکەینەوە و ئەم بیرکردنەوەیە وەکو زەمینەکانی کۆتایی دەکارێت. ئەم روانگەیە گریمانە دەکات کە ئەزموونگەلێک هەیە کە لای ئەو کەسەی کە تێدەفکرێت روونە. ئەم تێڕوانینە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە کە «من تێدەفکرم»، لەوانەیە دەرەنجامێک بێت وەکو دەرەنجامەکانی تر لە ناو ئەزموونێکی فراواندا. لە قۆناغی یەکەمدا، دۆلۆز دەڵێت چەمکێکی وەکو کۆگیتۆ هەمیشە کاردانەوەیە بەرامبەر بە مەسەلەیەک. دۆلۆز پێشتر وتبووی کە چەمکەکان ناتوانن بنەمای کۆتایی بن. چەمکەکان وەکو هەندێک لە رەوتە زەیندووەکانی ژیان روودەدەن. بۆ نموونە، چەمکی کۆگیتۆ لە کاردانەوە بەرامبەر بەم مەسەلەیە شکڵی گرت کە «من بە دڵنیاییەوە دەتوانم چ شتێک بناسم؟» دۆلۆز پێیوایە ئەو مەسەلەیە لە پێشدا پلانی ناسەباتێکی داڕشتبوو. کاتێک کە من بەم پرسیارەوە دەستپێدەکەم کە «من دەتوانم چ شتێک بناسم؟»

له پێشدا «من»ی له جیهانێک که هەوڵی ناسینی دەدەم جیادەکردوەتەوە. من پێموایه شێوازی پەیوەندی من لەگەڵ جیهان شێوازێک له ناسین و داوەریکردنه که جیهان تێیدا وەکو کۆمەڵەیەک له راستیه مومکینەکان شرۆڤه کراوەتەوە و «منێک» که گومان دەکات لەودیوی جیهان له بەرامبەر جیهاندا راوەستاوە و شرۆڤەکەرەوەی خودە ئەزموونکراوە مومکینەکانە. درامێک که چەمکی کۆگیتۆ دادەڕێژێت سێ بەشه. ئەم دراما، سەرەتا «پرسۆنایەکی چەمکی» فەرز دەکات (دۆلۆز و گاتاری 1994). هەموو فەلسەفەکان وەها دەکەن، ئێمە ناتوانین چەمکێکی بێ سۆقرات «گفتوگۆکەر» و نیتچەی «شێت»مان هەبێت. پرسۆنای چەمکی خولقێنەر یان دانەر نییه، بەڵکو سیمایەکه که چەمکەکەی تیۆری و بۆچوون فەرز دەکات. ئایا دەتوانین «رۆمانتیزم» بەبێ سیمای تاکی بایرۆنی لەبەرچاو بگرین؟ (کەسێک که هەمان بایرۆنی مێژوویی نییه، بەڵکو کەسایەتی جامع و گشتی هەیە). پرسۆنای (کەسایەتی مەجازی) کیگیتۆش دیکارتی گۆشەگیر و خاوەن گومانە، دووەم ئەوەی که چەمک دەخوڵقێنێت، پەیوەندی دادەمەزرێنێت، (چەمکی دەروونداگر و بەدیسیپلین»ە-(دۆلۆز و گاتاری 1994). مەبەستی دۆلۆز و گاتاری له چەمکی رێککراو هەمان دیسیپلینه که چەمک دەخوڵقێنێت و مەبەست له (دەروونداگر)ئەو کاریگەرییانەیه که چەمک له نێوانیاندا پەیوەندی دادەمەزرێنێت. کاری چەمک تەنها ناولێنان و گرێدانی شوێنەکان نییه. چەمکی زەرورەتەکان، دیسیپلینەکان و «ناوچه دەروونداگرەکان» دەخولقێنن، و بەڵگەی راستگۆییەکەشی دەتوانێت ئیمتیازێک بێت که بۆ ناسینی ئابستراکت دادەنرێت. چەمکی دیکارت نیشانەی پەیوەندییەکی گوماناوی، دادیاری و تێڕوانینه بۆ جیهان وەکو شتێکی شیاوی پێداچوونەوە و شرۆڤەکردن. چەمک ریزکردنی تایبەتمەندیگەلێک نییه، که له پێشدا

بوونیان هەبووە» وەکو پرسی (لەسەرو) و «پانتاییداگر»، بەڵکو هێڵی تایبەتی تێڕوانین دەخوڵقێنێت و بەرەو ئەوان دەچن(پرسی «بەدیسیپلین» و «دەروونداگر». «من لێرەدام»، «دەتوانم چ شتێک بناسم؟»، «گومانی من لێرەدایە»، بیرکردنەوە دڵنیاییە». سێهەم: ئەوەی کە لە وەها درامایەکدا باڵابوون یان شتێکی دەرەوەیی بە نیسبەت ئەندێشە درووستدەکات. دەتوانین بڵێین ئەوەی کە هەیە ئەزموونێکە بەبێ بکەر و ئۆبژە و بەبێ ناوک و رووکەش، ئەم رووەی ناوک مانەوەییە (immanence)، رەوتی رووتی ژیان و تێگەیشتنی بێ تێگەیەنەرە جیاوازەکانە. دۆڵۆز ئاماژە بە«رووی ئیمانێس» دەکات کە ناوچەیەکی لەپێشدا سەپێنراوە کە تێیدا جیاوازی نێوان ئاستی ناوکی (زەین و بکەر) ئاستی دەرەکی ( جیهان و دڵنیایی) لەناوچووە. لە رێگەی ئەزموونەوە بکەر شکڵ دەگرێت و لە رێگای تێگەیشتنەوە تێگەیەنەر شکڵ دەگرێت. تێگەیەنەر دەتوانێت لە رێگای وێنەیەکی خۆیەوە وەکو «من» شکڵ بە پەیوەندی لەگەڵ جیهانێکی دەرەکی یان باڵایی بدات. راستیەکان یان کاروباری باڵایی، بنەماکان یان زەمینەگەلێک بۆ ئەزموون، هەمیشە رووداوی ئەزموونن. ئێمە وەکو ئەو سوژانەی کە دەبێت جیهان بناسین دەست پێناکەین، ئەزموون لە کاردایە و لە رێگای ئەم ئەزموونەوەیە کە ئێمە وەکو بکەری جیاواز شکڵ بە وێنەی خۆمان دەدەیـن. بەر لە «بکەری زەینی»، شتگەلێک بوونیان هەیە کە دۆڵۆز وەکو بکەری کرم ئاسا) ئاماژەیان پێدەکات. فرە رەهەندی تێگەیشتنەکان و تێرامانێک کە هێشتا لە «خودێک»دا رێک نەخراون. تەسەوری جیهانێکی دەرەکی و «باڵایی» هەر لەم دەروون مانەوەییەوە حاسڵ بووە. ئەمە شتێک نییە کە بکەریەک ئامادەی کردبێت، بەڵکو لە شێوازێکی ناکارا پێکهاتووە.

لەو رووەوە، دۆلۆز لەنێوان «دەروونگەرایی» (extriority) و (پرسی دەرەکی) و outside (he) جیاوازی دادەنێت و لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فۆکۆ (فۆکۆ 1988، کە 1986 بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە) ئەم جیاوازیە بە ئاشکراترین شێوە گەڵاڵە دەکات. هەرچەندە مەسەلەی دەرونمانەوەیی و ئازادی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی باڵایی، لە بەرهەمەکانی ئەودا هەمیشە بابەتە. ئەندێشە «ئاستی باڵایی» دەخولقێنێت کە ئاستێکی دەروونی لە شێوەی زەین یان بکەری گومان و ئاستێکی دەرەکی وەکو جیهانێک کە دەیناسین، گومانی لێدەکین، و دیسان دەیخەنەوەڕوو - پێکیدەهێنن، بەڵام پەیوەندی نێوان ئاستی دەروونی و دەرەکی بە شتێکەوە بەندە کە شاراوە و لەپێشدا سەپێنراو دەمێنێتەوە یان بەرلەوەی کە پەیوەندی بە ئاستی دەروونیەوە بێت لەگەڵ پرسێکی دەرەکی لە پەیوەندیدایە. لەم نموونەیەدا دەرگایەک دەتوانێت سنووری نێوان ئاستێکی ناوکی و دەرەکی بخولقێنێت، بەڵام ئەم جیاوازیە پێویستە لە فەزادا رووبدات و فەزا دەتوانێت شکڵێکی رادیکاڵتری دەرەکی بێت، یان لەوانەیە پارچە پەڕۆ یان کاغەزێک بۆ خوڵقاندنی جیاوازی لە نێوان ئاستی ناوکی و دەروونیدا نووشتابێتەوە، بەڵام ئەم دابەشکردنە دەتوانێت پشت بە خودی کاغەزەکە ببەستێت کە لە واتایەکی سادەدا، نە ناوخۆییە و نە دەرەکی. بەڵام کاغەز دەتوانێت لە پەیوەند بە ئاستی دەروونی و ناوکی کە نووشتانەوەی پێکهێناوە «پرسێکی دەرەکی» بێت. سەبارەت بە بکەر، ناوەکی بوونی سۆبژکتیڤیتە و دەرونیبوونی جیهان، بەرهەمی دەرەوەیی بنەڕەتی ئەزموون یان تێگەیشتنە ناتایبەتییەکانە. بە وتەی دۆلۆز، (دەرەکی بوونی (ئەندێشە ئەوەی کە دەیناسین یان شرۆڤەی دەکەینەوە نییە. رووی دەرەوەی ئەندێشە هەمان (ئاستی ناوەکی بوونە، یان تێکڕای گریمانەکان، جیاوازییەکان یان کاراکتێرەکان کە لە رێگای ئەوانەوە

تێدەفکرین. لێرەدا پێویستە گرنگی بە دوو خاڵ بدەین، یەکەم ئەوەی کە خوڵقاندنی باڵایی ناوەکی بوون لە فەلسەفە ئەولاتر دەچێت. ئێمە دەتوانین وەکو کۆمەڵەیەک لە «نووشتانەوەکان» سەیری تێکڕای ژیان بکەین. هەر خانە یان ئۆرگانیزمێک لە خولقێنراوی رووەکی ناوەکی و رووەکی دەرەکی لە رەوت یان ژینگەی ژیان پێکدەهێنێت. دووەم: ئەوەی کە ئێمە دەبێت رەهەندی ئیجابی مێژووی ئەندێشە وەکو پێکهاتەی (رووی باڵایی) لەبەرچاو بگرین. شتێک کە ئێمەی گیانلەبەرانی داهێنەر دەبێت وەکو باڵابوونی (حەقیقەت)، (خواوەند)، (بوون) یان (هەرمان) پێکهێنابێت.

لەم رووەوە، دۆڵۆز دوو وەڵامی بە خۆشباوەڕی باڵابوون لە شێوازی فەسەفی و سیاسی و کۆمەڵناسیدا گەڵاڵە کردووە. یەکەم ئەوەی کە باڵایی وەکو رووداوێک یان خولقاوێک پەسەند بکەین، بۆئەوەی ببینین کە زەمینە، ئاخێزگە، یان دەرەکی بوونی کۆتایی، لەژێر کاریگەری ئەزمووندایە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگیدان بە مێژوو یان مێژووی فەلسەفەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکان و زەمینە جۆراوجۆرەکاندا کە پێکمان هێناوە، چاوێک بخشێنین. هەزاردەشتی گاتاری و دۆڵۆز، بەو جۆرەی کە لە ناوەکەیدا دیارە، ئاماژەیە بە مێژووی ئەو سەرزەمین و دەشتانە کە لەسەر دەستی ئەوان ژیان بونیادنراوە. پێدەچێت گریمانەی زمانی بکەر قسەکەرەکان بکات، بزووتنی جێنینیکیی لەسەر بنەمای جۆرەکان وەستاوە، سیستمە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان بە رواڵەت لە «مرۆڤەکان» پێکهاتوون، تێکڕای پەیوەندیە ئابورییەکانی ئێمە بریتین لەوەی کە بەرژەوەندی سەرەتایی هەبووە بۆ ئاڵوگۆڕکردن، بەڵام ئەمانە زەمینەی روونکردنەوە نین، دەشتەکان دۆخی سەرەتایی یان کۆتایی نین، کە بتوانن بۆ شیکردنەوەی ژیان بەکاربهێنرێن. زەمینە دەرەنجامی بەرهەمهێنانە ژیانی خۆی لە دوو جیهەتدا بەیان دەکات،

بەرهەمهێنان زەمینە و بنەمان. لە ڕێگای دەروونی بوونی حەیاتەوەیە کە شێواز و نوێژە جیاوازەکان جیادەکرێنەوە، بۆ نمونە ڕەوتێکی گشتی گۆڕینی جینەتیک بوونی هەیە، بەڵام خۆشباوەڕی ئیستعلا لە ئۆرگانیزمە شکڵگرتووەکان دەکارێت و دەڕوانێتە گۆڕانکارییەکان بەو جۆرەی کە لەسەر جۆرەکان وەستاوە. هەڵەی باڵابوون ئەوەیە کە، پەیوەندی نێوان جیاوازی و پێناسە بە شێوەیەکی هەڵە ئاوەژوو دەکات. لە بری ئەوەی بە گوێرەی شوێنی پێناسەیی سەیری جیاوازی و گۆڕانکارییەکان بکەین، بە جۆرێک تێدەفکرین وەکو ئەوەی جیاوازی و گۆڕانکارییەکان لەسەر بنەمای پێناسە دامـەزراوە. ئێمە بە جۆرێک سەیری جینەتیک دەکەین کە «مرۆڤی» لێدەکەوێتەوە، لەبری ئەوەی کە وەکو ڕووداوێک لە ڕەوتی گۆڕانکارییە جینەتیکییەکاندا سەیری مرۆڤ بکەین. لەبری ئەوەی وەکو هێزێکی جیاکەرەوە بڕوانینە زمان کە دۆخی گوتاری پێکدەهێنێت، وەکو کەرەستەیەکی بەردەستی قسەبێژان سەیری دەکەین.

### دەروونماوەیی(immanense)

ئەگەر یەکەمین وەڵامدانەوە بە خۆشباوەڕی باڵابوون، تێفکرین لە هەموو زەمینەکان، ئاخێزگە و بنەما جیاوازەکان کە وەکو «ڕووی باڵابوون» هاتبێتە ئاراوە، بووبێت، دووەمین وەڵامدانەوە و ئەرکێک کە بە دژوارییەکی زیاترەوە ئەنجامدراوە تێفکرینە لە شتێکی وەکو «ڕووی ئیمانێس» (دۆلۆز و گاتاری 59: 1994). بۆ کێشانی هێڵی هاوتەریب دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ کارەکانی دۆلۆز سەبارەت بە سینەما. سینەما پەیوەندی وێنە و وێنای جووڵەکانە، بەڵام لە لوتکەی خۆیدا نەک هەر ئەم یان ئەو تەوژم و پەیوەندییەکی زۆر کە وێنە لەرێگەی ئەوانەوە جیا دەکرێنەوە بە نمایش

دادەنێن. هاوکات لەگەڵ ئەم کارە، ئێمە لە پرسی ئێستای وێنە یان بوون بەرەو لای پرسی ئێستایی، رووداوی رەوتی زەمەنیی ئەودیوی شکڵە لەپێشدا دیاریکراوەکاندا دەڕۆین. رووبەڕووبوونەوەی دۆلۆز و گاتاری لەگەڵ «رووی ئیمانێس» لە دوو کتێبدا بە ئاشکراترین شکڵ دەبینرێت: فەلسەفە چییە؟ کە سەبارەت بە ئیمانێس تیۆری دادەنێن و هەزار دەشت کە تێیدا بە شێوەیەکی چالاکانە دۆخگۆڕی جیناتی، جوگرافی، میکرۆبیۆلۆژیک، مێژوویی و جوانی ناسییەک کە لە رێگای ئەوانەوە فیکر دەردەکەوێت، دەدەنە بەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن. بەم هۆیە، هەزار دەشت شکڵی ئاسایی کتێبێک یان باسێک لە خۆی ناگرێت. کتێب دەستپێکێکی دیاریکراوی نییە، پێدەچێت بیەوێت بە هەمان ئیمانێس بگات - هەر دەشت (یان بەش) وەکو هەر بەشێکی تر دەتوانێت بە باشی خاڵێکی دەستپێک بێت بۆ تێفکرین.

تێفکرین لە (ئاستی ئیمانێس» پێویستی بە جیاکردنەوەی لە سێ ئاست یان دەشت (فلات)دایە. هەڵبەت هەر رووەیەک پێشتر ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە رووەکەی تر داوە و بە روویاندا کراوەتەوە. سەرەتا پشێوی یان رەوتە جیاوازەکان کە ژیانن: ئەم رەوتانە بە نیسبەت کارووبار و سیستمەکانی پەیوەندی رێکخراو لەپێشترن. دۆلۆز و گاتاری ئەم رەوتانەیان ناو ناوەتە «ئاشوبی جیهان»، ئەوەش هێشتا جیهانێک نییە. «ئاشوبی جیهان» ژیانێکی دەرکپێکراوی وەکو گشتێک کە لە دەرەوەی ئاشوب فۆرمی گرتوە، نییە. «ئاشوبی جیهان» لە بنەڕەتدا پرسێکی دەرەکییە. دووەم ئەوەی کە لەم رەوتی جیاکاریە یان هێزە ناکرەهەندی و دەرووونداگرە کە ئۆرگانیزمەکان جیاکراوەنەتەوە. هەر ئۆرگانیزمێک فۆرم بە خاڵێکی دەرکپێکراو دەدات، یان بە دوو لایەندا دەکرێنەوە: بەرەو پشێوییێک کە لە رێگایەوە سەرهەڵدەدات بەرەو فۆرمی سنووورداری خۆی دەچێت. بۆ نموونە، خاوەنی دانەرێکی

سەقامگیر و گۆڕاوە. ئۆرگانیزمی مرۆیی بە ئەسەورێکی بنەڕەتی کە لە ڕێگایەوە دەردەکەوێت و بەرەو ئاشوب دەکرێنەوە، بەڵام ئەم کارە هەمیشە لە ڕێگای پێگەیەکی ناسراوی مرۆییەوە ئەنجام دەدرێت. دۆلۆز و گاتاری وەکو «دەربڕینی دووقات» ئاماژە بەم بابەتە دەکەن. حەیات، نەک فۆرمی داخراو، بەڵکو توێژگەلێک پێکدەهێنێت کە کەم تا زۆر شوێنگەلێکی پتەون کە لە ڕێگەی خولقانی جیاکاری لە نێوان رووە ناوەکی و دەرەکییەکان، لەخێرایی تەوژمی جیایی کەم دەکەنەوە. ئێمە دەتوانین بەمرووەی دووەم وەکو خولقاندنی باڵایی، یان جیهانێک لە تەوژمی ئیمانێسی حەیات تێفکرین: هەر ئۆرگانیزمێک کراوەیی تایبەتی خۆی بۆ جیهان هەیە.

سەرەنجام ئەوەی کە فەلسەفە یان تێفکرین بە رووی دەروون ماوەیی هەرگیز نە خودی ئاشوبە و نە گەڕانەوەی کامڵە بەرەو رووی سەرەتای «دژە قەڵەمڕەوی رەها»دا. دۆلۆز و گاتاری بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە، کە فەلسەفە پتەوی و ڕێکوپێکی دەبەخشێنە پشێوی و ڕێگای ئەوە بە ئێمە دەدات، کە بیر لە جیاوازییەکانی ئیمانێس (دەروونی بوون) بکەینەوە کە باڵایی پێکهێناوە. رووی ئیمانێس تێفکرینە بەرامبەر بەو شتەی کە زەمینەگەلێک پێکدەهێنێت. دۆلۆز و گاتاری لەو بڕوایەدان کە سەبارەت بە کۆگیتۆ و بکەر کە وەکو زەمینە پێکهاتوون، ڕوویەکی دەروونماوەیی لەپێشدا گریمانەکراو بوونی هەیە. پەیوەندییەکانی گومان، ناسین، دڵنیایی، مادە و ئەندێشە. رووی ئیمانێسی دانەرێکی دەرەکی و پۆستێ فەلسەفەیە لە هەندێک فەلسەفەدا. تێفکرین بەرووی ئیمانێس بە واتای تێفکرینی دەرەوەی گشتە، ئەم دەسەڵاتەی جیاوازی یان کردەیەک کە نەک هەر بە چالاکی گەلێکی وەکو هونەر و فەلسەفە، ڕێگای دەرک کردنی جیهان دەدات، بەڵکو ڕێگایان پێدەدات بۆ ئەوەی بیر لە جیاوازییەکی گەورە

بکەنەوە کە لە ڕێگایەوە جیهان دەردەکەوێت. تێفکرین لە ئیمانێس دەتوانێت فۆرمی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێت و چەندین جار تازە ببێتەوە. هونەرمەندان دەبێت بە شێوەی هەمیشەیی لە ناخی ئەزمووندا بتلێنەوە، بۆ ئەوەی ئیحساساتێک کە لە ڕێگای ئەوانەوە ئەزموونی ئێستای پێکهێناوە، ئازاد بکەن. فەیلەسوفان دەبێت ئەو چەمکانەی کە تەبایی دەبەخشێتە ئاشوب، دووبارە بخولقێنێننەوە، بەڵام دەبێت بەبێ وەرگرتنی وێنەیەک لە دەرەوە کە وەکو بنەمایەکی تر بەکار بێت، بۆ هەمیشە ئەندێشە بەرووی دەرەوەدا بکەینەوە.

فەیلەسوفەکان چەمکگەلێک دەخولقێنن، کە وەکو زەمینە، خاڵی ڕێککەوتن، دووبارە ناسینەوە هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو ڕێگا بە ئێمە دەدەن بیر لە جیاوازی، ناپەیوەستبوون و ئاشوبێک بکەینەوە کە ئێمەیان دەورە داوە و لە نێوانمانەوە تێپەڕ دەبێت.

دۆلۆز ژمارەیەک چەمکی وەها دێنێتە ئاراوە و ئاماژە بە فەیلەسوف گەلێک دەکات، کە ئیمانێس ڕەتدەکەنەوە. بۆ نموونە، باروخ سپینۆزا (1632–77) لە بەرچاوگرتنی خواوەند وەکو بوونێکی دەرەکی کە جیهانێکی جیاوازی خولقاندووە، ڕەتدەکاتەوە. ئەگەر ئێمە وەکو خولقێنەرێکی ناوەکی سەیری خواوەند بکەین، شتێک جگە لە خواوەند دەتوانێت بوونی هەبێت، لەم حاڵەتەشدا خواوەند ناتوانێت ڕەها بێت. بەم پێیە لەلای سپینۆزا خواوەند شتێک جگە لە گەوهەری بەیان نییە و بەیانیش شتێک نییە جگە لە گەوهەر. بەم جۆرە نییە کە سەرەتا گەوهەرێک هەبێت کە دواتر خۆی بە شێوی جۆراوجۆر بەیان بکات. لێرەدا تەنها جیاوازیەکانی بەیان بوونیان هەیە، بە بێ ئەوەی هیچ بەیانێک پەیوەندی بە پرسێکی دەرەکیەوە هەبێت، یان زەمینە بۆ بەیانەکانی دیکە فەراهەم بکات. بەدەر لە سپینۆزا،

ئەمە تەنها بەهۆی ئایدیا بەرتەسکەکانی ئێمەوەیە کە ناچارین جیهان وەکو شتێک کە لەسەر بنەمای گەوهەری جیاواز و دوور لەیەک لەبەرچاو بگرین.

ئەمە تەسەوری بەرتەسکی ئێمەیە کە خواوەند وەکو پیرە پیاوێک لە شێوازێکی باوکانەدا لە بەهەشت دەبینین. ئایدیایەکی کامڵیش دەتوانێت تێکڕای هەستی و ژیان وەکو دەربڕینێکی رەها لەبەرچاو بگرێت، کە زەمینەیەکی بەدەر لە خودی تێدا نییە. خواوەند ناتوانێت تەنێکی جیاکراوە و عەینی بێت، بەڵکو خواوەند هێزێکی بێکۆتاییە کە تێکڕای حەیات و هەستیە. بەم پێیە ئایدیای تەواو و کامڵ ئێمە لە بەرتەسکییەکانی تەسەورمان ئازاد دەکات و داوا لە ئێمە دەکات لەو دیوی خۆمانەوە تێفکرین. بەم هۆیە فەلسەفە دەتوانێت دۆلۆز لەسەر ئەم رووەی سپینۆزا پێداگری دەکات، زەیندوو و کردەیی بێت: گەشەی ئەو ئایدیایەی کە بەرامبەر بە جیهان هەمانە، لە دۆخی لەپێشدا پێناسەکرا و بەرەو تێفکرین لە هێزێکی دەربڕین کە ئەم دۆخە پێکدەهێنێت. ئیمانێس لەلای دۆلۆز مەسەلەیەکە بە رەهەندێکەوە لە داهاتوودا.

ئێمە دەبێت شێوازگەلێک بۆ تێفکرین بخولقێنین، کە رێگا بە پێکهێنانی وێنەی باڵا نادات، کە ئەزموون سنووردار بکات و شرۆڤەی بکات. بەم هۆیە دۆلۆز هەمیشە چەمک و دەستەواژەی نوێی دەخولقاندووە، تەنانەت روانگە جیاوازەکانی لە کارێکی هاوبەشدا ئاوێتە دەکرد، شتێکی وەکو دەنگە چەند رەهەندەکانی هەزار دەشت. شتێکی وەکو تۆمارکردنی دەنگەکان، چەمکەکان، دیمەنەکان رێگری لەوە دەکەن، کە ئێمە وا بیر بکەینەوە کە تێکڕای هەستی دەتوانێت تێبگەیەنرێت. ئەگەرچی، هاوکات ئەوەی کە گشتیەتی هەستی لەو دیوی تێگەیشتنی ئێستاوەیە کە ئێمە هەمانە، بەو واتایە نییە کە ئەندێشە ناتوانێت بە هەوڵەکانی بۆ تێفکرین سەبارەت بەو

گشتە لەگەڵ خۆی رووبەڕوو بێتەوە و خۆی ژێرەوڕوو بکات. کتێبەکان و چەمکە تایبەتەکانی دۆڵۆز شایەتی ئەو ئیدعایەن، دۆڵۆز بە خوڵقاندنی دەقی دژوار، ناباو، شۆڕشگێڕانە، ئەو شێوازە دەگۆڕێت کە ئێمە لە رێگایەوە خۆمان دەبینین.

ئێمە ئیتر بکەرگەلێکی لێکجیاکراوە نین، کە هەستی لە رێگەی تێفکرینی تیۆرییەوە ببینین. لە رێگای دۆڵۆزەوە، دەتوانین ئەم پرسیارە دەستپێبکەین کە ئێمە هەین و لەوانەیە چیمان لێبێت. تێفکرین لە ئەزموون وەک گشتێکی کراوە و ئیمانێس، ئەم مەسەلەیە پەسەند دەکات، کە هەر پێشهاتێکی نوێی ئەزمون، چییەتی ئەزموون دەگۆڕێت و لەم رێگایەوە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم پێکهاتنی زەمینەی کۆتایی و داخراودا بۆ ئەزموون. بەم جۆرەیە کە ئیمانێس بۆ دۆڵۆز تەنها فەلسەفەی راستەقینەیە. ئەگەر رێگا بدەین ئەندێشە بنەمای باڵای هەبێت - شتێکی وەکو هزر، خواوەند، حەقیقەت، یان گەوهەری مرۆیی ئەندێشە رادەگرێت. ئەگەر ئیمانێس بۆ دۆڵۆز فەلسەفە بێت، ئەخلاقیشە، رێگەنەدان بەوەی کە وێنەیەکی تاک کە خۆی بە سەرتر لە شتەکانی تر دەزانێت، ئەزموون بەرتەسک بکەنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بۆ پێناسەکردنی ئیمانێس ئاماژەمان بە ئەزموون کرد. بەو هۆکارەی کە ئێمە ناتوانین وێنە بکەینە بنەمای ئەزموون، بەڵام لێرەدا چ مانایەک لە ئەزموون بەدەستەوە دەدەین و ئەوەی کە رێگری لە ئەزموون دەکات، وەکو بنەمایەکی «باڵایی» بکرێت، چییە؟ ئەم بابەتە ئێمە دەگەیەنێتە ئەزموونگەرایی دۆڵۆز و جارێکی تر باسی خاڵی بە یەکگەیشتن و جیاوازی فەلەسەفە و هونەر دەهێنێتە ئاراوە.

**ئەزمونگەرایی**

ئەزموونگەرایی لەلای دۆلۆز شتێکی زیاتر لە تیۆریەکی فەلسەفی یان پابەندبوون بە مەکتەبێکی تایبەتی ئەندێشە نییە. ئەزمونگەرایی ئەخلاق و سیاسەتە، بە شێوەی نەریتی ئەزمونگەرایی لە بەرامبەر ئایدیالیزمدا پێناسە کراوە. ئایدیالیزم دەربارەی لەپێش بوونی ئایدیاکان قسە دەکات. بۆ ئایدیالیستێک تەنها رێگایەک کە دەتوانین جیهانێکمان هەبێت و تەنها رێگایەک کە ئەزموونی تێدایە، ئایدیاگەلێکی بنچینەیین، کە دەتوانن جیهان رێکبخەن و سەقامگیری پێببەخشن. بۆ نموونە بەبێ ئایدیاکانی هۆکاری و گەوهەر، ئەو پێدراوانەی وەریدەگرین تەنها دەتوانن تەوژمێکی هەڵکەوتی و نا ڕێکوپێک بن. ئێمە تەنها جیهانێکمان هەیە، چونکە ئەوەی وەریدەگیرین - ئەزموونی فێرکراو - لەلایەن ئایدیاکان شرۆڤە و رێکخراوە. بەم پێیە ئایدیالیزم، پابەندبوون بە خەیاڵێکە لە بکەریەک. جیهان خۆی وەکو جیهان رێکدەخات و پتەو دەکات. لەوانەیە وا لێکبدرێتەوە کە ئایدیالیزم لقێکی تایبەتە لە فەلسەفە، بەڵام ئایدیالیزم شتێکی زیاتر لەمەیە. ئەمڕۆ، لە زۆربەی تیۆریە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیەکاندا، وەکو شتێک کە لە رێگای زمان و کولتورەوە «دروستکراوە» دەڕوانینە جیهاندا. تەنانەت بە شێوەی باو، کاتێک کە ئاماژە بە جیهان دەدەین ، لە راستیدا ئاماژەمان بە جیهانی هاوبەشی مرۆیی کردوە کە دەیناسین . ئێمە بە گژو گیا، خانەکان، یان ئۆتۆمبێلەکان بە شێوەیەک کە خۆیان جیهانێکی رێک و پێکیان هەیە، تێنافکرین، چونکە تەنها ئاماژە بە جیهانێک دەدەیـن، کە لە رێگای ئایدیاکانەوە تەسەور کراوە و وێناکراوەتەوە. ئایا ئاژەڵەکانیش جیهانیان هەیە؟ سەگێک لەوانەیە جیهانێکی هەبێت، بەڵام ئایا ماسی سوور یان قالۆنجەش جیهانیان هەیە؟ بۆ ئایدیالیستێک ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە، تەنها داتایەک

نییە، بەڵکو داتایەکە کە فۆرم بە هەندێک لە گشتە دەرککراوە مانادارەکان دەداتێ. ئەمەش ئیمتیازێکە کە دراوە بە هۆشیاری یان ئەزمونێکی ناسراو و شرۆڤە کراو. ئایدیالیزم پشتڕاستی دەکاتەوە کە ژیان یان جیهانی راستەقینە لە دەرەوەی ئایدیاکانی ئێمەیە، بەڵام پێداگری دەکاتێ کە ئەم ژیانە یان «ئەمری واقیع» لەلایەن ئایدیاکانەوە نێوانکاری کراوە و ملکەچ بووە. ئەمری واقع هەمیشە پرسێکی راستەقینەیە، کە لە ڕێگای ئایدیاکانەوە دراوە. دۆڵۆز لە دژی نێوانکاری (medititation)باس دەکاتێ. ئەو پێداگرە لە سەر ئەوەی کە بەو جۆرە نییە، کە سەرەتا هەستی یان حەیاتێ بوونی هەبێتێ و دواتر ئەو هەستیە لە ڕێگای ئایدیاکانەوە نێوانکاری بکرێتێ و دیسیپلیندار بێتێ. هەستی بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بێ ناوکۆیی ژیاوە. ئێمە تەسەور یان ئایدیایەک لە خۆر وەرناگرین، بەڵکو خودی خۆر ئەزمون دەکەین. لە راستیدا بەدەر لە ئایدیاکانی ئێمە بۆ نەزمدان بە جیهان، جیهان خۆی ئایدیا یان وێنەگەلێک پێکدەهێنێتێ، کە ئێمە کاریگەریەکانی ئەوانین.

ئەزمونگەرایی، لە بەرامبەر ئایدیالیزمدا، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئایدیاکان نەزم بە ئەزمون نابەخشێتێ، ئایدیاکان دەرەنجامی ئەزمونن. هیچ دۆخێکی دەرەوەی جیهان، وەکو بکەر بوونی نییە، کە جیهان ڕێگا بداتێ پرسێکی دیار و روون بێتێ. ئەزمونگەرایی خۆی بە دۆخگەلێکەوە گرێدەداتێ کە زیاتر نییە لەوەی کە روون و ئاشکرا و مەرجدارە. روونتر قسە بکەین، ئێمە ناتوانین لە بکەرکان و ئایدیاکانەوە بۆ شیکردنەوەی جیهان و ئەزمون کەڵک وەرگرین، ئێمە دەبێتێ بۆ ئەم بابەتە پاساوێکمان هەبێتێ کە چۆن بکەر لە ئەزمونەوە شکڵی گرتووە. ئایدیالیستێک دەتوانێتێ بەڵگەی ئەوە بهێنێتەوە، کە ئێمە جیهانێکی ڕێک و پێکی هۆکاریمان هەیە، چونکە لە ڕێگای ئیدیای هۆکارێتیەوە، ئەزمونەکان پێکەوە گرێدەدەین.

ئەزمونگەرایەک بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە ئەزمونێک لە گەڕان بوونی هەیە، ئەم ئەوگەڕانەش لە کۆتاییدا دیاردەی هۆکارێتی پێکدەهێنێت، وەکو a و بەدوایدا b.

ئایدیاکان رەنگدانەوەی ئەزمونن و لە رێگای ئەزمونەوە فۆرمیان گرتووە. بکەر خولقێنەری ئایدیاکان نییە، بەڵکو ئەوە ئەزمونە کە لە زەیندا روو دەدات و لە رێگای کۆمەڵێک لە ئەزمونەکانەوەیە کە بکەر شکڵ دەگرێت. فۆرم شتێکی زیاتر لەو شوێنە نییە، کە ئەزمون تێیدا روودەدات. (دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە شوێنگەی دیکەش هاوشێوەی ئەزمونی نازەینی بوونیان هەیە) زەین کاریگەری a و دواتر b وەردەگرێت. زەین ئەم کاریگەریانە پێکەوە گرێدەدات و دواتر ئاوێتەیان دەکات، بەڵام بۆ دۆلۆز ئەو خاڵە لە ئارادایە کە ئەوە بکەر نییە ئەو پەیوەندیە گرێدەدات، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە پەیوەندی بوونی هەیە و زەین شتێک زیاتر لەو شوێنە نییە کە پەیوەندی تێیدا روودەدات.

قۆناغ یان رووی دواتر قۆناغێکی سەرنجڕاکێشترە. پەیوەندی «a» و دواتر «b» لە رێگەی رەوتی زەمەنەوە مەیسەرە. ئەم بابەتە دیسان دووپات دەبێتەوە و ئەمەش بە وردی بە هۆکاری سروشتی ژیانە کە شتەکان جاروبار پێکدەهێنێت.

لەلایەک، زەین تەنها «a» و دواتر «b» نیشان نادات، بەڵکو وەکو چاوەڕوانی «b» دەکات و پێشبینی دەکات. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین خۆر هەڵبێت، ئێمە چاوەڕوان دەکەین دراوسێکەمان سڵاومان لێبکات، یان چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کۆمەڵگەی زیاتر هاوشێوەی کۆمەڵگەی ئێمە بن. ئەم چاوەڕوانییانە هۆکارێک درووست دەکەن: شتێکە وەکو ئایدیای «یاسای سروشت» کە دەبێتە هۆی هەڵاتنی خۆر یان یاسای سروشتی مرۆیی کە

هەمووی ئێمە دەکاتە هاوشێوە. لە چاوەڕوانیدایە کە زەین شتێک زیاتر لە هێزی پەیوندیەکان نییە. لە رێگای چاوەڕوانی رووداوێکەوەیە کە زەین لە ئەزمون (یان داتا) ئەولاتر دەچێت روو لە داهاتوو دەکات. زەین ئەمکارە بە لکاندنی ئێستا بە رابردووەوە ئەنجام دەدات. وەکو بەشێک لە رەوتی خولقێنەرانی ژیان، لە دڵی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئایدیای بەرووبوومەکان تەسەورن. بەم حاڵەشەوە، ئەو ئایدیایانەی کە لە ئەزموون سەرتر دەچن، گەشە بە ئەزموون دەدەن. ئەوان ئەزموون بە روانگای سوبژکتیڤ یان (کەماڵخوازی) بە جیاوازی رێکناخەن و درووست ناکەن.

ئەم بابەتە لەوانەیە زۆر ئابستراکت بەرچاو بکەوێت، بەڵام دوو دەرەنجامی سیاسی گەورەی دەبێت. یەکەم ئەوەی کە ئێمە ناتوانین ئەزموون وەکو ئەزموونی بکەرکان سەیر بکەین، ئاستی شەخسی نەبوو، نامرۆیی، بێ ناونیشانی ئەزموون لە ناسین تا جیهانی مرۆیی ئەولاتر دەچێت، جۆرەکانی ئەزموون، ئێگەیشتنەکان، یان کاریگەری بوونی هەیە: دەوەنەکان تیشک وەردەگرن، ماسولکەکانی جەستە راکێشان ئەزموون دەکەن، جینەکان جووڵەی ڤایرۆسی ئەزموون دەکەن، بکەری مرۆیی دەرەنجامی کۆمەڵەیەکی تایبەت لە پەیوەندییەکان ئەزموون دەکات. لە رێگای کاریگەریە مادییەکانەوە زانیاری هەستەکان لە رێگای جەستەوە وەردەگیرێت - زەین فۆرم دەداتە ئایدیا رووت و نامادییەکان: چاوەڕوانی داهاتوو، ئایدیای ئەزموونی گشتی مرۆیی، ئایدیای» خود و ئایدیای جیهانی یاسا و رێکخراو.

ئەزموون تەنها تایبەت بە ئەزموونی مرۆیی نییە، واتا چەند رەهەندی بوونی جیهان لەئارادایە. ئێمە دەبێت خەیاڵی ئەزموون بە شێوەیەک گەشەپ ێبدەین کە ئێکڕای وەڵامدانەوە و کاریگەرییەکان ژیان دەنەخشێنن، لەخۆ دەگرێت. ئەم بابەتی کاریگەرییەکانی جەستە بەر لەوەی لەلایەن

ئایدیاکانەوە ڕێکبخرێت، کاریگەرییەکانی ئەودیوی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت: تێگەیشتنە خانەییەکان و هێڵی نا ئۆرگانیکی جیاوازیش بوونی هەیە. بکەری مرۆیی ئاسەواری هەموو ئەم دۆخگۆڕیە جۆراوجۆرەیە، کاریگەری هەموو ئەم پەیوەندیە خانەیی، جێنێتێکی، ماددی و موجەڕەدەیە، کە لە ئۆرگانیزمەکانەوە تێپەڕ دەبێت.

**سەرچاوە:**

-ژیل دولوز،کلرکولبروک، ترجمە رضا سیروان، ویرایش تحریریەی نشر مرکز، دبیر مجموعە: پیام یزدانجو، طرح جلد از ابراهیم حقیقی، چاپ اول 1387، شمارە نشر891، 3000 نسخە، چاپ کانون چاپ، شابک: 2 - 987-964-305-984

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |